WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (334) دووشەممە 2014/11/17 26ی گەلاڕێزا... (750) دینار

## 67 پەنابەری کورد 16 ساڵە لە دوورگەیەک گیریان خواردووە

**ڕووداو- گاردیەن**

لەکۆی 74 پەناخوازی کورد کە لە ساڵی 1998دا بەلەمەکەیان لەناو دەریای ناوەڕاست لەنزیک ئاوەکانی دوورگەی قوبرس پەکیدەکەوێ و لەلایەن یەکەیەکی سەربازیی بەریتانییەوە ڕزگار دەکرێن، هێشتا 21 کەس لەوانە هەر لە گوندێکی دوورگەی قوبرس ماونەتەوە و چاوەڕێن حکومەتی بەریتانیا بیانباتە وڵاتەکەی. بەو منداڵانەوە کە لەو گوندە لەدایکبوون و بە هاتنی چەند خێزانێکی نوێوە، ئێستا ژمارەی پەناخوازەکانی ئەو گوندە گەیشتووەتە 67 کەس. نیوەی زیاتری ئەو ژمارەیە منداڵن و ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکیان نییە.

لەیالی ئیبراهیم کە مانگی ڕابردوو 16هەمین ساڵیادی لەدایکبوونی بوو، یەکێکە لەو منداڵە کوردانەی کە شەوێک پێش ئەوەی ڕزگار بکرێن، لەناو بەلەمێکی ماسیگرتن لەناوەڕاستی دەریا لەدایکبووە. ئەو پەناخوازانە بوونەتە مایەی کێشەیەکی گەورە لەنێوان قوبرس و حکومەتی بەریتانیا کە هیچیان ئامادە نین وەک پەنابەر قبووڵیان بکەن.



### لە پشدەر بە سواری کەر دەچنە قوتابخانە

16

مەشعان جبووری :

### عێراق ئەو کاتە ئیسراحەت دەکات کە کوردستان ببێتە دەوڵەت

5





### عەممار بە پارەی هاوڕێکانی چووە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ

12

داوای ڕوونکردنەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

# دەستەی نەزاهە لە 83 بندیواری پلە تایبەت دەکۆڵێتەوە

3 »






رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (334)   دووشەممە   2014/11/17

## تواناسازییەکان دادەمەزرێن



**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا مژدەی دامەزراندن بە دەرچووانی بەرنامەی تواناسازی دەدات. لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، لەئەنجامی گفتوگۆی نێوان د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەرنامەی تواناسازی، دواجار ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وەڵامی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دایەوە و رەزامەندی نیشاندا بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەرنامەی تواناسازی".

**103 رۆژ لە گرتووخانەی داعشدا**

# "داعش لە زیندان بەدوای فڕۆکەواندا دەگەڕا"

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- سۆران**

ئەوکاتەی پارێزگای مووسڵ دەکەوێتە دەست داعش، خۆی و خێزانەکەی رزگاریان دەبێ و روو لە هەولێر دەکەن. دوای ئەوەی رەوشەکە ئاسایی دەبێتەوە، وەسمان جارێکی دیکە دەچێتەوە مووسڵ بۆ ئەوەی ماڵەکەی بگوازێتەوە هەولێر، بەڵام لە بازگەی گۆگ جەلیل لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی 103 رۆژ لە گرتووخانەکانی ئەواندا دەمێنێتەوە و دواتر ئازاد دەکرێت.

وەسمان عەبدولڕەحمان یونس گەردی، زیاتر لە 20 ساڵە لە مووسڵ دەژی، وەک خۆی دەڵێت لەوێ وەکو سەرۆکی عەشیرەتێک ناوی دەرکردووە و ئەندامێکی ئاسایی لقی 14ی پارتی بووە. بەڵام کاتێک لە 2014/6/23 لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر دەکرێت، چەند پلەیەکی بۆ دادەتاشرێت، وەک کادیری پێشکەوتووی لق و ئەفسەری ئاسایش.





### زیندانێک بۆ هەمووان

وەسمان گەردی دەڵێت دوای دەستگیرکردنی راستەوخۆ براوەتە (خانەی پێشوازی) کە پێشتر باڵەخانەیەکی ئەمنی حکومەتی عێراق بووە و لەلایەن داعشەوە کرابووە زیندانێکی گەورە، هەر کەسێک گومانی لەسەر بوایە، یان پێشتر پلە و پایەی هەبوویێت لەنێو حیزبە کوردییەکان و دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق، لەوێدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا و دواتریش رەوانەی زیندانەکانی دیکە دەکران.

دوای دووجار بۆردومانکردنی دەوروبەری زیندانەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە، داعش ناچار دەبێ گیراوەکان بگوازێتەوە بۆ گرتووخانەی نەوجەوانان. گەردی دەڵێت "گرتووخانەکە هیچ کاتێک لە 500 گیراو کەمتری تێدا نەبوو، گیراوەکانیش بەجۆرەها شێواز ئەشکەنجە دەدران".

وەسمان دەڵێت هەر کەسێک رۆژێک بچێتە ئەو زیندانە، ناوی ئەبو موسعەب، ئەبو رەعد، ئەبو حەمزەی عێراقی لەبیرناکات "ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ گیراوەکان دەکرد و خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستی ئەوان کوژران".

سەبارەت بەوانەی لە گرتووخانەکەدا بوون، وەسمان گوتی "4 کاندیدی هەڵبژاردنەکانی پێشووی لێبوو، هەر لە دکتۆر و مەلاوە بگرە تاوەکو وەرزشوانی تێدابوو، تەنانەت 6 کرێکاری بەنگلادیشیش لە زیندانەکەدا بوون کە پێشتر لە ماڵی پارێزگاری تکریت کاریان کردبوو".

### داعش بە دوای فڕۆکەواندا دەگەڕا

وەسمان هێما بۆ ئامانجێکی مەترسیدار دەکات کە چەکدارانی داعش کاری بۆ دەکەن و بە دوایدا وێڵن، ئەویش دەستکەوتنی فڕۆکەوانە. ئەو دەڵێ "چەند کەسێکی بە تەمەن لەنێو گیراوەکاندا هەبوون کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا پلەی زۆر بەرزیان هەبووە لەنێو سوپادا، بۆ نموونە یەکێک لەوان پلەی قاید فیرقە بوو کە بەشداری لە شەڕی داگیرکردنی کوێتدا کردبوو، ئەوان دەیانگوت داعش تەنیا لەبەر ئەوە گرتوونی، تاوەکو ناوی چەند کەسێکیان پێبدەن کە لەسەردەمی رژێمی سەدام حوسێندا فڕۆکەوان بوون، ئەوانیش بە داعشەکانیان دەگوت کە زۆر دەمێکە خانەنشینکراون و ئاگاداری هیچ شتێک نین". 950 کچی ئێزیدی لە زیندانی بادۆش بوون

هەروەکو وەسمان باسی دەکات، چەند چەکدارێکی داعش کە بەهۆی کوشتن و جگەرەکێشانەوە زیندانی کرابوون، بە زیندانییەکانیان گوتبوو کە 950 کچی ئێزیدی هێنراون بۆ زیندانی بادۆش، هەروەها باسیان لەوەش کردبوو کە بەشێکی زۆر لەو کچانە فرۆشراون بە عەشیرەتەکان، ئەوانی دیکەش بەسەر چەکدارەکانی داعشدا دابەش دەکرێن، یەکێک لە چەکدارە زیندانیکراوەکەی داعش لەلای گەردی باسی کردبوو کە کچێکی ئێزدی لێ مارە کرابوو.

### زیندانییەکان دەکرانە ئامانجی فڕۆکەکان

وەسمان گەردی پێیوایە داعش زیندانییەکان وەک تاکتیکی سەربازی بۆ بە هەڵەبردنی فڕۆکەکان بەکاردەهێنێت، بۆیە زوو دەبنە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکانی ئەمریکا. وەسمان دەڵێت "چەندین جار گرتووخانەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردومان کرا، جارێک کۆمەڵێک گەنجی زیندانیکراو کە خۆیان دەشووشت، بەر هێرشی فڕۆکە کەوتن و 15یان کوژران". گوتیشی "کە دوایینجار فڕۆکەکان زیندانەکەیان بۆردومان کرد چەند ئافرەتێکی زیندانی بوونە قوربانی".

گەورەترین هێرشی فڕۆکەکان بۆ سەر گرتووخانەکانی داعش وەک ئەو باسی کرد، لە رۆژی 2014/9/6 بوو "90 زیندانی بوونە قوربانی کە 22یان ژن بوون، هەروەها 6 بەنگلادیشییەکە چواریان گیانیان لەدەستدا و دووانەکەی دیکەش بە سەختی بریندار بوون، ژمارەیەکی زۆر لە گیراوەکانیش بریندار بوون کە من یەکێک بووم لە برینداره‌کان".

سەبارەت بەو پێشمەرگانەی لەلایەن داعشەوە بە دیل گیراون، وەسمان گوتی "لەو زیندانەی منی لێبووم نەقیبێکی پێشمەرگە بە ناوی ئەحمەد بامەڕنی و 6 پێشمەرگەی دیکەی لێبوون، دوای بۆردومانی فڕۆکەکان لە گیراوەکان جیاکرانەوە".

دادگای شەرعیی داعش، ئەو شوێنەیە کە چارەنووسی گیراوەکانی تێدا یەکلایی دەکرێتەوە. گەردی باسی دادگاکەی کرد و گوتی "چارەنووست یان ئازادکردن بوو بە بڕە پارەیەک کە لە 2500 دۆلار کەمتر نەبوو، یانیش کوشتن بوو، بۆ نموونە چاپچییەکی پارێزگاری مووسڵ بە 2500 دۆلار ئازاد کرا، پاسەوانێکی پرسگەی ئۆلۆمپی وەرزشی بە دەمانچەیەک ئازاد کرا".

وەسمان باسی چۆنیەتی دەربازبوونی خۆی دەکات لە زیندانی داعش و دەڵێت "سێ جار بردیانم لە سێدارەم بدەن، بەڵام دیارە ئەجەلم نەهاتبوو، هەموو جارێک بەبیانووی تەواونەبوونی لێکۆڵینەوە دەیانگەڕاندمەوە بۆ زیندان".

دوای مانەوەی 103 رۆژ لە زیندانەکانی داعش، وەسمان بەرەبەیانییەکی زوو لەگەڵ 100 گیراوی دیکە ئازاد دەکرێت.

# پیاوێک لەلایەن کوڕەکانیەوە دەکوژرێ

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- رواندز**

دوو رۆژ بوو لەبەرەکانی شەڕی دژی داعش گەڕابووەوە، ئەو رۆژە لە ترسی هاتنی سەرما و سۆڵەی زستان لەگەڵ خێزانەکەی سەرقاڵی چاککردنەوەی خانووەکەیان بوون، بۆ ئەوەی ئەو زستانە بێ هیچ کێشە و گرفتێک بەرێبکەن. نەیدەزانی کە ئەوە دوایین رۆژی ژیانیەتی و کوڕەکانی هەمان ئەو شەوە و لە شیرینی خەودا دەیکوژن.

شەوی 2014/11/14 لەگوندی رەژووکەریانی سەر بە ناحیەی وەرتێ لە قەزای رواندز، پێشمەرگەیەکی تەمەن 52 ساڵ بەناوی عوبێد محەممەد حەمەدەمین، کە باوکی 10 منداڵە، لە نێو ماڵەکەیدا لەلایەن کوڕەکانیەوە کوژرا.

محەممەد غەزالی، برازای عوبێد، باسی کوژرانی مامی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "مامم پێشمەرگە بوو، دوو رۆژ بوو لەبەرەکانی جەنگ گەڕابووەوە، ئەو رۆژە لەگەڵ مامۆژنم تا کاژێر 8 ی ئێوارە خەریکی چاککردنەوەی خانووەکەیان بوو، تاوەکو درەنگانی شەویش لەگەڵ مامۆژنم پێکەوە دانیشتوون و قسەیان کردووە و هیچ کێشە و گرفتێکیان نەبووە، بەڵام دوای کاتژمێر 12 لە شیرینی خەودا بە دوو گوللە دەکوژرێت، یەکێک لە گوللەکان بەر شانی و ئەوەی دیکەش بەر پشتی کەوتبوو".

محەممەد رەتیکردەوە عوبێدی مامی کێشەی لەگەڵ کەس هەبوبێت و گوتی "کەسێکی زۆر قسە خۆش و خۆشەویست بوو لای خەڵکی ناوچەکە، تا بڵێی کەسێکی سادە بوو، ئەگەر کێشەیەکی زۆر بچووکیشی لەگەڵ هەر کەسێک هەبووایە باسی دەکرد، ئەو هەم مام و هەمیش هاوڕێم بوو، لەو ماوەیەدا هیچ شتێکی وای بۆ ئێمە باس نەکردووە کە کێشەی لەگەڵ کەس هەبوبێت".

هەروەکو غەزالی باسی دەکات، ئەوان گومانیان لە کەس نییە، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە تاوەکو ئێستا کەس نەگیراوە لەسەر ئەو رووداوە، تەنیا دەڵێ "لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکە تەواوی بەڵگەکان کۆکراونەتەوە و بە مەبەستی لێکۆڵینەوەش کوڕەکانی و کەسە نزیکەکانی مامم بانگ کران و دوای ماوەیەکی کورت نێردرانەوە، تەنیا یەکێک لەکوڕەکانی کە تەمەنی 18 ساڵە ئەوە ماوەیەکە لای ئاسایش راگیراوە".

بەڵام پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پیاوە لەلایەن کوڕەکانیەوە کوژراوە". نەقیب محەممەد عەلی، بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران گوتی "دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کە 3 لە کوڕەکانی دەستیان هەبووە لە کوشتنی باوکیان کە تەمەنیان (25 و 18 و 15) ساڵن".

نەقیب محەممەد گوتیشی "دوو لە کوڕەکانی دانیان بە تاوانەکەدا ناوە بەتایبەت (س) ی تەمەن 18 ساڵ کە ئەو ئەنجامدەری کوشتنەکە بووە و دوو برایەکەی دیکەشی هاوکارییان کردووە".

سەبارەت بەهۆکاری کوشتنی ئەو باوکە لەلایەن کوڕەکانیەوە، نەقیب محەممەد عەلی گوتی "وەک لە لێکۆڵینەوەی پۆلیس باسیان کردووە، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە چارەی باوکیان نەویستووە، هەر بە چەکی باوکیشیان تاوانەکەیان ئەنجام داوە".



# 21 رۆژە گەنجێکی چوارقوڕنە بێسەروشوێنە

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- چوارقوڕنە**

گەنجێکی شارۆچکەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای رانیە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین دیار نامێنێ، لەناو خەڵکی وا بڵاوبووەتەوە کە چووەتە ناو داعش، بەڵام کەسوکارەکەی ئەوە رەتدەکەنەوە.

ئەو گەنجە کە ناوی هەڵمەت ئەحمەدە و تەمەنی 20 ساڵە، لە پۆلی 12ی ئامادەیی بووە و لە قوتابخانەیەکی ئێواران لە چوارقوڕنە دەخوێنێت، ماوەی 21 رۆژە لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە.

ئەحمەد حەسەن، 45 ساڵ، کە باوکی هەڵمەتە، باسی ونبوونی کوڕەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "باوکم و براکەم لە فەریزەی حەج گەڕابوونەوە، ئەو لەلای ئەوان خزمەتی ئەو میوانانەی دەکرد کە بەمەبەستی بەخێرهێنانەوەیان دەهاتن، بەڵام لای ئێوارە دیار نەما، من وامزانی چووەتە خوێندنگا، بەڵام شەو نەگەڕایەوە، چەند جارێک پەیوەندیمان پێوە کرد، کەچی مۆبایلەکەی داخرابوو".

ئەحمەد حەسەن دەستبەجێ هێزە ئەمنییەکان ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ زانیارییەکیان لەسەر ونبوونی کوڕەکەی دەستنەکەوتووە.

لەناو خەڵکی شارۆچکەی چوارقوڕنە دەربارەی دیارنەمانی ئەو گەنجە دوو دەنگۆ بڵاوبوونەتەوە، هەندێکیان دەڵێن چووەتە ناو داعش، بەهۆی ئەوەی کە کەسوکارەکەی بە تایبەت باوکی و مامی سەلەفین، هەندێکی دیکەش دەڵێن چووەتە ناو پەکەکە.

باوکی دەڵێت "تاوەکو ئێستا نازانین لە کوێیە، بەڵام دڵنیاین کە نەچووەتە نێو داعش، چونکە کوڕەکەم لەڕووی دینەوە باش نەبوو، کە هەڵاتبێت رەنگە لەبەر نوێژکردن هەڵاتبێت جا چۆن دەچێتە ناو داعش. رۆژێک نوێژی دەکرد سێ رۆژ نەیدەکرد، جلوبەرگ و قژەکەی بە شێوەیەک بوو کە سەلەفییەکان ئارەزووی ناکەن و تەنانەت کە بەیەکەوە دەڕۆیشتین پێم شەرم بوو بڵێم کوڕمە".

باوکی رەتیکردەوە کە لەسەر ئەو شتانە سەرکۆنەی کردبێ "من هیچم پێنەدەگوت لەسەر جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت".



هەڵمەت تەنیا برایەکی لە خۆی بچوکتری هەیە و باوکی هەڵمەت دەڵێت "کوڕەکەم زۆر لا شەڕ بوو، زۆریش لە خوێن و تەرم دەترسا، بۆیە دڵنیام نەچووەتە نێو داعش، بەڵام رۆژێک بەر لە ونبوونی لەلای یەکێک لە دراوسێکانمان گوتوویەتی با بچینە ئەورووپا، بۆیە گومانم هەیە رۆیشتبێتە ئەوروپا، هەرچەندە هیچ پارەیەکی پێ نەبووە و هیچ کات لای ئێمە نەیگوتووە دەچمە ئەوروپا، ئەوە 21 رۆژە بەدواییدا دەگەڕێم و مۆبایلەکەی داخراوە".

هەروەها گوتی "کوڕەکەم ناسنامەی لەگەڵ خۆی بردووە".

هەڵمەت جگە لەوەی خوێندکار بوو، جاروبارێش لە سەرتاشخانەیەک کاری دەکرد.

مەلا عیرفان، مامی هەڵمەت، یەکێکە لە سەلەفییەکانی ناحیەی چوارقوڕنە، دڵنیایە برازاکەی نەچووەتە نێو داعش "چونکە کەسێکی دیندار نەبووە و برادەرەکانیشی هەروا بوون، دیار نییە لەکوێیە".

سەبارەت بە ونبوونی ئەو گەنجە (رووداو) پەیوەندی بە رائید محەممەد فازڵ، لێپرسراوی راگەیاندنی ئاسایشی راپەڕینەوە کرد و ناوبراو رایگەیاند "جارێ لێکۆڵینەوە لە ونبوونی ئەو گەنجە دەکرێت، زانیاریمان نییە چووەتە کوێ".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (334) دووشەممە 2014/11/17



## نەوزاد هادی دەستلەکاردەکێشێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، کە هاوکات سەرۆکی لیستی پارتی بوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەستی لەکار کێشایەوە و تەنیا وەک پارێزگاری هەولێر دەمێنێتەوە. هەمزە حامد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەوەی نەوزاد هادی دیسان پۆستی پارێزگاری هەولێری وەرگرتووە، لە ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەستی لەکار کێشاوەتەوە و بەپێی ڕیزبەندی لە لیستی پارتی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بارزان سوارە دێتە ناو ئەنجوومەن لە جێگای نەوزاد هادی".

### داوای ڕوونکردنەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

# دەستەی نەزاهە لە 83 بندیواری پلە تایبەت دەکۆڵێتەوە

**ڕەنجە جەمال**
**ڕووداو – هەولێر**

دەستەی نەزاهە داوای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان دەکات دەربارەی ئەو کەسانەی پلەی تایبەتی "معوەم"یان هەیە، داواش دەکات بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان یان خانەنشین بکرێن.

"پلە تایبەتی معوەم" بەو کەسانە دەگوترێت کە پێشتر لە وەزیفەدا بوون، بەڵام ئێستا هیچ وەزیفەیەکیان نییە، کەچی مووچە وەردەگرن. دەستەی نەزاهەش داوا دەکات کە وەزیفەیان بدرێتێ، یان خانەنشین بکرێن.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون 83 کەس ئەو پلەیەیان هەیە، پلەکانیش لە بریکاری وەزیرەوە دەستپێدەکات تاوەکو بەڕێوەبەری ناحیە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانە، ئەو 83 کەسە پۆستەکانیان بەمشێوەیە: 2 بریکاری وەزیر، 3 جێگری پارێزگار، 17 بەڕێوەبەری گشتی، 26 قایمقام، 30 بەڕێوەبەری ناحیە و 5 ڕاوێژکار. مووچەکانیشیان بەپێی پلەکانیان لە ملیۆنێک و 63 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 4 ملیۆن دینار. کۆی گشتی مووچەی ئەمانە لە مانگێکدا دەگاتە 226 ملیۆن و 858 هەزار و 300 دینار.

بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو پلە تایبەتە معوەمانە چەند ساڵێکە مووچە و دەرماڵە وەردەگرن بەبێ ئەوەی هیچ دەوامێک بکەن.

دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 169 لە ڕۆژی 9/9/2014 داوای لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە لیستی ناوی ئەو پلە تایبەتانەیان بۆ بنێرێت. ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە نووسراوی ژمارە 6994 لە ڕۆژی 6/11/2014 وەڵامی دەستەکەی داوەتەوە و ناوەکانی بۆ ناردوون.

بەپێی ئەو لیستەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستەی دەستپاکی ناردووە، وەزارەتی ناوخۆ زۆرترین پلە تایبەتی معوەمی هەیە، کە ژمارەیان 55 کەسە و زۆربەیان قایقمام و بەڕێوەبەری ناحیەن.

موشیر ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و لێکۆڵینەوە لە دەستەی دەستپاکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بوونی ئەو پلە تایبەتانە کە بە معەوەم ناسراون هۆکاری مێژوویی هەیە، زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک لە زۆنی سەوز چەندین بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام و جێگری پارێزگا و پلەی دیکەی باڵا دانرابوون بۆ ناوچەکانی زۆنی زەرد، بە پێچەوانەوەش پۆستی ناوچەکانی زۆنی سەوز لە لایەن بەرپرسانی زۆنی زەرد دیاریکرابوون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێستا چەندین بەڕێوەبەری بێ ناحیە و قایمقامی بێ قەزا و جێگری پارێزگاری بێ پارێزگا و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی هەبن کە دەوام ناکەن، یاخود هیچ ئەرکێکیان نییە و مووچەی خۆشیان وەردەگرن". سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کەسانە لەلای دەستەی دەستپاکی، موشیر ڕەشید گوتی "کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بەپێی یاسا خانەنشین بکرێن، یاخود پۆست و ئەرکی دیکەیان پێ بسپێردرێت، لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەریدەگرن".

بەپێی یاسا هەر کەسێک لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەریدەگرێ دەبێت کارێک بکات و ئەرکی پێ بسپێردرێت. بەڵام ئەو معەوەمانە جگە لەوەی دەوام ناکەن، وەک هەر فەرمانبەرێکی حکومەت ساڵانە مووچەکەیان زیاد دەبێت، ئەویش بەهۆی تەرفیع و عەلاوە.

فرسەت سۆفی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەو کەسانە کە مووچە وەردەگرن و دەوام ناکەن یاخود هیچ ئەرکێکیان نییە ، هیچ یاسایەک نایانگرێتەوە، وەرگرتنی مووچەکەیان نایاساییە. فرسەت سۆفی گوتیشی "ئەو کەسانەی جێگری پارێزگار، قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەن کە لەو پۆستانە نامێنن، دەبێت ڕاژەکانیان بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە و ئەرکیان پێ بدرێت، یان ئەگەر تەمەنی گەیشتووەتە ئاستی خانەنشینی، دەبێت بەپێی یاسا خانەنشین بکرێ. بۆ بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزیر و ڕاوێژکاریش بە هەمانشێوە، بۆیە هەر کەسێک هەر ناونیشانێکی هەبێت دەبێت لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەریدەگرێت ئەرکی پێبدرێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەمە هەر ناوێکی لێ بنرێت لە هیچ یاسایەکدا جێی نابێتەوە".

زۆر لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دوای ئەوەی لە پۆستەکانیان نامێنن، دەگوازرێنەوە بۆ دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، یان دیوانی پارێزگاکان و ئەرکی دیکەیان پێ دەسپێردرێ، بەڵام ئەو 83 کەسە هیچ کارێکیان نییە.

د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند "بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دەبێت ئەو کەسانە لە دیوانی پارێزگاکان دەوام بکەن و ئەو کەیسانەشمان زۆربەی چارەسەر کردووە، بۆیە هەر کەسێک دەوام نەکات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و دەبێت لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەریدەگرن ئەرکیان پێ بسپێردرێت".

| پۆست | ژمارە | مووچە | دەرماڵە |
|---|---|---|---|
| جێگری پارێزگار | 3 | 1832000 – 25790000 | 1500000 |
| قایمقام | 26 | 1998000 | 1500000 |
| بەڕێوەبەری ناحیە | 30 | 148000 – 1068000 | |
| بەڕێوەبەری گشتی | 17 | 1583000 – 2913000 | 1500000 |
| ڕاوێژکار | 5 | 2745000 | 1500000 |
| بریکاری وەزیر | 2 | 2249000 | 1500000 |



هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الإدارة

ژ: ٦٩٩٤
No:
ب: ١٥ / ٢٧١٤ ی کوردی
گەلاڕێزان
Date: ٢٠١٤/١١/٦

بۆ/ دەستەی گشتی دەستپاکی
ب/ پلە تایبەتی معوەم

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٦٩) لە ٢٠١٤/٩/٩.
هاوپێچ وێنەیەک لە لیستی ناوی پلە تایبەتە معوەمەکانی وەزارەتەکانتان بۆ ڕەوانە دەکەین، بۆ ئاگاداری و کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا.....

هاوپێچ: لیستی ناوی پلە تایبەتە معوەمەکان.

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان



دیوانی وەزارەتی ناوخۆ

| ناونیشان | پۆستی پێشوو | ئەرکەوتی بوون بەمعوەم | مووچەی بنەڕەتی | دەرماڵە | پسپۆڕیتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگار | پارێزگار/سلێمانی لە هەولێر | | 2745000 | 3000000 | |
| جێگری پارێزگار | جێگری پارێزگار/سلێمانی لە هەولێر | | 2164000 | | |
| جێگری پارێزگار | جێگری پارێزگار/سلێمانی لە هەولێر | | 1832000 | 1500000 | |
| جێگری پارێزگار | جێگری پارێزگار/سلێمانی لە هەولێر | | 2579000 | | |
| قائمقام | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| قائمقام | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| قائمقام | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| ق.قەزای کفری | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| ق.قەزای دوز | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| ق.قەزای چمچمال | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| ق.قەزای خانەقین | قائمقام/سلێمانی لە هەولێر | | 1998000 | 1500000 | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| ب.ناحیە | ب.ناحیە | | 1068000 | | |
| | 1 | | | | |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیدارەی گەرمیان | قائمقام وەزارەتی ناوخۆ | 1/6/2009 | 1915000 | 50٪ تایبەت | ماستەر |
| قائمقام | بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان | 10/12/2013 | 1068000 | 45٪ | ک.یاسا |
| بەڕێوەبەری ناحیە | گومرگی دەربەندیخان | 31/3/2014 | 1068000 | 75٪ | ماستەر |
| بەڕێوەبەری ناحیە | محکمەی کەلار | 11/4/2010 | 1068000 | 45٪ | ک.یاسا |
| بەڕێوەبەری ناحیە | خوێندکار | 2/2/2012 | 1048000 | 45٪ | ک.یاسا |
| بەڕێوەبەری ناحیە | پێشمەرگە | 31/11/2009 | 148000 | 100٪ | دکتۆرا |
| کۆی گشتی | 1 | | | | |
| | 5 | | | | |
| ئیدارەی ڕاپەڕین | ب.ناحیەی حاجیاوا | 1/4/2014 | 1068000 | 30٪ | بەکالۆریۆس/یاسا |
| بەڕێوەبەری ناحیە | ب.ناحیەی هەڵشۆ | 16/9/2010 | 1088000 | 30٪ | ماجستیر فی قانون الاداری والمالی |
| | ب.ناحیەی چوارقورنە | 26/1/2011 | 1028000 | 30٪ | بەکالۆریۆس/یاسا |
| | ب.ناحیەی ژاراوە | 15/9/2011 | 1068000 | 30٪ | بەکالۆریۆس/یاسا |
| کۆی گشتی | 0 | | | | |

# 45 ملیار دۆلار لە بودجەی 2014ی عێراق دیار نییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

گەورەترین گەندەڵی لە مێژووی عێراقدا ڕوویداوە کە ئەویش دیارنەمانی دەیان ملیار دۆلارە تەنیا لە بودجەی ئەمساڵدا.

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێ نازانن ئەو پارەیە چۆن خەرجکراوە، بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکانی (ڕووداو)، بەشێکی زۆری ئەو پارەیە بۆ میلیشیاکانی شیعە خەرجکراوە کە ژمارەیان ملیۆنێک و 250 هەزار چەکدارە.

ڕۆژی 11/11/2014 سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گەیشتە بنکەی سەربازیی (عەین ئەلئەسەد) لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار و لەگەڵ قاسم سلێمانی، فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێرانی کۆبووەوە کە ئێستا سەرپەرشتی بەشێکی زۆری میلیشیاکانی شیعە دەکات لە عێراق.

ڕاوێژکارێکی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کە یاوەری سەرۆکی پەرلەمان بووە لەو سەردانەدا، بە (ڕووداو)ی گوت کە لەسەر داوای فالح فەیاز، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق لەگەڵ قاسم سلێمانی کۆبووینەوە و فەرماندەکەی سوپای قودس ئاشکرای کرد کە چەکدارانی میلیشیاکانی شیعە ژمارەیان "ملیۆنێک و 250 هەزار چەکدارە".

ئەو ڕاوێژکارە کە لەبەر هەستیاریی دۆخی ئەمنیی عێراق نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "فالح فەیاز بە سەلیم جبووری گوت، قاسم سلێمانی ئێستا بەفەرمی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی شیعەیە لە عێراق".

لەگەڵ هاتنی داعش بۆ مووسڵ لە شەوی 10/6/2014 ، قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس لە ئێران گەیشتە عێراق و تاوەکو ئێستاش سەرپەرشتی هێزە چەکدارەکانی شیعەی عێراق دەکات.



ملیۆنێک و 250 هەزار چەکداری شیعە لە عێراق هەن

سلێمانی بەتایبەتی لە دوو شەڕدا ناوی زۆر دەرکەوت: لە ڕزگارکردنی ئامرلی و شەڕی جەرفولسەخر.

عەمار توعمە، سەرۆکی حیزبی فەزیلە کە حیزبێکی شیعیە و بەشێکە لە فراکسیۆنی دەوڵەتی قانون و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، بەئاشکرا باسی ڕۆڵی ئێران دەکات لە شەڕی دژی داعش.

توعمە کە ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە لە پەرلەمانی عێراق، گوتی "عێراق هەرزوو پەنای بۆ ڕاوێژی ئێران و بەتایبەت بۆ کەسایەتییە باڵاکانی ئەو وڵاتە برد بۆ شەڕی داعش". بەڵام گوتی "لەهەمانکاتدا ڕاوێژمان بە ئەمریکاش کرد".

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق باسی جیاوازیی ڕۆڵی ئێران و ئەمریکای کرد لە ڕاوێژکاریدا "ئەمریکا لە ڕووی پێشڕەویی سەربازی و شوێنەکانی داعش لە ئاسمانەوە زانیاری دەداتە عێراق، بەڵام ئێرانییەکان چونکە شارەزاییان هەیە لە شەڕی داعش بەتایبەتی لە سووریا، لەسەر زەوی زۆر هاوکاری عێراقیان کردووە کە چۆن پلان بۆ شەڕی داعش دابڕێژن و تێیدا سەرکەوتوو بن".

دەربارەی ژمارەی چەکدارە شیعەکان عەمار توعمە دەڵێ "تاوەکو ئێستا هیچ ژمارەیەکی فەرمی نییە، بەڵام ئەوەی زانیومانە تەنیا حەشدی شەعبی 100 هەزار کەسن، تاوەکو ئێستا 60 هەزار کەس مەلەفیان تەواو بووە و مانگانە مووچە وەردەگرن و لەلایەن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە سەرپەرشتی دەکرێن".

### حەشدی شەعبی پڕە لە گەندەڵی

حەشدی شەعبی دوای فەتوای عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق دروستبوو، سیستانی داوای لە عێراقییەکان کرد لە دژی داعش چەک هەڵبگرن. پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێ "لەڕێگەی حەشدی شەعبییەوە گەندەڵییەکی ئێجگار گەورە دەکرێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق نموونەیەکی گەندەڵی لەنێو هێزی حەشدی شەعبی ئاشکرا دەکات "لە بەسرە ناوی پێنج هەزار کەس نووسراوە، بەڵام دوای بەدواداچوونێکی ورد دەرکەوت تەنیا 500 کەس دیارە و پارەش بەناوی پێنج هەزار کەس وەردەگیرێ".

ڕاوێژکارەکەی سەرۆکی پەرلەمانیش دەڵێ "سەرۆکی پەرلەمان چاوی کەوت بەهەندێ سەرکردەی سەربازیی حەشدی شەعبی، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت یەک کەس ناوی 18 هەزار کەسی نووسیوە، کەچی تەنیا چوار هەزار چەکداری هەیە و مووچەی هەر چەکدارێکیش 753 هەزار دینارە".

شاخەوان عەبدوڵڵا کە ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە دەڵێ "شیعەکان دەیانەوێ ناوی زۆر بنووسن، چونکە پلان هەیە ئەوانەی لە حەشدی شەعبی و کەتائیبەکانن بخرێنە نێو دەزگا ئەمنییەکانی عێراق".

جگە لە هێزی حەشدی شەعبی لەناوچە شیعەکانی عێراق زیاتر لە 10 هێزی دیکە هەن. ئەو هێزانەش بریتین لە (ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی حیزبوڵڵا، کەتائیبی ئەنجوومەنی باڵا، عەتەبەی حوسەینییە، نوجەبا، ئەنساری ئەولیا، خۆراسان و...) ئەمانە ڕاستەوخۆ لەلایەن قاسم سلێمانییەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

### 45 ملیار دۆلاری عێراق دیار نییە

پەرلەمانی عێراق بەفەرمی داوای لە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە خەرجییەکانی 2014 ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق بکات، بەڵام عەبادی بەشێوەیەک وەڵامی پەرلەمانی داوەتەوە کە سەرۆکی پەرلەمانی تووشی سەرسوڕمان کردووە. ڕاوێژکارەکەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەڵێت "عەبادی بە سەلیم جبووری گوتووە بودجەی 2014 زیاتر لە 130 ملیار دۆلاری ئەمریکی بوو، بەڵام ئێستا 45 ملیار دۆلار دیار نییە و نازانین چۆن خەرجکراوە".

ئەو ڕاوێژکارەی سەرۆکی پەرلەمان هەر لەبارەی دیارنەمانی پارەی عێراق دەڵێت "عەبادی گوتی ئەو پارەیە لەسەردەمی نووری مالیکی دیار نەماوە و کەسیش ناتوانێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات جگە لە پەرلەمان، هەروەها عەبادی داوای کردبوو لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەوە پێکبهێنرێ".

> **پەرلەمانتارێکی کورد:**
> **شیعە دەیانەوێ حەشدی شەعبی و میلیشیاکان بخەنە نێو سوپای عێراقەوە**



## "یەکریزی نێوماڵی یەکگرتوو هێڵی سوورە"

**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەبارەت بە نیگەرانییەکانی ئەندامانی ئەو حیزبە لە بادینان، دەڵێت "نیگەرانییەکان گەیشتوونەتە سەرکردایەتیی یەکگرتوو". هیوا میرزا سابیر، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دەڵێت "هەندێ نیگەرانی و خوێندنەوە، کە بۆ چەند براو خوشکێکمان لەو دەڤەرە دروست بووە سەرکردایەتی لێیان تێدەگات و لەم ڕۆژانەدا لەگەڵیان تاوتوێ دەکرێت. ناوبراو هۆشداری دەداتە ئەو کەسانەی یەکریزی ناوماڵی یەکگرتوو دەبەزێنن و دەڵێ "یەکریزی و برایەتی و تۆکمەیی ناوماڵی یەکگرتوو، بڕیار و ستراتیژی دەڤەرەکان و گشت ئەندامانە و هەر لێدوان و بابەتێکی دژ بەوانە مەحکوم و ڕەتکراوەیە و خەتی سوورە".

## لیژنەیەک بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور پێکدەهێنرێ

# پارتی: بەشێک لە لایەنەکان لەگەڵ ئەوەن بارزانی بمێنێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و گەمارۆ ئابوورییەکەی بەغدا لەسەر کوردستان، دوو پرسن کە هێشتا دیار نییە چارەنووسی سیاسی کورد بەرەو کوێ دەبەن، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێستا فایلێکی دیکە پەرلەمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەویش هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور و ماوەی سەرۆکایەتی بارزانییە.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکە بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێ "ئەگەر پێش 2015/8/19 پرۆژەی دەستوور هەموار نەکرێت، دەبێ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە".

لەکاتی دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی یەکێتی هەر زوو دەستیکرد بە ئامادەکردنی ژمارەیەک پرۆژە یاسا، لەسەرەتاوە پرۆژەیاسای هەموارکردنی پرۆژەی دەستووری دایە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێ لەژێر ڕۆشنایی داواکاریی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەمان کرد، چونکە پێشتر کە ڕێککەوتنی 30ی حوزەیرانمان کرد، بەرەورووی گلەییەکی زۆر بووینەوە و نەماندەزانی چۆن بۆ ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی ڕوون بکەینەوە".

### بارزانی: دەستوور قورئان نییە

هەفتەی پێشوو، د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد و وەک پێشتر ڕاگەیێندرا، سەردانەکە بەمەبەستی پرسی هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور بوو. بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئامادەبووی نێو کۆبوونەوەکەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەستیکەوتووە، مەسعود بارزانی بە د.یوسف محەممەدی ڕاگەیاندووە "پێشتر من تێبینییەکانی خۆم داوەتە پەرلەمان و داوام کردووە، لایەنە سیاسییەکان تێبینییەکانی خۆیان لەسەر دەستوور ئامادە بکەن".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "بارزانی گوتی ئەو کێشەی لەگەڵ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور نییە و بەپێویستی زانی لایەنەکان لەسەری ڕێکبکەون". ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "بارزانی بە سەرۆکی پەرلەمانی گوت پرۆژەی دەستوور قورئان نییە، با هەموار بکرێت".

بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان، پێیوایە پرسی هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور و ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون و دەبێ تاوەکو 2015/8/19 یەکلایی بکرێنەوە.

ئێستا بەڕوونی هەست بەوە دەکرێ کە ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەبارەی هەموارکردنی دەستوور کاڵتر بووەتەوە، بەڵام پرسیارێکیش بێ وەڵام ماوەتەوە. ئایا لایەنەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی چۆن دەستوور هەموار دەکەن؟

### گۆڕان: هەمان تێبینی نێو پاکێجەکانمان هەیە

ڕابوون مەعرووف، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، وای بەگونجاو دەزانێ "لایەنەکان وتووێژ بکەن و بگەنە ڕەشنووسێکی نوێ بۆ دەستوور و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و زەمینەی ریفراندۆمی بۆ ساز بکرێت".

ناوبراو تۆمەتبارکردنی گۆڕان بەوەی نەرمی لەبەرامبەر دەستوور دەنوێنێ، ڕەتدەکاتەوە "هەمان ڕوئیای فراکسیۆنی گۆڕانمان هەیە بۆ دەستوور لە خولی پێشوو، بەڵام پێمانوایە قۆناغەکە هەندێک گۆڕاوە و چۆن حکومەت بەگفتوگۆی لایەنەکان پێکهاتووە، هەموو لایەنەکانیش بە وتووێژ چارەسەری بکەن".

ڕابوون مەعرووف گوتیشی "لەگەڵ دەستوورێکین، سیستمی سەرۆکایەتی بگۆڕێ بۆ پەرلەمانی و ئەگەر تاوەکو ئەوکاتەش دەستوور ئامادە نەکرا، دەبێ پێشتر یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکرێتەوە و لە پەرلەمان چارەنووسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکرێتەوە".

لە 30ی حوزەیرانی 2013 یەکێتی و پارتی بە زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان، ماوەی سەرۆکایەتی بارزانییان بۆ دووساڵی دیکە درێژ کردەوە، واتە بۆ 2015/8/19. بەپێی یاساکەش کە یاسای ژمارە 19ی ساڵی 2013یە، ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی ناکرێ جارێکی دیکە درێژ بکرێتەوە.

### پارتی: بارزانی درێژکردنەوە ڕەتدەکاتەوە

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە "ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی پەرلەماندایە نەک سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان". ئامینە زکری، کە لە خولی پێشووشدا پەرلەمانتار بووە، دەڵێ پێش هەر لایەنێک داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆیەتی کە داوای هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور دەکات و دەیەوێ تێبینی و سەرنجی لایەنەکان لەسەر پرۆژە یاساکە ئامادەبکرێ "بەڵام پێمولیە ئێستا قۆناغەکە جیاوازە و دەبێ لە دەرەوەی پەرلەمان لایەنەکان لەسەری ڕێکبکەون و کاری پەرلەمانیش نییە، بەڵکو کاری لیژنەی دەستوورییە".

ئامینە زکری پێیوایە "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە ماوەی بۆ درێژ بکرێتەوە، بەڵام ئەوەندەی من ڕای حیزبەکان بزانم، زۆربەیان هاوڕان کە لەو قۆناغەدا کوردستان پێویستی بە بارزانییە و داوای لێدەکرێت بمێنێتەوە".

هێشتا وەڵامی پرسیارەکە دیار نییە، میکانیزمی هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور چۆن دەبێت؟ ئامینە زکری، ئاماژە بە گرنگیی سازانی نیشتمانی دەکات و دەڵێت "ئایا پێویستە بچێتە ڕاپرسی، یان هەموار بکرێت، یان ڕاستکردنەوە بۆ هەندێک لە ماددەکانی بکرێت".

بێگەرد تاڵەبانی دەڵێ مەرج نییە خاڵ بە خاڵ لە پەرلەمان قسەی لەسەر بکرێت بۆ هەموارکردن "دەبێ خەڵکی یاسایی و لایەنەکان لە دەرەوەی پەرلەمان هەمواری بکەن، مەرجیش نییە هەمووی بگۆڕدرێ، بەڵام سیستمەکە بکرێتە پەرلەمانی، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش هەموار بکرێت، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەناو پەرلەمان بکرێ، نەک هەڵبژاردنی گشتی".

### یەکگرتوو: 4 داواکاریمان هەیە

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی کورستان، پێیوایە لە بابەتی داوای هەموارکردنی پرۆژەی دەستووردا ناکۆکی نەماوە لە نێوان لایەنەکاندا، بەڵام ناکۆکی لەسەر شێوازی هەموارکردن هەیە. ئەبوبەکر هەڵەدنی، دەڵێ هێشتا گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، هەمان بۆچوونیان هەیە لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی بۆ دەستوور داوایان کردبوو لەکاتی ئۆپۆزسیۆنیدا و باسی ئەو داواکارییانە دەکات کە 4 خاڵە.

وەک ئەو گوتی "دەبێ سیستمی سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی بگۆڕدرێ، سەرلەنوێ دارشتنەوە بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت، ماف و ئازادییەکان زۆرتر بکرێن، دەسەڵاتی لامەرکەزی پارێزگاکان لە دەستووردا زیاتر بکرێت". ئەو هەروەها دەڵێ "مەسەلەی دەستوور جیایە لە پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوادارین یاسا سەروەر بێت و ئەوە بەڕاستی پێشانی خەڵک بدرێ".

لەبارەی پێداگیری یەکێتی بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور، ئەبوبەکر هەڵەدنی دەڵێ "یەکێتی مناوەرەی سیاسی دەکات و بەپێی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت، خۆی بەشێکە لەو دۆخەی هەیە و ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە".

### لیژنە پێکدەهێنرێ

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکە بۆ هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لیژنەکە لە نوێنەری لایەنەکان لەنێو پەرلەمان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانی بواری دەستوور پێکدێت.

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ پێویستە هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور لیژنەی بۆ پێکبهێنرێت "بە گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت و دواتر تێبینی لایەنەکان بدرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان".

بەڵام بێگەرد تاڵەبانی، پێیوایە نابێ لیژنەکە بە ئارەزووی خۆی کات بکوژێ "دەبێ کاتی بۆ دەستنیشان بکرێت".



بارزانی بۆ سەرۆکی پەرلەمان : دەستوور قورئان نییەو هەمواری بکەن

# چارەنووسی 500 هەزار قوتابی لە دهۆک نادیارە

### باوکی قوتابیەک: هەر کاتێک کوڕەکەم باسی قوتابخانە دەکات چاوم پڕ دەبێت لە گریان

### مامۆستایەک: حکومەت و پەرلەمان ئاگایان لە خەمی دهۆک نییە

### پەروەردەی گشتیی دهۆک: دەتوانین دەوام درێژ بکەینەوە و پشوو نەهێڵین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دەنگۆی ئەوە هەیە، لەوسەر قەرەبووی کاتی خوێندن بۆ قوتابیانی شاری دهۆک بکرێتەوە. باوکی قوتابیەکیش دەڵێت "خوێندن لە وەرزی هاوین و مانگی ڕەمەزاندا بەدەم خۆشە، ئایا ئەوکات بەرپرسەکان دەتوانن سپلیتێک بۆ قوتابخانەکان دابین بکەن".

هەفتەی ڕابردوو 175 قوتابخانەی دیکەی شاری دهۆک خاڵی کران لە ئاوارەکان، بەڵام هێشتا 272 قوتابخانە لە دهۆک و زاخۆ و سێمێل پڕن لە ئاوارە. پەروەردەی گشتیی دهۆک دەڵێت کاتی چۆڵکردنی ئەو قوتابخانانە دیار نییە.

مامۆستا حەمید حەسەن، دانیشتووی شاری دهۆک، چوار منداڵی قوتابین، بەڵام ئێستا لە ماڵن. ئەو گوتی "ئاوارەکان برای ئێمەن، ئێمە لەوان تووڕە نین، بەڵام لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەولێر و سلێمانی تووڕەین کە خەمی ئێمە ناخۆن، هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە ناهاوێژن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک، لە سنووری پارێزگای دهۆک نزیکەی 500 هەزار قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی هەن، بەڵام بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە لە زۆربەی قوتابخانەکانی سنووری ئەو پارێزگایە، پرۆسەی خوێندن پەکیکەوتووە و دیاریش نییە کەی دەست دەکرێت بە خوێندن.

حەمید دەڵێت "کوڕێکم لە پۆلی سێی سەرەتاییە زۆر حەزی لە خوێندنە و یەکەمی پۆل بوو، زۆرجار پەرتووکەکانی دەردەهێنێت و دەڵێت ئەرێ بابە کەی دەچینەوە بۆ قوتابخانە. کە وا دەڵێت فرمێسک لە چاوم دێتە خوارەوە".

کەمال، باوکی قوتابیەکی دیکەیە، هێندە بێهیوا بووە لە دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکانی دهۆک دەڵێت لەو باوەڕەدا نییە ئەمساڵ کوڕەکەی بچێتە قوتابخانە. کەمال گوتی "منداڵی بەرپرسان هەموویان لە قوتابخانە ئەهلی و نموونەییەکان دەخوێنن، ئەوان ئاگایان لە خەمی قوتابی هەژار و خەڵکی ئاسایی نییە، ئەوان هەر بە ئاسانی دەڵێن با دوو مانگ لە کۆتایی وەرزی خوێندن لە دهۆک درێژ بکرێتەوە، بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت، چونکە ئەوکات کاتی خوێندن دەکەوێتە نێو وەرزی گەرما و مانگی ڕەمەزان، ئێ هیچ قوتابخانەیەکیش موبەڕیدە و سپلیتی نییە، ئایا بەرپرسەکان ئامادەن سپلیت و موبەڕیدە بۆ قوتابخانەکان دابین بکەن".

سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "لەڕووی یاسایی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن لە پارێزگایەک ئاساییە، چونکە ئەوە زروفێکی تایبەت بوو، پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت هەموویان ئاگاداری ئەو بابەتەن".

سەبارەت بە گلەیی خەڵک لە پەرلەمان، کە دەڵێن هەوڵی جددی نەداوە بۆ دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندن لە پارێزگای دهۆک، د.ئیبراهیم سمۆ، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "وەکو پەرلەمانتارانی دهۆک ئێمە زۆرجار ئەو شتەمان لەناو پەرلەمان و جێگاکانی دیکە باس کردوە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانتارانی هەولێر و سلێمانی بەرامبەر ئەم کێشەیە ڕۆڵیان نەبوو، ئەو کاتەی ئێمە باسی ئەو کێشەیە دەکەین، ئەوان بۆ خۆشکردنی دڵی ئێمە باسی شتی دیکە دەکەن".

عەبد یوسف، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک هیوای زۆرە کە ئەمساڵ لە هەموو خوێندنگاکانی دهۆک پرۆسەی خوێندن دەستپێبکات و بە (ڕووداو)ی گوت "ناتوانم بڵێم کەی هەموو خوێندنگاکان چۆڵ دەکرێن، بەڵام بەبێ شک هەموویان چۆڵ دەکرێن و ئەمساڵ دەوام لە هەموو قوتابخانەکان دەستپێدەکاتەوە.

سەبارەت بە درێژکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکان بۆ ماوەی دوو مانگ، عەبد یوسف گوتی "ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدایە، دەتوانین پشووەکان بکەینە دەوام، تەنانەت پشووی نەورۆزیش نەهێڵین، دەشتوانین لەوسەر دوو مانگ دەوام درێژ بکەینەوە، ئەوانە هەمووی لە دەسەڵاتی ئێمەدایە".



قوتابییەکی دهۆک : باوکە کەی دەچینەوە بۆ قوتابخانە

(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

## مەشعان جبووری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق:

# عێراق ئەو کاتە ئیسراحەت دەکات کە کوردستان ببێتە دەوڵەت



لـە هۆتێل ڕەشـید دادەنیشـێ کە تاکە هۆتێلی ناوچەی سـەوزە لـە بەغدا. ناتوانێ یەک بسـت لـەو ناوچەیە دووربکەوێتەوە. مەشـعان جبووری، ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە. پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن وەکو دۆسـتی نزیکی کورد پێشاندەدرا و لە هەرێمی کوردستان کاری سیاسـی دەکرد. بەڵام ئێستا زۆر چارەی کوردی ناوێت و پێیوایە کورد هۆکاری سـەرەکی دابەشـبوونی عێراق و شـەڕی مەزهەبین لە عێراق. جبووری دەڵێ "ئەگەر منیش سـەرکردەی کوردبم کار بۆ لاوازکردنی عێراق دەکەم". مەشـعان جبووری پێیوایە عێراق ئەوکاتە ئیسـراحەت دەکات کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەت.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- بەغدا

ڕووداو: عێـراق تاوەکو کەی بەو شـێوەیە بە دابەشکراوی دەمێنێتەوە؟

مەشعان جبووری: تاوەکو ئەوکاتەی کوردستان دەبێت بە دەوڵەت، چونکە کورد وا هەست دەکەن هێزیـان لـە لاوازبوونـی عێراقدایە، لەسـەر ئەم تەوەرەش کاردەکەن. بۆیە کورد کێشەکانی عێراق قـووڵ دەکەنـەوە، تەنانـەت دژی پڕچەککردنی سوپای عێراقن.

ڕووداو: تۆ بەڕاستی نابینی کورد ترسی هەبێ لـە پڕچەککردنـی سـوپای عێـراق، چونکە زۆر مەینەتییان بینیوە لەسەر دەستی سوپای عێراق؟

مەشعان جبووری: مەسەلەکە ئەوە نییە مافی کوردە یان نا، ئەگەر منیش کورد بوومایە، هەمان ڕێگەم دەگرتەبەر. ئەگەر منیش سـەرکردەیەکی کـورد بوومایـە، کارم بـۆ لاوازکـردن و پارچـە پارچەکردنـی عێراق دەکـرد، لەهەمانکاتدا وەکو شـەریکێک لـە عێراقـدا دەمامـەوە. لەهەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆ دەبـووم و لـە دەوڵەتی عێراقیشـدا بەشـدار دەبووم و هەیمەنـەم دەبوو لەسـەر بڕیارەکانی عێراق تاوەکو خۆم لە شەڕی عێراق بپارێزم. بەڵام من وەکو عەرەبێکی عێراقی وای دەبینـم کـورد بـە سـتراتیژییەتەوە کار بۆ لاوازکردنی عێراق دەکات تاوەکو لە مەترسییەکانی ئەم دەوڵەتە خۆی بپارێزێ، کوێتیش بەهەمانشێوە کاری کردووە.

بیرۆکەی لاوازبوونی عێراق و شەڕی مەزهەبی لە عێراق لەئەسڵدا بیرۆکەیەکی ئیسرائیلییە، دەیەوێ دەوڵەتـی بچووک بچووک لە ناوچەکەدا دروسـت ببێ، تاوەکو خۆی بەهێز بمێنێتەوە. ئیسرائیل لە یەکڕیزی و یەکپارچەیی عێراق دەترسێ.

ڕووداو: مادام ئەمە بیرۆکەی ئیسـرائیلە وەکو تۆ دەڵێی، بۆچی کورد تاوانبار دەکەی؟

مەشعان جبووری: چونکە کاتێک ئەم بیرۆکەیە هەبـوو، کورد نەیتوانی جێبەجێی بکات. کورد و کوێت لەسەر دەستی عێراق و هێزی عێراق گورزی کوشـندەیان پێکـەوت. هەموو کـەس و لایەنێک مافی ئەوەی هەیە بیربکاتەوە چۆن بەرامبەرەکەی لاواز بکات. داگیرکەرانی عێراقیش دەستوورێکیان بۆ عێراق نووسیوە کە لە ڕێگەی ئەو دەستوورەوە عێراقیـان دابەشـکردووەو وایکـردووە بـەردەوام عێراقییـەکان یەکدی بکوژن. ئەم دەسـتوورە بە ئیـرادەی ئەمریکا و کورد نووسـراوە کە هۆکاری سەرەکی دابەشـبوونی عێراق و عەرەبی عێراقە. دەزانن بڕیاری لەنێوبردنی سوپای عێراق بیرۆکەی کـورد بـووە، بەتایبەتی جـەلال تاڵەبانی؟ کورد ڕۆڵێکی سـەرەکی هەبووە لە دەرکردنی یاسـای ریشەکێشکردنی بەعس. دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بوونی فیدراڵیەت لەدەستووردا. ئەمانـە هەموو هـۆکاری دابەشـبوونی عێراقن و هۆکاری سەرەکیی بوونی فیتنەن لە عێراق. کورد ئێستا لە عێراق لە کۆنفیدراڵیشی تێپەڕاندووە.

ڕووداو: واتە بە قسەی تۆ بێ کورد کێشەیەکی گەورەن بۆ عێراق؟

مەشـعان جبـووری: نـەک تەنیا کێشـەن بۆ عێـراق. یاسـای ریشەکێشـکردنی بەعسـیان لە عێـراق دەرکرد و سـوپای عێراقیـان لەنێوبرد و دەستووریان نووسییەوە، ئەمانە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی فیتنەیەکی گەورە لە عێراق.

ڕووداو: ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، عێراق ئیسراحەت دەکات؟

مەشعان جبووری: بەڵێ، ئەوکات چیدی سوننە و شـیعە یەکدی ناکـوژن، هەموو کێشـەکانیش چارەسەر دەکەن. دەزانن ئێستا کورد ڕێگە نادات دەستوور هەموار بکرێتەوە و سوپایەکی بەهێز لە عێراق دروسـت بکرێ. من تێدەگـەم کورد بۆ لە عێراقێکـێ بەهێز دوودڵە. بـەڵام قەت بڕوا ناکەم چیدی عێراق لە کورد بدات.

ڕووداو: بـەڵام دوو سـاڵ لەمەوبـەر مالیکـی سـوپای عێراقی هێنایە دەوروبـەری کەرکووک و ویستی لە کورد بدات؟

مەشـعان جبووری: جارێ ئـەو ئەزموونەی لە عێراق تێپەڕیوە و مالیکی تێیدا دەسەڵاتدار بووە، هیچ پەیوەندی بە دیموکراسـیەوە نەبوو. مالیکی نەزعەیەکـی دیکتاتۆری هەبـوو وەکو هەموو ئەو دیکتاتۆرانە بوو کە لە عێراق حوکمیان کردووە. لەو بڕوایەشـدام ئەگەر بەدەستی مالیکی خۆی بووایە دەسـەڵاتی ڕادەست نەدەکرد. پێویستە ڕێگـە نەدەیـن چیدی لـە عێـراق دیکتاتۆرێک دەربکـەوێ. عێراقێکی دیکتاتۆر مەترسـییە بۆ سەر هەموو دنیا.

ڕووداو: وا لە قسەکانی تۆ گەیشتم کە کورد ناهێڵـن عێراق جێگیرببێ تاوەکـو هەیمەنەیان زیاتر ببێ؟

مەشـعان جبووری: نەک تەنیا کورد، کوێت ئـەو دەوڵەتە بچکۆلـە و کۆچەریە کە هێندەی پارێزگایەکی هەرێمی کوردسـتان نییە، پارەی خۆی بەکارهێنا بۆ لاوازبوونی عێراق. کوردیش ئێستا بەهەمانشـێوە لۆبییەکی بەهێزیان لە ئەمریکا دروسـتکردووە کـە بەرامبەر لۆبیی هەمـوو دەوڵەتانـی عەرەبییـە و بەرامبـەر پارەی هەموو عەرەبە و ڕێگەیەکی ڕاستیشیان گرتووەتە. دەزانن سووریا ئەوە سێ ساڵە لەنێو ئاگردا دەسووتێ، بەڵام کاتێک ئاگرەکە گەیشتە شارێکی کورد کە ناوی عەین ئەلعەرەبە (کۆبانی – ڕووداو) هەمـوو دنیا بەهانایەوە هات، چونکە کورد دەزانن چۆن ئیدارەی خۆیان بکەن و لۆبی خۆیان بەکاربهێنن.

ڕووداو: بۆ عەرەب ناتوانێ وەکو کورد بکات؟

مەشـعان جبـووری: چونکە ئێمـە گەلێکی کۆچەرین و مەدەنییەت نازانین و دابەشبوونمان زۆرە، ئەمە عەرەبی گەیاندە ئێرە. ئەوەی عەرەبی دابەش و پارچە پارچە کرد، ویستی کورد بەهێز بکات. ئەوانەی دژی عەرەب وەسـتان، ویستیان کـورد پێشـبخەن. کاتێک دەبینـن داعش چی دەکات و چ هەمەجیەتێـک دەکات کە بەرهەمی عەرەبـە، تێدەگـەم کـە ئـەو دەوڵەتانە بۆچی دەیانەوێ ئیدی عەرەب بەلاوازی بمێننەوە.

ڕووداو: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ سـەرۆک کۆماری عێراق لە عەرەبسـتانی سعودیە بووین. وڵاتێکی جوان و پێشـکەوتوو، باشـە ئەوان بە نەوتـی خۆیان ئەوەندە پێشـکەوتن، عێراقیش نەوتـی هەیـە، بـەڵام تەنیـا خەریکی شـەڕی ناوخۆیە؟

مەشـعان جبووری: ئەو تیـرۆرەی لە عێراق دەیبینی هەمووی لەلایەن سعودیەوە بەرهەم دێ و ڕەوانەی عێراق دەکرێ. ئێستا دەزگای وەهابی هەیە لە سـعودیە و دەسـەڵاتدارانی سعودیەش باش دەزانن. دەزانێت ئەو دەزگایە ڕێکخسـتنی قاعیدە دروستی کردووە.

ڕووداو: بـەڵام کاتـێ پرسـیاری ئـەوەم لە وەزیـری دەرەوەی سـعودیە کـرد کـە بۆ ئێوە پاڵپشـتی داعش و ڕێکخستنی قاعیدە دەکەن، سەری سوڕما و گوتی ئێمە دژی داعش و قاعیدە دەجەنگین؟

مەشـعان جبـووری: هەمـوو دەزانیـن کـە هەواڵگریـی سـعودیە بـە هـاوکاری ئەمریـکا قاعیدەی لە ئەفغانستان دامەزراند.

ڕووداو: گوتـت کـورد ژیرن و بەباشـی کار دەکەن، ئەی خاڵی لاوازی کورد چییە؟

مەشـعان جبـووری: لاوازیـی کـورد لـە دابەشـبوونیانە لەنێو خۆیـان، هەروەها بوونی سامانێکی زۆرە، دیسان شوێنە جوگرافییەکەی کورد بەشـێکە لە هۆکارەکانی لاوازیی کورد لە ناوچەکە، چونکە هیچ دەروازەیەکی ئاوییان نییە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبێ لەگەڵ دونیا.

ڕووداو: عێـراق کام خاڵـی لاوازی کـوردی لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکارهێناوە؟

مەشعان جبووری: دەزانی کاری من لە بەغدا هۆشـیارکردنەوەیە و وەکـو زەنگێک عەرەب لە مەترسـییەکانی کـورد ئـاگادار دەکەمـەوە کە کـورد کار بۆ پارچەپارچەبوونی عێراق دەکەن، مەسەلەی دابەشبوونی تائیفی لە عێراق قووڵتر دەکەنـەوە، بـەڵام هەندێجار وا هەسـت دەکەم مـن لە دۆڵێکم و هاوار دەکەم، وا دەزانم دەنگم دەگات، بـەڵام لەئەسـڵدا دەنگەکـە تەنیا بۆ من دەگەڕێتەوە و کەس گوێی لێ ناگرێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش من دۆستی کوردم. من یەکەم کەس بووم دەستەواژەی سەرۆک مەسعود بارزانیم بەکارهێناوە، هەر کاتێکیش باسی بارزانی دەکـەم دەڵێم سـەرۆک مەسـعود بارزانی. پێش ڕووخانـی ڕژێمی سـەدام هەر دەمگوت سـەرۆک بارزانی و ئەو قسەیە من دامهێناوە. بڕوا بکەن وا تەماشای بارزانیم کردووە کە سەرۆکێکە. دەمەوێ ئەو قسەیە بکەم و بۆ یەکەمجاریشە باسی دەکەم. مـن یەکێک بووم لەوانەی کە بارزانی زۆرجار ڕای وەردەگرتم، دوای ڕووخانی ڕژێمی سـەدام بانگی منـی کرد و گوتی دەمـەوێ ڕای تۆ بزانم ببم بە سـەرۆکی عێراق یان سەرۆکی کوردستان. منیش پێمگـوت زۆر ئەسـتەمە کەسـێکی دیکـە قبوڵ بکرێ سـەرۆکی کوردستان بێ، جگە لە مەسعود بارزانـی، دوای ئەو هەمـوو خەبات و قوربانیدانە لەلایـەن بارزانییەکانەوە ناکرێ کەسـێکی دیکە ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام لای من ئاسـاییە کەسێکی دیکە ببێتە سـەرۆکی عێراق. دەزانـی زۆربەی ئەو کەسـانەی نزیکن لە بارزانی و لـە دەوروبەری، ئیرەییـان دەبرد بە پەیوەندی نێوان من و سەرۆک بارزانی. دوای ئەوەی چوومە لای یەکێتی لە سلێمانی، یەکەمجار کاک کۆسرەتم بینی و پێمگوت پاڵپشتی ئەوە دەکەین تاڵەبانی ببێتە سەرۆکی عێراق، کاک کۆسرەت گوتی ئەمە ڕای تۆیە یان بارزانی، گوتم ڕای بارزانیش هەمان شتە. چوومە لای تاڵەبانی و پێمگوت جگە لە تۆ کەسـێکی دیکە ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆماری عێراق. هەموو خەونی جەلال تاڵەبانیش ئەوەبوو ببێ بە سەرۆکی عێراق.

ڕووداو: پێش ئەوەی ئەم خولە ببی بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە سـووریا بووی، کە هاتی بۆ عێراق دەسەڵاتدارانی سووری زانییان دەگەڕێیتەوە عێراق؟

مەشعان جبووری: بەڵێ زانییان. من پەیوەندی باشـم هەیە، لەگەڵ سـەرۆک بەشـار ئەسەدیش کۆدەبوومەوە، دەزانی کاتی خۆی کە حافز ئەسەد وەفاتـی کـرد، لەگەڵ سـەرۆک بارزانـی دووجار چووینە لای بەشـار ئەسـەد و قسـەی باشـیش لەنێوانیاندا کرا؟

ڕووداو: قسەی باش وەکو چی؟

مەشعان جبووری: ناتوانم ئەوە بڵێم، چۆن دوو زەعیم لای من قسـەیەک بکەن، من قسـەکانیان بگێڕمەوە.

ڕووداو: تۆ بەعسی نەبووی؟

مەشـعان جبووری: نەخێـر بەعس حیزبێکی فاشـی و فاشیل بوو، دەزانی نیوەی کورد ببوون بە بەعسی و من هەر نەبوومە بەعسی؟

ڕووداو: تۆ پەیوەندیت لەگەڵ کورد خراپ بوو، ئێستا چۆنە؟

مەشعان جبووری: دوای هاتنی داعش ڕامگەیاند کە دەبێ کێشـەکان لەگەڵ کورد چارەسەر بکرێ و پێکەوە بەرگری لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکەیـن. داواشـمکرد ئەو عەرەبانـەی لە هەرێمی کوردسـتان نیشتەجێن لەپاڵ کورد شەڕی داعش بکەن. ڕاسـتییەکیش هەیە ئەوەی کورد بەرامبەر داعـش کـردی، هەندێکـی دیکـە نەیانتوانـی و شکستیان هێنا.

ڕووداو: کـورد دوای هاتنـی داعش سـنووری خـۆی فراوانتر کـردووە و کەرکـووک و چەندین ناوچەی دیکەی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە بۆ کورد دەچێتە سەر؟

مەشـعان جبـووری: نەخێـر قبـوڵ ناکەین، بـەڵام ئەگـەر کورد بـەردەوام بن لەسـەر ئەوە، ئەوا کەرکووک دەبێتە هۆی دروسـتبوونی شەڕی ناوخۆ لەنێو کورد خۆی. ئێسـتا ئەسڵی کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر سلێمانی و هەولێر نییە، بەڵکو لەسەر کەرکووکە. کەرکووک هەوێنی کێشـەی نێوخۆی کـوردە. یەکێتی پڕۆژەکەی لە کەرکووک بەتەواوەتی جیاوازە لە پڕۆژەی پارتی.

ڕووداو: پڕۆژەی یەکێتی چییە؟

مەشـعان جبـووری: پارێـزگاری کەرکـووک نەجمەدیـن کەریـم، هەڵگری پەیامـی بنەماڵەی تاڵەبانییە. تاڵەبانی ڕاستەقینە نەخۆشە و تاڵەبانی ئێسـتا پارێزگاری کەرکووکە نەک کەسێکی دیکە یاخود قوباد تاڵەبانی. هێرۆخان پڕۆژەی گەورەی هەیە و نەجمەدیـن کەریم ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ پزیشکێک لـە ئەمریکا دەتوانێ بەسـەر پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و بنەماڵەی بارزانیدا سەربکەوێ، کە کاریان بۆ کوردستان کردووە و شۆڕشیان لەسەر کەرکووک دانـاوە. بۆیە بڕوا ناکەم سـەربکەون، بەڵام دەبنە سەرئێشە بۆ پارتی.

## کورد لە عێراق لە کۆنفدراڵیشی تێپەڕاندووە

## کورد و ئەمریکا دەستوورێکیان نووسییەوە کە عێراقییەکان بەردەوام یەکدی بکوژن

## لۆبی کورد لە دنیا بەرامبەر لۆبی هەموو دەوڵەتانی عەرەبییە

## پڕۆژەی هێرۆخان لە کەرکووک سەرناگرێ بەڵام سەرئێشەی زۆر بۆ پارتی دروست

## خەونی تاڵەبانی ئەوەبوو ببێتە سەرۆکی عێراق

## نیوەی کورد بوون بە بەعسی من نەبوومە بەعسی

## ئەسڵی کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر کەرکووکە

## نەجمەدین کەریم تاڵەبانی دووەمە نەک قوباد تاڵەبانی



## ئەوەی عەرەبی پارچەپارچە کرد، ویستی کورد بەهێز بکات

## خاڵی لاوازی کورد لە کێشە ناوخۆییەکان و شوێنی جوگرافییە

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (334)  دووشەممە  2014/11/17



## لە باکوور ئاڵای کوردستان هەڵدەواسرێت

**ڕووداو- هەولێر**

ئەو ئاڵایەی لە ڕابردوودا خەڵکی لەسەر سزادراوە، چیتر قەدەغە نییە و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی باکووری کوردستان لەپاڵ تابلۆکانیان هەڵیدواسن. ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە ئەوانەن کە "کوردستان" لەنێو ناوەکانیاندا هاتووە. ڕۆگەر چاغەر، بەرپرسی کۆمەڵەی جووڵانەوەی گەنجانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت "بەهۆی ئەوەی کار بۆ کوردستانی سەربەخۆ دەکەین، ئاڵای کوردستانمان بە باڵەخانەی کۆمەڵەکەمانەوە هەڵواسیوە". بینای پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا لە ئامەد کەوتووەتە ناوەڕاستی ئامەد و لە یەنیشەهیر لە شەقامی گەرڤان هەڵکەوتووە، هەر لەپاڵ تابلۆی پارتەکەوە ئاڵای کوردستان هەڵواسراوە.



(فۆتۆ: ڕووداو)

# کاتی دەرکردنی PKK لە لیستی تیرۆر هاتووە

**فیۆنا لێنەی**
**ڕووداو- لەندەن**

لەگەڵ پڕبوونی میدیاکان بە وێنەی قارەمانانی کورد لە بەرەکانی جەنگدا، شرۆڤەکاران و سیاسەتمەداران پرسیاری ئەوە دەکەن کە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە لیستی تیرۆر بهێنرێتە دەرێ؟

ئەمە دوای ئەوە دێت کە تێگەیشتنی خەڵکی لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد زیادی کردووە.

ڕاپۆرتی میدیاکان دەڵێن شەڕڤانە کوردەکان کە لەگەڵ هێزی هاوپەیماناندا کاردەکەن و ڕێنوێنی هێرشە ئاسمانییەکان دەکەن لە دژی (داعش)، وایان لە چاودێران کردووە کە ئەوان بە "هاوبەشی جێی متمانە" ناوببەن.

ئەم تێڕوانینەی ئێستا بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوبیرەکەی، واتە پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD)، زۆر جیاوازە لەو تێڕوانینەی کە ئەورووپا و واشنتن لە سەرەتای دروستبوونی PKKوە لە 30 ساڵ لەمەوبەر بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە هەیانبووە.

شرۆڤەکاران دەڵێن ئەنقەرە کە ڕێگەی بە گەریلاکانی PKK و چەکەکانیان نەدا بچنە هاوکاریی شەڕڤانانی گەمارۆدراوی شاری کۆبانی، هەروەها بە سەختی خۆپیشاندانەکانی کوردی لە باکوور کپکردەوە، ئێستا بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسیە خێراکانی ناوچەکەوە ڕووبەڕووی دڵەڕاوکەی زۆر بووەتەوە.

"تورکەکان لەو گۆڕانکارییە جۆرەکییە و لەو هاوسۆزییە بەرامبەر PYD تێناگەن. PYD لە گرووپێکی هاوپەیمانی PKKوە کە گرووپێکی زۆر خوازراو نییە لە ئەورووپا بەهۆی بوونی ناوی لە لیستی تیرۆردا، گۆڕاوە بۆ هاوبەشێکی جێی متمانە" د.مایکڵ ستیڤنس شارەزای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیمانگای ڕۆیاڵ یونایتد سێرڤس وا دەڵێت.

هەفتەی ڕابردوو دکتۆر مایکڵ لە دیبەیتێکدا لەسەر تورکیا و کورد و قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامادەبووانی گوت: "PYD لە ڕێکخراوێکەوە کە بۆ دیپلۆماتەکان ئاسان نەبوو لەگەڵیان کۆببنەوە، گۆڕاوە بۆ ستراتیژکار و دەستی سەربازیی ئەورووپا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا".

یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی وێنەی PKK لە ڕۆژئاوا ئەوەیە کە PKK وەکو هێزێک دەبینرێت شەڕی مان و نەمان بۆ کوردی ناوچەکە دەکات و هەروەها چەندین ساڵ دەبێت کە PKK هیچ هێرشی نەکردووەتە سەر گەشتیارانی بیانی لە ناوچەکەدا. لە دەرەوەش ئێستا کاریگەری و لایەنگری زیاتر بووە.

ئیبراهیم دۆگەس، لە سەنتەری خوێندنی تورکی لە لەندەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بیانووی ستراتیژی و هەستئامێز هەیە بۆ ئەوەی کە PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێتە دەرەوە تا بتوانن چەک وەربگرن.

ئەو دەڵێت "گرنگە کە PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێ بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکاری سەربازی وەربگرێ لە شەڕی دژە داعشدا".

لە برۆکسل، ئەو شوێنەی کە زۆر سەرکردەی بەرچاوی PKKی لێ دەژی، پشتگیری زۆری PKK دەکرێت لەلایەن ئەو ئەندام پەرلەمانە ئەورووپیانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ بیری چەپگەریی PKK.

ماورۆ دێسیرا، لە پەیمانگای کوردی برۆکسل کە نزیکە لەPKK ، دەڵێت پەیمانگاکەی ئەوان ئێستا پشتگیرییەکی زۆر زیاتری پەرلەمانانی ئەورووپا و خەڵکی ئەورووپا دەبینێت.

ماورۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا ئەوە یەکێکە لە بابەتەکانی باسکردن. تورکیا پەراوێزخراوە، ئیدی ئێستا کاتی خۆیەتی دان بە PKKدا بنرێ".

لە کۆتاییەکانی ساڵی 2012دا PKK و دەوڵەتی تورکیا پرۆسەی ئاشتییان دەستپێکرد کە دواتر ئاگربەستێکی لێکەوتەوە و گفتوگۆی ئاشتی دەستپێکرد.

جگە لەو بارگرژییەی کە دەستەوسانیی تورکیا لەمەڕ کۆبانی دروستیکردبوو، هەروەها گوتاری توندی تورکیا بەرامبەر بە PKK و کپکردنی دڕندانەی خۆپیشاندانەکانی کۆبانی و کوشتنی چوار سەربازی تورکیا لەلایەن PKKوە لەم ماوەیەدا، وایان کرد کە پرۆسەی ئاشتی بوەستێ. بەڵام ئۆجەلان داوای لە شوێنکەوتووانی خۆی کردووە کە ئارام بگرن.

لایەنگرانی PKK دەڵێن ئێستا PKK لە پرۆسەی ئاشتیدایە لەگەڵ حکومەتی تورکیا و دەستی ڕۆژئاوایە لە دژی گرووپی توندڕەوی داعش، ئیتر ئەو ناوەی کە بە تیرۆریست بەسەریدا سەپاوە کاتی نەماوە.

هەر هەوڵێکی ئەورووپی یان ئەمریکی بەبێ ڕەزامەندی تورکیا، هەوڵێکی ئەستەم دەبێت. PKKش ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هەرچەندە گفتوگۆی ئاشتی پێ باشە، بەڵام ئەگەر هەوڵەکانی گفتوگۆی ئاشتی سەرنەگرن ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی چەکداری.

بیل پارک، مامۆستای لێکۆڵینەوەی بەرگری لە کۆلێژی کینگ لە لەندەن دەڵێت تورکیا پیشانیداوە کە دەتوانێت بە خێرایی هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت هەرکاتێک پێویستی کرد.

بیل لە دیبەیتەکەدا بە ئامادەبووانی گوت: "تورک کێشەیان لەگەڵ کێشەی کورد بە گشتی هەیە. کاتێک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبوو، تورکەکان ئامادە نەبوون کاری لەگەڵ بکەن. سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وتەی سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، جگە لە سەرۆک خێڵ هیچی دیکە نەبوون و ئەو دەیگوت کە تەنیا لەگەڵ بەغدا مامەڵە دەکات. ئێستا دەبینین تورک ڕێگە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەدات تاوەکو بە خاکی تورکیادا بەرەو سووریا تێپەڕێت بۆ هاوکاریکردنی کوردی سووریا".

ئان کلۆید، پەرلەمانتاری بەریتانی لەسەر لیستی پارتی کار کە لە نزیکەوە چاودێریی دۆزی کورد دەکات و خێرا سەردانی ناوچەکە دەکات، پێیوایە کە پشتگیری کوردی تورکیا زیادی کردووە، بەڵام دەڵێت "لابردنی PKK لە لیستی تیرۆر بڕیارێکە کە دەبێت لەگەڵ ئەنقەرە تاوتوێ بکرێت".

ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیارەکە دەبێت لە ئەنقەرەوە بێت "هەرچەندە تورکیا ئێستا ئاشتیخوازانەترە بەرامبەر بە PKK، بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەیان هەبێت کە PKK ڕووی چەکی دەکاتە تورکیا، ڕەنگە دڵەڕاوکێیان بۆ دروست ببێت."

ڕۆشەن جاکیر، ڕۆژنامەنووس و شارەزای کاروباری PKK بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەتا PKK چەکداری لە خاکی تورکیادا هەبێت، نابێت چاوەڕێی ئەوە ببێت کە لە لیستی تیرۆردا دەربهێنرێت."

# داعشێکی دیکە هەڕەشە لە کۆبانی دەکات

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی بەرەی ئیسلامیی سووریا دەڵێت نیازیان هەیە شاری گەمارۆدراوی کۆبانی "ڕزگار" بکەن لە چنگی داگیرکەرانی، بەو کوردانەشەوە کە ئێستا پارێزگاری لێدەکەن.

لە پرێس کۆنفرانسێکی ڤیدیۆییدا، زەهران عەلوش کە سەرکردایەتی هاوپەیمانییەکی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەکات و دەگوترێت ژمارەیان نزیکەی 45 هەزار کەسە، پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)ی بە دڵسۆزی بۆ ڕژێمی سووریا تۆمەتبار کرد.

هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستانی بە خزمەتکاری ڕژێمی ئەسەد ناوبرد.

تۆمەتی لەو شێوەیە لەلایەن گرووپە یاخییەکانی سووریاوە شتێکی نوێ نییە، بەڵام قسەکانی ئەمدواییەی عەلوش ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ کاردانەوەی ئەو هێزانە بەرامبەر ئەو تەرکیزە نێودەوڵەتییەی خراوەتە سەر کۆبانی کە تەرکیزی لەسەر شەڕی دژی ئەسەد کەم کردووەتەوە و قارەمانێتی شەڕڤانانی کوردی خستووەتە بەرچاوی جیهان.

ڤیدیۆکە لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەردا گیراوە، واتە تەنیا چەند ڕۆژێک پێش گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ YPG ئەو هێزەی ناردە کۆبانی.

بەپێی وتەی دەزگای چاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بارەگاکەی لە لەندەنە و ڤیدیۆکەی لەسەر وێبسایتی خۆی بڵاوکردووەتەوە "عەلوشی تەمەن 42 ساڵ لە ڕۆژئاوا کەم ناسراوە، بەڵام بەهۆی لاوازبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و سوپای ئازادی سووریاوە، بەرەی ئیسلامی بە سەرکردایەتی عەلوش وەکو هێزێکی شەڕکەری کاریگەر لە گۆڕەپانی شەڕدا دەرکەوتووە".

ئەو دەزگایە دەڵێت بەرەی ئیسلامی هەروەها یەکێک بووە لە هێزە سەرەکییەکانی بەرگریکردن لە شاری حەلەب کاتێک کە هێزە سوورییەکان ویستیان ئەو شارە جارێکی دیکە کۆنترۆڵ بکەنەوە. ئەو بەرەیە، هاوپەیمانییەکی سەلەفیەکانە کە پشتگیری لە دامەزراندنی خەلافەت دەکات، بەڵام دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ە.

"کۆبانی شارێکی سوورییە و دانیشتووانەکەی موسڵمانن. هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئازادکردنی. هەروەکو چۆن هەوڵدەدەین شارەکانی دیکە لە چنگی ڕژێمەکەی ئەسەد ڕزگار بکەین." عەلوش لە ڤیدیۆکەدا وا دەڵێت. ڤیدیۆکە لەلایەن تۆڕی شامەوە دروستکراوە و لەسەر یوتیوب بڵاوکراوەتەوە.

"بۆچوونی ئێمە لەسەر داعش نەگۆڕاوە"، ئەو دەڵێت "ناتوانین ئەو تاوانە قێزەونانەی کە بەرامبەر بە گەلی سووریا ئەنجامیانداوە لەبیر بکەین".

زۆربەی ڕەخنەکانی عەلوش ڕوو لە کورد بوون "کوردی باش و خراپ هەیە"، ئەو دەڵێت هەروەکو چۆن عەرەبی باش و خراپیش هەیە، "هەندێک لە کورد دڵسۆزی ڕژێمن، وەکو PKK و PYD".

بە ئاماژە بە سەرۆکی پێشووی سووریا کە باوکی بەشار ئەسەدیش بوو، عەلوش دەڵێت "PKK لەلایەن حافز ئەسەدەوە دروستکراوە. PYDش باڵێکی PKKیە."

ئەو ڕایگەیاند کە بزووتنەوەکەی سوورە لەسەر پارێزگاریکردن لە هەموو شارێکی سووریا، لە بەرامبەر ئەسەد و هاوپەیمانەکانی و "داگیرکەرە ناوخۆیی و بیانییەکان، بە داعشیشەوە".




(فۆتۆ: AFP)

# گەنجانی جزیرێ چاڵ بۆ حکومەت هەڵدەکەنن

## ژنێکی جزیری: زۆرکەس بە شەو دەکەوێتە چاڵەوە



**مێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- جزیرێ**

گەنجانی جزیرێ و سلۆپی لە باکووری کوردستان بڕیاریانداوە بە شێوازێکی نوێ نارەزایی دەربڕن. ئەوان لە گەڕەکەکانیاندا چاڵی قووڵ هەڵدەکەنن و ناهێڵن هیچ ئۆتۆمبێلێکی دەوڵەت پێیدا تێبپەڕێت. گەنجێکی جزیرێ دەڵێت: "دەوڵەت سەلماندوویەتی ناتوانێ هیچمان بۆ بکات، بۆیە پێویست ناکات بێتە ناومانەوە. لەمەودوا خۆمان دەوڵەتین". بەڵام مەزنترەکان وا بیرناکەنەوە. ئاسنگەرێک دەڵێت: "ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا سەربگرێت، ئەو چاڵانەش پڕدەبنەوە".

### مێتێک بە ئۆجەلان دەڵێت "سەرۆک"

لە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل، دوای دەرچوونت لە دوایین خاڵی پشکنینی پێشمەرگە، دەگەیتە یەکەمین خاڵی پشکنینی تورکی. لەوێ دەبێ لە ئۆتۆمبێلەکەت دابەزیت و چاوەڕێ بکەیت تا چەند کەسێک، بە جلی مەدەنییەوە و بە دەمانچەیەک بەقەدەوە، ئۆتۆمبێلەکەت و خۆت دەپشکنن. شۆفێرێکی خەڵکی باکووری کوردستان پێیگوتم: "ئەمانە سەر بە دەزگای هەواڵگریی سەربازی (میت)ن". کابرای میت بە کرمانجییەکی ڕەوان قسەی لەگەڵ دەکردین. کە زانیی ڕۆژنامەنووسین باسی "پرۆسەی چارەسەری"ی کرد. دوایی بەشانازییەوە گوتی: "من خەڵکی ئورفام، ئیبراهیم تاتلیسەس و سەرۆکیش خەڵکی ئەوێن". بەپێکەنینەوە گوتم: "سەیرە تۆش پێیدەڵێت سەرۆک و ئەو دەمانچەیەی دەوڵەتیشت بە قەدەوەیە". بزەیەکی کرد و بەتورکی بۆ هاوڕێکانمان دەستیکرد بە ڕوونکردنەوە: "کەسێک سەرۆک بێت بە من ناگۆڕدرێت و دەبێ وەکو سەرۆک ڕێزی بگرم. وەکچۆن گیولەن سەرکردەیە، بارزانی سەرکردەیە ئاواش ئەو سەرۆکە".

### کارەبا بەرامبەر شێرپەنجە

ئەو دیمەنە ئەرێنییەی ئاشتەوایی لە باکووری کوردستان دوای تێپەڕبوون لەو خاڵی پشکنینە کۆتایی پێهات. لە دەروازەی شارۆچکەی سلۆپییەوە دەنگی تەقە بەئاسانی دەبیسترا. شەریف، کە شۆفێرمان بوو و ڕۆژانە بۆ سەرسنوور هاتوچۆ دەکات، ئەو دەنگی تەقانەی پێ شتێکی ئاسایی بوو: "ئەوە دەستپێشخەرییەکی گەنجەکانمانە و ماوەیەکە لێرە دەستیپێکردووە. ئەوان دەڵێن ناوچەکانمان پشتگوێخراون و دەوڵەت لێمان ناپرسێتەوە. بۆیە پێویستمان بە دەوڵەت نەماوە". شەریف پشتیوانی لەو گەنجانە دەکات و دەڵێت: "خۆت سەیری سلۆپی بکە، جگە لە تەپ و تۆز چیدیکە دەبینیت؟" ئەو ناوچەیە تەواو پشتگوێخراوە. لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆنی نەوتی ڕژاو لەو تانکەرانەی لە باشوورەوە نەوت دەگوازنەوە کاست دەکات. لەپەنایەوە بۆگەنێکی بەهێز لووتت پڕدەکات. پرسیاری سەرچاوەی بۆنەکە لە شەریف دەکەم، ئەویش بەبێتاقەتییەوە دەڵێت: "لەم ناوچەیەدا سێ وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا دانراون. ئەو وێستگانە دووکەڵێکی زۆریان هەیە. خەڵک لەم ناوچەیەدا تووشی نەخۆشیی ترسناک بووە. هەیە شێرپەنجەی گرتووە. زەوییە کشتوکاڵییەکان چیدیکە هیچیان تێدا شین نابێت".

### ڕووبەڕووبوونەوە بە چەک

لەنێو بازاڕی سلۆپی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس لەپێشمانەوە دەڕوات. لەپڕ دەنگی تەقە دێت و ئۆتۆمبێلەکە بەخێراییەکی زۆرەوە دەسووڕێتەوە. شەریف رادەچڵەکێت و دەڵێت: "بەردەوام کە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەت لەپێش بوو مەودایەکی زۆریان لەگەڵ بپارێزە و نزیک مەکەوە. چونکە لەپڕ تەقەیان لێدەکرێت و ئەوانیش تەقە دەکەنەوە". دوای کەمێک دەنگی تەقە لەپشت سەرمانەوە دەبیستین، توومەز پۆلیس وەڵامی تەقەکەرەکانی دەدایەوە.

لەنێوەندی بازاڕی سلۆپیدا ژمارەیەک دووکانی سووتاو هەن. دەپرسم: "ئەو دووکانانە بۆ سووتاون؟" شەریف وەڵامدەداتەوە: "ئەوە لە پێکدادانەکانی نێوان گەنجان و پۆلیسدا سووتان. ڕەوشەکە خراپە. خوا بۆخۆی چاکی بکات".

### داهێنانەکەی جزیرێ

شەریف خەڵکی جزیرێیە. کاتێک لەدوورەوە جزیرێمان لێ دەردەکەوێت ئاخێک هەڵدەکێشێت و دەڵێت: "ئەم شارە حەیفە وا بێ ساحێب بێت". ئەو لە قسەکانییەوە دیارە کە هەواداری پارتی کرێکارانی کوردستان PKKە، شارەوانیی جزیرێش بەدەست ئەندامانی پارتی (دەبەپە)یە، کە سەر بە PKKیە. پێیدەڵێم: "مادام سەرۆکی شارەوانی لە پارتەکەی خۆتانە، کەواتە خەتای دەبەپەیە کە جزیرێ بێ ساحێبە". ڕادەچڵەکێت و دوایی بەچرپەوە دەڵێت: "ئاخر پێڕاناگەن، دەبێ پارە بۆ شاخیش بنێرن".

شەریف شانازییەکی زۆر بە شارەکەیەوە دەکات. ئەو دەڵێت: "یەکەمین ڕۆبۆت لە مێژوودا لەسەر دەستی کوردێکی خەڵکی جزیرێ دروستکراوە. ئەو مەکینەیەکی دروستکرد بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن". وامزانی گاڵتە دەکات، بۆیە بەشۆخییەوە لێمپرسی: "ئەو مەکینەیە چۆن کاردەکات؟" شەریف بە تامەزرۆییەوە کەوتە باسکردنی "داهێنان"ە کوردییەکە: "من خۆم نەمدیوە، بەڵام وەک باسدەکەن شتێکی میکانیکە، دەچیتە بەردەمی و دەستت ڕادەگریت. ئیتر ئاوێک دەپڕژێنێت و دەستنوێژەکەت بۆ هەڵدەگرێت"!

### لێوی شیرین

جزیرێ شارۆچکەیەکی تۆزاوییە. ڕەنگە هەر بۆیەش بێت زۆر لە کچان و ژنانی جزیرێ لەژێر ئەو عەبا ڕەشەی پۆشیویانە، دەموچاویشیان بە پەڕۆیەکی تەنکی سپی داپۆشیوە. شەریف بۆ ئەمەش دوو لێکدانەوەی هەیە: "ژنی جزیرێ بەوە بەناوبانگن کە چاویان جوانن و دەیانەوێ بەوشێوەیە چاوەکانیان جوانتر دەرکەون"، هۆیەکی دیکەش، وەک شەریف بەپێکەنینەوە باسیدەکات، ئەوەیە کە "ژنانی ئێرە لێویان شیرینە و دەترسن ئەگەر بە پەڕۆی سپی دایننەپۆشن مێش و مێروولە هەراسانیان بکەن".

### چاڵ بۆ حکومەت

هەر کۆڵانێک لەنێو جزیرێدا بۆی بچیت چاڵێکی لێ هەڵکەندراوە و ڕێگە لەوە دەگرێت بچیتە ناویەوە. لە یەکێک لەو کۆڵانانەدا چاومان بە گەنجێکی دەموچاو دەمامکدراو دەکەوێت. ئەو دەڵێت: "دەوڵەت ئیشی لێرە نەماوە. ئێمە بۆخۆمان هەموو شتێک بۆخۆمان دەکەین. ئەوەی دەوڵەت چەندین ساڵە نەیکرد، چیدیکە پێویست ناکات بیکات". لێی دەپرسم: "ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی دەوڵەتی بێتە ئێرە چی ڕوودەدات؟" بەپێکەنینەوە دەڵێت: "بەسەلامەتی ناگەڕێتەوە. ئەگەر ئازان با بێن". ئەوکاتەی ئەو گەنجە قسە دەکات، دەنگی تەقە لەناو شار دێت. گەنجەکە بزەیەک دەکات و دەڵێت: "دیارە دەوڵەت هێشتا تێناگات ئێمە دەڵێین چی!"

لەنزیک یەکێک لەو چاڵانە لە ئاسنگەرێکی پیر دەپرسم: "پێتوایە ئەو چاڵهەڵکەندنە ئاسایی بێت؟" سەرەتا دەڵێ قسە ناکەم، دوایی دەڵێت: "زۆر ئاساییە و هەقی ئەو گەنجانەیە وابکەن. چونکە دەوڵەت لە پرۆسەی چارەسەریدا دەستی دەستیمان پێدەکات. چارەسەر ئەوەیە سەرۆک لە زیندان بێتە دەرەوە و ئاشتی بەرقەرار بێت. ئەوکات ئەو گەنجانە چیدیکە چاڵ هەڵناکەنن".

ژنێکی گەنج، کە پەنجەرەی ماڵەکەیان دەکەوێتە بەرامبەر یەکێک لەو چاڵانە، کە دەمانبینێ سەر دەهێنێتە دەرەوە و بەتوانجەوە دەڵێت: "چاڵەکان بۆ حکومەت هەڵکەندراون. کەچی شەوان تاریکە و زۆرکەسی ئاسایی، مۆبایلی بەدەستەوەیە، ئاگای لێنییە لەپڕ دەکەوێتە ئەم چاڵەوە"، ئینجا قاقا پێدەکەنێت.

### گەنجترین سەرۆک شارەوانی

لەیلا ئیمرەت، تەمەنی 27 ساڵ بوو کە بووە سەرۆکی شارەوانیی جزیرێ. ئەو گەنجترین سەرۆک شارەوانی بوو لە باکووری کوردستان. خەڵکی ناوچەکە ڕێزێکی زۆری دەگرن، چونکە، وەک باسدەکەن، تەمەنی لەخوار دە ساڵانەوە بووە کە سوپای تورکیا لەپێشچاوی خۆی باوکیان شەهیدکردووە. ئەو ساڵانی درێژ لە ئەڵمانیا ژیاوە. لە نووسینگەکەیدا هەموو کارێکی فەرمی بە زمانی کوردی دەکرێت. تەنانەت تابلۆی سەر دیوار و نووسراو و زانیارییەکانیش بەکوردین. لەیلا ژنێکی گەرموگوڕە و زۆر حەزدەکات هاوکاریمان بکات، بەڵام لەبارەی چاڵهەڵکەندنەکانەوە هیچمان پێناڵێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە لەژێر لێوەوە دەڵێت: "ئەوەی ئەو گەنجانە کردوویانە، دەستپێشخەرییە".

# گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆڵ دەبن

**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**



تا دێت گوندەکانی ئێران چۆڵتر دەبن و شارەکان قەرەباڵغتر، پشکی شێریش لە چۆڵبوونی گوندەکان بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەوێت، بە جۆرێک هەندێک لە گوندنشینان تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ناگیرسێنەوە و لە شارە گەورەکانی وەکو تاران و ئیسفەهان نیشتەجێ دەبن.

ساڵانی 1960 تاوەکو 1965 محەممەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئەوکاتی ئێران بڕیاری دابەشکردنی زەوی دا بەسەر گوندنشینان، بەمەش زۆربەی زەوییەکان لە دەستی ئاغاکان هاتنەدەر و کەوتنە دەستی جوتیاران و گوندنشینان، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و کارابوونی ڕۆڵی گوندەکان لە ئابووریی وڵاتدا. لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە 19 ملیۆن کەس بووە کە 13 ملیۆنیان لە گوندەکان دەژیان، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە بە تەواوی پێچەوانەوە بووەتەوە، بەجۆرێک دانیشتووانی ئێران کە ئێستا 75 ملیۆن کەسن، 71%یان شارنشینن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیان کەم نییە ئەوانەی داری هەڕاجیان لە مەڕ و ماڵات و داراییەکانی خۆیان داوە و بە هیوای ژیان و کارێکی باشتر ڕوویانکردووەتە شارە گەورەکانی ئێران.

بەپێی ئامارەکانی ئەرشیفی پەرلەمانی ئێران، تەنیا تاوەکو ساڵی 2000 لە شاری بیجاری پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە 150 هەزار دانیشتووی ئەو شارە ڕوویانکردووەتە شارە گەورەکانی ئێران، ئەوە لە کاتێکدایە کە دانیشتووانی ئەو شارە بەپێی ئامارەکانی ساڵی 2010 تەنیا 100 هەزار کەس بووە، واتە زۆربەی خەڵکی ئەو شارە کۆچیان کردووە. ئەو کۆچە گشتگیرە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە و لوڕستانی گرتووەتەوە.

هەرچەندە ئامارێکی ڕوون و جێی متمانە لەبەردەست نییە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی لە شارە گەورەکانی ئێران و بە تایبەتی لە تاران نیشتەجێن.

بەپێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەهۆی کۆچی گوندنشینانەوە بۆ شارەکان، لە ئێراندا زیاتر لە 40 هەزار گوند چۆڵکراون. لەبەرئەوەشە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شارەکانی وەک ورمێ، سنە، کرماشان، خۆی، سەقز و بۆکان دوای شۆڕشی 1979 ژمارەی دانیشتووانیان دوو بەرامبەر بووەتەوە و ئێستا کرماشان و سنە و ورمێ بوونەتە سێ گەورە شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

چالاکڤانانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن چۆڵبوونی گوندەکان و کۆچی خەڵکی لە هەندێک شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بە تایبەت لە شارەکانی ورمێ، سەڵماس، خۆی، تکاب، ساینقەلا، میاندواو، بیجار و سونقوڕ.

ئەوان دەڵێن زۆربەی هەلی کارەکان، بە پۆستی ئیداری و حکومی و کەرتی تایبەتەوە دەدرێت بە ئازەرییەکان و گەنجانی کورد بەو شێوەیە هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم نامێنێ جگە لە کۆچکردن.

دیاکۆ خەیات، ئابووریناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت شارەکان ئامادەیی ئەو ڕێژە بەرزەی کۆچی گوندنشینانیان نەبووە و هاوتەریبی ئەوە گەشەیان نەکردووە و نەزم و گەشەی شارەکانیش تێکچووە.

ناوبراو سەبارەت بە کاریگەری و مەترسی چۆڵبوونی گوندەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "کۆچی دانیشتووانی گوند بۆ شارەکان، کشتوکاڵی لاواز کردووە و کاریگەری نەرێنی و ڕاستەوخۆی لەسەر کەرتی پیشەسازی هەبووە".

بە گوتەی دیاکۆ خەیات، تێچووی زیندووکردنەوەی گوندێک کە چۆڵکراوە، چەندین بەرامبەری نۆژەنکردنەوەی گوندێکە، کارێک کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران 10 ساڵە ئەنجامی دەدات لە ژێر ناوی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی گوندەکان کە لە ئێران بە "هادی" دەناسرێت. ئەم هەڵمەتە زۆربەی گوندە گەورەکانی ئێرانی گرتووەتەوە، بەڵام کاریگەری نەبووە لەسەر چۆڵبوونی گوندەکان.

بە گوتەی ئابووریناسان، حکومەت گرنگی پێویستی بە کەرتی کشتوکاڵ نەداوە، بۆیە گوندنشینان کۆچ دەکەن بۆ شارەکان.

### خەڵک چۆن دەگەڕێنەوە گوندەکان؟

دیاکۆ خەیات سەبارەت بە ڕێکارەکانی گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ گوندەکان دەڵێت حکومەت پێویستە ئەو چەند کارە بکات:

1- پشتگیری لە کەرتی کشتوکاڵ و گەرەنتی کردنی کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران بە نرخێکی دیاریکراو.

2- گشتگیرکردنی بیمەی کشتوکاڵی.

3- پێدانی قەرزی بچوک و گەورە بۆ کڕینی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی

4- زیادکردنی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکان وەک تەندروستی، خوێندن، ئینتەرنێت و چاککردنی ڕێگەو بانەکان.



## گەنەل ئێنێرجی لە کوردستان غاز بەرهەم دێنێت

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیـای گەنەل ئێنێرجی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان ڕێکەوتنێکی مۆرکرد لەسـەر بەرهەمهێنانی غاز لە هـەردوو کێڵگەی "میران" و "بەنەباوی"، بڕیاریشە لە زستانی ساڵی 2018 بەرهەمی غاز لە دوو کێڵگەیە بگەیەنێتە تورکیا. ڕۆیتەرز لەزاری جولیان میزریل، بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیای ناوبراو بڵاویکردەوە "بازاڕی غاز چاوەڕێیە کۆمپانیاکەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا گرێبەست بکات". پسپۆڕانی بواری غاز یەدەگی غاز لەهەردوو کێڵگەکە بە 11.4 تریلیۆن مەتر سێجا مەزەندە دەکەن، بە بەهای 2.6 ملیار دۆلار.

# قەیرانی دارایی هێنانی کرێکاری بیانی ڕانەگرتووە

**وەزارەتی کار:**
**28 هەزار کرێکاری بیانی لە کوردستان هەن**

**یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران:**
**ئەو ئامارە ڕاست نییە و ژمارەکە زۆر زیاترە**

**بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک:**
**کرێکارانی بیانی وەک کۆیلە دەفرۆشرێنەوە و حکومەتیش ئاگادارە**



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هێنانی کرێکاری بیانی دەڵێت بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خواستی هێنانی کرێکاری بیانی نەبووە، ئەگەر لەبەر ڕۆتینی وەزارەتی کار نەبێت دەتوانن زۆرترین کرێکار بهێنن و هەمووشیان بخەنە سەرکار.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، 28.608 کرێکاری بیانی لەهەرێمی کوردستان هەن و ساڵ بەساڵیش ژمارەیان زیاد دەکات، بەجۆرێک ساڵی ڕابردوو 6.262 کرێکار هێنراونەتە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی هێنانی کرێکاری بیانی مۆڵەتدراو گەیشتووەتە 7.212 کرێکار.

سەروەت عەبدولقادر، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکانی (شاشا، گولی سان، ئۆلسین و هاوس سکێرت) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی دەستی کار و پیشەوەران لە هەولێر دەڵێت "خواستێکی زۆر لەسەر هێنانی کرێکاری بیانی هەیە، مانگانە لەهەر کۆمپانیایەکمان زیاتر لە 50 داواکاری هەیە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، بەتایبەتیش لە ڕەگەزی مێ".

کۆمپانیاکانی سەروەت عەبدولقادر، لەماوەی تەنیا 2 ساڵ و سێ مانگدا زیاتر لە 1400 کرێکاری بیانییان لە وڵاتانی نیپاڵ و ئەندۆنیسیاوە هێناوە، بەڵام وەک سەروەت دەڵێت "ئەمساڵ بەهۆی ئەو ڕۆتینە زۆرەی وەزارەتی کار دایناوە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، نەمانتوانی وەکو پێویست داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ بکەین".

### "وەکو کۆیلە دەفرۆشرێنەوە"

کامەران جەلیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گردەوان بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی دەستی کار و پیشەوەران، دەڵێت "هەندێ لە کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی، بازرگانی بە کرێکارەکانەوە دەکەن، بەناوی کوردستانەوە کرێکار دێنن، بەڵام بەنرخی زیاتر وەک کۆیلە بەکۆمپانیاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیان دەفرۆشنەوە".

سەروەت عەبدولقادر پێیوایە حکومەت زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو کۆمپانیایانە ئاشکرا بکات کە کامەرانی هاوپیشەی باسی دەکات و دەڵێت "ژمارەی ئەم کۆمپانیایانە کەمە، وەزارەتی کار و حکومەت لەم بازرگانییە ئاگادارن و بە ڕاپۆرت لەلایان هەیە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ ڕێوشوێنێکیان دژیان نەگرتووەتە بەر".

بۆ نرخی کرێکارەکانیش، کامەران جەلیل دەڵێت "نرخی کرێکار بەگوێرەی شارەزایی دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هێنانی کرێکاری نیپاڵی نزیکەی 4 هەزار دۆلارە و بۆ ئەندۆنیسی 5 هەزار دۆلار وەردەگرین ، کرێی مانگانەشیان لە نێوان 300 تاوەکو 400 دۆلارە".

ئەو کرێکارە بیانیانەی لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن دوو جۆرن، بەشێکیان کرێکاری تایبەتمەندن لەکۆمپانیاکان کاردەکەن، بەشەکەی دیکەیان کرێکاری خزمەتگوزارین.

محەممەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت بەپێی ئەو ئامارەی لە وەزارەتی پلاندانان دراوەتە ئەوان، ڕێژەی بێکاری لە کوردستان 6.5%ە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کوردستان پێشبینی دەکەن ڕێژەکە کەمێک زیاتر بووبێت.

لەیاسای کاری عێراقیدا هیچ ڕێژەیەک دیاری نەکراوە تا کۆمپانیاکان ناچار بکات هەلی کار زیاتر بۆ کرێکاری ناوخۆ بڕەخسێنن، ئەمەش وایکردووە زۆربەی کۆمپانیا بیانییەکان کەمتر کار بدەنە کرێکاری ناوخۆ.

وەزیری کار، ئەمە بەکەموکوڕی لە یاساکە دەزانێت و دەڵێت "ئەم یاسایە وایکردووە کۆمپانیاکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان زیاتر کرێکاری بیانی کار پێبکەن، بۆیە دەمانەوێت یاساکە هەموار بکەینەوە، تاوەکو چیدیش کۆمپانیاکان بە ئارەزووی خۆیان کرێکاری بیانی نەهێنن".

هاوڕێ جەمال، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان پێیوایە ئاماری وەزارەتی کار بۆ کرێکارانی بیانی ڕاست نییە "چونکە ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی هەن پێشتر لەشارەکانی عێراقەوە بەقاچاخ هاتوونەتە کوردستان و لە ئاماری وەزارەتی کاردا تۆمار نەکراون. جگە لەوەش بەدەیان هەزار کرێکاری کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەشارەکان کاردەکەن و لەئاماری وەزارەتی کاردا تۆمار نەکراون".

سەبارەت بە قەبارەی بێکاریش، هاوڕێ جەمال دەڵێت دوای بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، هەلی کار زۆر کەمبووەتەوە، بۆیە پێشبینی دەکات ئێستا ڕێژەی بێکاری لە کوردستان گەیشتبێتە 10%.

بۆ چارەنووسی ئەو کرێکارانەی بەقاچاخ هێنراونەتە هەرێمی کوردستان، وەزیری کار گوتی "ئێمە بەهیچ شێوەیەک نووسراو بۆ مانەوەیان ناکەین و مۆڵەتی کارکردنیشیان نادەینێ، چونکە هاتنی ئەو کرێکارانە لەگەڵ پێویستی ئێمە یەکناگرێتەوە، بۆیە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ڕێکەوتووین کە دەبێت ئەم کرێکارانە سنووردباش بکرێنەوە".

سەبارەت بە فرۆشتنەوەی کرێکاری بیانی بە کۆمپانیا عێراقییەکان، محەممەد هاودیانی گوتی "هەندێ لە کۆمپانیاکان دەیانویست کرێکاری بیانی بهێنن و دواتر بۆ ناوچەکانی عێراقیان بگوازنەوە، بەڵام نەمانهێشت. هەندێ لە کۆمپانیاکانیش لە شاری دوبەی کرێکاریان لە دەستی دوو دەهێنا کە بەبڕوای ئێمە ئەمە جۆرێکە لەبازرگانی، بۆیە هەوڵماندا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کرێکاریان لێوە دێت نووسراوی لێکتێگەیشتن مۆر بکەین، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە هەم وڵاتەکە ئاگادار بکەینەوە، هەمیش ڕێگر بین لەم جۆرە بازرگانییە".

پسپۆڕانی ئابووری هۆکاری ئەو خواستە زۆرەی لە هەرێمی کوردستان بۆ کرێکاری بیانی هەیە، بۆ کەمیی نرخی کرێی کارکردنی کرێکاری بیانی بە بەراورد بە کرێکانی ناوخۆ دەگەڕێننەوە.

ئیدریس ڕەمەزان، شارەزای ئابووری دەڵێت نەبوونی یاسا و ڕێنماییەکی دیاریکراو لەلایەن حکومەت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هێنانی دەستی کاری بیانی لەهەر ساڵێکدا وایکردووە کوردستان پڕ بێت لە کرێکاری بیانی، گوتیشی "بەهۆی هاتنی ئەو ڕێژە زۆرەی دەستی کاری بیانی، لەلایەک دەرفەتی کار کەمبووەتەوە و ڕێژەی بێکاری بەرەو هەڵکشان چووە، لەلایەکی دیکەش ڕێژەیەکی زۆر لە داهاتی کوردستان لە ڕێگەی ئەم هێزە کارە بیانییەوە دەچێتە دەرەوە و ئەمەش زیان بە ئابووری کوردستان دەگەیەنێت".

ئەو ئابووریناسە، سەرسوڕمانی خۆی لەکاری وەزارەتی کار دەربڕی و گوتی "زۆر لام سەیرە وەزارەتی کار لەلایەک بیمەی بێکاری دەداتە دەرچووانی زانکۆ و لەلایەکی دیکەش ڕێگە بەهاوردەکردنی هێزی کاری بیانی دەدات، ئەمە لەکاتێکدایە ئەم دوو کارە دژ بەیەکن".

وەزیری کار دەڵێت کە ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان لە ئایندەدا لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ڕێکبکەون بۆئەوەی ساڵانە ڕێژەی هێنانی کرێکاری بیانی بەپێی پێویست دیاری بکرێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین هەر کۆمپانیایەک بەویستی خۆی بەشێوەیەکی ڕەها چەند بیەوێت کرێکار بەناوی جیا بهێنێ".

ناوبراو گوتیشی "بەوپێیەی لەهەرێمی کوردستان ڕێژەیەک لە بێکاری هەیە، بۆیە لەداهاتوودا هەوڵ دەدەین زیاتر کرێکاری خۆماڵی بخەینە سەر کار، چونکە بوونی ئەم هەموو کرێکارە بیانییە لەکوردستان هەلی کاریان بۆ کرێکاری خۆماڵی کەمکردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی کرێکاری بیانیش ڕەچاو دەکەین".

# ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کوردستان لەگەڵ دەرەوە 50% کەمی کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری هاوردەو هەناردەی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بەهۆی هێرشەکانی داعش و ئەو قەیرانە داراییەی بەهۆی بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە دروستبووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی تووشی پاشەکشەیەکی گەورە بووە و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 50% کەمی کردووە.

ئیسماعیل محەممەد، بەڕێوەبەری هاوردەو هەنارده لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە (ڕووداو)ی گوت پێش شەڕی داعش و ئەو قەیرانە ئابوورییە، ڕۆژانە زیاتر لە 50 بازرگان داوای مۆڵەتی هاوردەکردنی کەلوپەلیان دەکرد، بەڵام ئێستا ڕۆژانە ناگاتە 15 مۆڵەت "بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 50% کەمی کردووە".

پێشتر هاوردەکردن لە ئاستێکدا بوو کە کۆگای بازرگانەکان پڕ بوون، بەڵام ئیسماعیل محەممەد دەڵێت "ئێستا بازرگان تاوەکو کۆگاکەی بەتاڵ نەبێت، یان زۆر پێویست نەبێت، کاڵای دیکە ناهێنێ".

### خواستی کڕین کەم بووە

حەسەن حوسێن عەزیز، بازرگانێکی شاری هەولێرە، ئامێری ئەلیکترۆنی و کەلوپەلی کارەبایی هاوردە دەکات. ئەو گوتی "پێشتر خواستێکی زۆر لەسەر کڕینی ئامێری ئەلیکترۆنی و کارەبایی هەبوو، مانگانە زیاتر لە سێ حاویە کەلوپەلمان لە چین و کۆریا و تورکیاوە هاوردە دەکرد، بەڵام ئێستا خواستی کڕین زۆر کەم بووەتەوە، بۆیە بە سێ مانگ دوو حاویە کەلوپەل هاوردە ناکەین".

ئەو بازرگانە کەمبوونەوەی خواستی کڕینی بۆ دواکەوتنی مووچە گەڕاندەوە و گوتی "ئێستا خەڵک ئەگەر زۆر پێویستی بە ئامێرێک نەبێت نایکڕێت".

لەدوای ساڵی 2003وە ئابووریی کوردستان گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینی. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەگەڵ تورکیا و ئێران ساڵ بەساڵ لەهەڵکشاندابوو، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا گەیشتە نزیکەی 8 ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێرانیش گەیشتە نزیکەی 5 ملیار دۆلار.

عەبدولواحید تەها، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر دەڵێت پێشبینییان دەکرد ئەمساڵ قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کوردستان لەگەڵ تورکیا بگاتە 12 ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێران بگاتە 7 ملیار دۆلار "بەڵام بەهۆی دروستبوونی قەیرانی دارایی و هێرشی داعش، ئەم خەونە نەهاتەدی و ئێستا ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەپاشەکشەدایە".

سەبارەت بە ئاستی دابەزینی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەکە عەبدولواحید تەها گوتی "ئێمە ناتوانین قەبارەی دروستی پاشەکشێکە دیاری بکەین، بەڵام ئاگادارین جوڵەی بازاڕ و ئاڵوگۆری بازرگانی کێشەی تێکەوتووە، چونکە بەهۆی نەبوونی پارە خواستی کڕین زۆر کەمبووتەوە".

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێریشە، دەڵێت "بەهۆی بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و تێکچوونی ئاسایشی عێراق دوای هێرشەکانی داعش، دواتر پچڕانی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەڕاستی عێراق، ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان پاشەکشەی کرد، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ تورکیا بەڕێژەی زیاتر لە 50% و لەگەڵ ئێران بۆ نزیکەی 40% کەمیکردووە، لەگەڵ وڵاتانی دیکەش بەهەمان شێوە".



دارا جەلیل خەیات گوتیشی "ئەگەرچی تاوەکو ئێستا هیچ بازرگان و وەبەرهێنێک بەفەرمی مایەپووچبوونی خۆی ڕانەگەیاندووە، بەڵام ئێمە ئاگادارین لە کوردستان بەگشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی بەدەیان خاوەن پڕۆژە و بازرگان زیانی زۆریان کردووە".

### بانکەکان کێشە بۆ بازرگانەکان دروست دەکەن

دارا جەلیل خەیات پێیوایە بەشێکی ئەو زیانەی بەر بازرگانەکان کەوتووە، بەهۆی بانکەکانەوەیە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بازرگانێکی زۆر پارەیەکی یەکجار زۆریان لە بانکە حکومییەکان داناوە، بەڵام بانکەکان دەستی دەستییان پێدەکەن و پارەکانیان بۆ ناگەڕێننەوە، یان بەقیستی کەم دەیاندەنەوە، بۆیە زۆر کەس سکاڵای ئەوە لای ئێمە دەکەن کە بانکەکان مامەڵە بەپارەی ئەوان دەکەن".

ناوبراو پێیوایە ئەم هەڵسوکەوتەی بانکەکان بەگشتی و بانکە حکومییەکان بەتایبەتی دواجار بێ متمانەیی لێدەکەوێتەوە "ئێمە چەندین ساڵە کار دەکەین بۆئەوەی خەڵک متمانە بە بانکەکان بکات، بەڵام بەداخەوە بانکەکان بەم هەڵسوکەتەیان لەگەڵ خەڵک و بازرگانەکان، جارێکی دیکە متمانەی خۆیان لەدەستدا".

لەساڵانی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی دەیان پێشەنگای بازرگانی و پیشەسازی دەکرانەوە کە جموجۆڵێکی گەرمیان بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دابوو، بەڵام ئەمساڵ کەمترین پێشەنگا کراونەتەوە. دارا جەلیل خەیات دەڵێت "کردنەوەی ئەم پێشەنگایانە جموجۆڵێکی بەهێزیشی خستبووە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی و نائارامی، پێشەنگای زۆر نەکرانەوە".

## عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران:

# کۆمەڵەکان یەکناگرنەوە



عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەساڵی 1969. دوای شۆڕشی ئێران لەساڵی 1979 رۆڵێکی بەرچاوی لە رێکخستنی کۆمەڵە و دواتر پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەبووە. بەڵام ساڵی 2000 لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو حیزبە و رێکخراوە کوردستانییەکەی کە ناوی کۆمەڵەیە، جیابوونەوە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند و عەبدوڵڵا موهتەدی لەوکاتەوە سکرتێری ئەو حیزبەیە. ساڵی 2007 ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبەکەی جیابوونەوە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دامەزراند. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام موهتەدی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) بێ هیوایی خۆی دەردەبڕێ لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان و دەڵێت "کۆمەڵەکان یەک ناگرنەوە".

هەڤپەیڤین: ناسر رەحمان

- کۆمەڵە لە قەفەسی حیزبی کۆمۆنیستدا نەماوە
- گەڕانەوەمان لە بەرەکانی شەڕ لەژێر گوشاری ئێراندا بوو
- پرۆژەیەک بۆ یەکڕیزیی حیزبەکانی رۆژهەڵات ئامادە دەکەم
- تەنیا رێگەمان هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە

**رووداو: هەست ناکەن کاتی ئەوە هاتووە ریزەکانی کۆمەڵە یەکبخەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** کۆمەڵەیەک کە هەم یەکگرتوو هەم پتەو بێ، تەنیا دەکرێ لە دەوری رێبازێکی سیاسیی دروست بنیات بنرێ. خەیاڵی کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بەرنامەی سیاسی، ستراتیژی و ئەجێندای جیاوازیان هەیە تەنیا بەهۆی ئەوەی کە ناوی کۆمەڵەیان لە خۆیان ناوە، لەژێر چەترێکدا نە مومکینە و نە بەکەڵکە. چونکە نابێتە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو. هیچ کەس هێندەی من خوازیاری کۆمەڵەیەکی بەهێز و پتەو نییە، بەڵام تەنیا لە دەوری رێباز و سیاسەت و ستراتیژییەک کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەم بێ. ئێستا کۆمەڵەیەک هەیە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەناوی لقی کوردستانی ئەو حیزبە، خەڵکی تێکۆشەری زۆریشی تێدایە، بەڵام بە ئەندازەیەک رێبازەکەی جیاوازە کە هەبوونی ناوی کۆمەڵە تازە ناتوانێ یەکمانخاتەوە لەگەڵی.

**رووداو: کۆمەڵەی ئێستا لەگەڵ کۆمەڵەی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو چ جیاوازییەکی هەیە، بۆچی ئەوکات دەکرا پێکەوە بن و ئێستا ناتوانن؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە جیهان، لە ناوچەکە، لە ئێران و کوردستان روویانداوە، سەیر دەبوو ئەگەر جیاواز نەبایەن. خۆی پرۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە کە دوای چەندین ساڵ مشتومڕی فکری، سیاسی و تیۆریک ساڵی 2000 بەئەنجام گەیشت، وەڵامێک بوو بۆ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم و خۆنوێکردنەوە و توێ فرێدانێک بوو.

**رووداو: ئێوە بەجیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیست خۆتان لە چەپبوون شووشتەوە؟ ئێستا حیزبێکی چەپن یان نەتەوەیی؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بەپێچەوانەوە یەکخستنەوەی چەپبوون و کوردستانیبوونە کە پێناسەی ئەو نوێکردنەوەیە دەخاتەڕوو. نەک چەپبوونێکی کلاسیک و کۆمۆنیستی کە نە لە کوردستان و نە لەهیچ کوێی جیهان وەڵامدەر نییە و نەبووە. جۆرێک لە چەپایەتی کە بەواتای ئیدۆلۆژییەکی داخراو نییە. چەپبوونێک بەمانای کۆمەڵایەتی وەکو ئەو شتەی لە ئەورووپا وەکو حیزبی راستتر و چەپتر هەیە. چەپایەتی بە مانای یەکسانیی کۆمەڵایەتی، بەرنامەیەکی پێشکەوتنخواز، سکۆلاریزم، یەکسانیی مافی ژن و پیاو، یاسای کارێکی پێشکەوتووانە، ئازادییەکی بەربڵاو، دیموکراسییەکی راستەقینە و بە مانای بەشداریی خەڵک لە پرۆسە سیاسییەکاندا. ئەو مانایەی چەپ لەگەڵ پرۆژەی رزگاریی نەتەوەیی دەبێ لەیەک هەڵپێکرێن و من پێکهێنانی تێکەڵاوییەکی دروست لەنێوان ئەو دووانە بە پێناسەی کۆمەڵە دەزانم. کۆمەڵە پێشتریش وابوو، بەڵام لە سەروبەندی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لایەنی نەتەوەیی، دیموکراسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کز و لاواز بوون، کە ئەمانەش حیزبێک وشکدەکات و لە بنەماکانی دووری دەخاتەوە. لەحاڵێکدا کۆمەڵە حیزبی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی، دیموکراسیی بەربڵاو و حیزبی ئازادیی ژنان بوو، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست سەرجەم ئەو پێناسانەی لێ داشۆری و لە خزمەت زەقکردنەوەی لایەنی کۆمۆنیستیدا ئەو پێناسانەی کۆمەڵەی کاڵ کردەوە.

**رووداو: زۆر لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دوای جیابوونەوە دەڵێن گەڕاونەتەوە سەر بنەما راستەقینەکانی حیزب، ئایا ئێوە گەڕانەوە سەر بنەماکانی کۆمەڵە و ساختان کردەوە یان ویستتان بە چەپێکی مۆدێرن، نوێی بکەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** هەردووکیان. سەرەتا کۆمەڵەمان ساخکردەوە بەو واتایەی کۆمەڵەمان لە قەفەسی حیزبی کۆمۆنیست و جیهانی نەزۆکی فیکری و سیاسیی ئەو حیزبە دەرهێنا و بردمانەوە نێو کۆمەڵگای کوردەواری و خەباتی رزگاریخوازی و ئازادیخوازانەکەی خۆی. بردمانەوە بۆ نێو بزووتنەوەیەک کە هەم ئێمەی وەکو حیزبێکی جەماوەری پێگەیاندبوو، هەم ئێمەش جێ پەنجەمان دیاربوو لە دەوڵەمەندکردنی ئەو بزووتنەوەیەدا. هەروەها ئەوەش راستە کە کۆمەڵەمان نوێکردەوە و لەگەڵ بارودۆخی تازە، ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان و پێشکەوتنە سیاسییەکاندا گونجاندمان.

**رووداو: ماوەیەک پێش ئێستا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان رایگەیاند کە رەوتی دانوستاندنەکانتان بۆ یەکگرتنەوە شکستی هێناوە. هیچ هەوڵێکی تازە دەستپێناکەنەوە بۆ یەکگرتنەوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** نەخێر، جارێ هیچ هەوڵێک لە ئارادا نییە.

رووداو: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان رەخنەتان لێدەگرن و دەڵێن ئێوە زیاتر خۆتان بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و پرسەکانی تارانەوە سەرقاڵ کردووە؟

عەبدوڵڵا موهتەدی: ئەوە وا نییە، هەرکەس جیابووەوە دەبێ قسەیەک بەرووی خۆیەوە بگرێ دەنا لێی دەپرسی بۆ جیابوویتەوە.

**رووداو: بەڵام ئێوە زۆر لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان تێکەڵاون؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** تەواوی پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و بە شوێنیدا بەتایبەت ئەو ساڵانەی رابردوو هەموو هەوڵی فیکری و سیاسی من تەرخانکراوە بۆ ئەوەی نەک تەنیا لە حیزبەکەی خۆمان، بەڵکو لەنێو هەموو لایەنەکان، گوتارێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروستبێ کە رۆژهەڵات تەوەر بێ و ئەوەم لەگەڵ هەموو حیزبەکان و خەڵکی دیکەش باسکردووە. پێموایە دەبێ کوردستانی رۆژهەڵات بکەینە جێگەی سەرەکی سەرنج و ستراتیژی خۆمان لە بەرژەوەندی دوورخایەنی خۆمان لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە هەڵێنجین. بەڵام بۆ ئەوەی وابکەی ناتوانی تەنیا لە کوردستانی رۆژهەڵات بمێنییەوە و دەبێ دنیابینی و سەرنجی دنیا بۆ لای رۆژهەڵات رابکێشی. دەبێ پارچەکانی دیکەی کوردستان کە بەشێکن لە نەتەوەی خۆت ببینی و لەگەڵیان بی، نەک هەر بە مەبەستی خزمەتکردن بەوان، کە ئەوەش پیرۆزە، بەڵام بۆ راکێشانی سەرنجی ئەوان بۆ لای رۆژهەڵاتی کوردستان. هەروەها دەبێ ئێرانیش ببینی و هەوڵ بدەی سەرنجی هەموو لایەنەکان رابکێشی. کەسێک دەتوانێ بە باشترین شێوە خزمەتی کوردستانی رۆژهەڵات بکا کە زۆرترین پەیوەندی و زۆرترین دۆستایەتی بۆ دروست بکات.

من بە قازانجی کوردی دەزانم هاوکاری لەگەڵ کەسانێکدا بکرێ کە ئێستا رەنگە بە باشیش مافی تۆ نەدەن، بەڵام دەبێ هاوکارییان بکرێ بە مەبەستی رووخاندنی دیکتاتۆری و هێنانی دەرەجەیەک لە دیموکراسی بۆ ئێران. ئایا رێگەی دیکە هەیە کە گۆڕانی سیاسی بهێنێ لە ئێراندا؟ ئایا کورد بە تەنیا کۆماری ئیسلامیی پێ دەڕووخێ؟ ئەگەر بۆی دەکرێ و خۆی بۆ سەربەخۆ دەکرێ بۆچی تاوەکو ئێستا نەیکردووە. ئەگەر ئاوی بۆ کورد زۆر تێکەی لەوپەڕیدا 15%ی کۆمەڵگای ئێران پێکدێنین و ناتوانین بە تەنیا دەسەڵات و سیستمی سیاسیی ئێران بگۆڕین.

**رووداو: ئاسۆی ئەوە چەند روونە بەو ئۆپۆزیسیۆنە کۆماری ئیسلامی بڕووخێنرێ؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بەبێ ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کورد ناتوانێ بە تەنیا بیڕووخێنێ و ئەوە تەنیا رێگایە. مەگەر ئەو نیعمەتەی بەسەر کوردستانی باشووردا باری، سەدام چوو کوێتی گرت و ئەمریکا لێیدا. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رۆژێک لە رۆژان بڕیاری دا لەئێران بدا، کە من بە دووری دەبینم، ئێمەش موحتاجی دەستی کەسی دیکە نابین. ئێمە ناتوانین ستراتیژیمان لەسەر بنەمای بنبەست دارێژین و دەبێ رێگەیەک بەو خەڵکە نیشان بدەین. یان دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی دوژمنایەتییەکی وا گەورە ببێ لەگەڵ ئێران کە لاییبات، یاخوا وابێ کێ شتی ئاوای پێ ناخۆشە. یان دەبێ لەنێوخۆی ئێران گۆڕانێک رووبدا کە کورد بەتەنیا ناتوانێ بیکات و دەبێ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، ئۆپۆزیسیۆنی چەپ، لیبراڵ و دیموکراسیخواز و لەوان گرنگتر لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو کرێکاران، ژنان و خوێندکاران پەیوەندیت هەبێ کە ئێمەش ئەوەمان کردووە.

**رووداو: لەماوەی رابردوودا دوو لایەنی حیزبی دیموکرات و سێ لایەنی کۆمەڵە چەند دانیشتنێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەو دانیشتنانە سەرەتایەک نین بۆ یەکخستنی هێزەکانی رۆژهەڵات؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** ئەو دانیشتنانە لەسەرەتای کۆنگرەی نەتەوەییەوە پێکهاتن و زۆریش بەکار و بەکەڵک بوون، بەڵام دەبێ بۆ قۆناغی داهاتوو فراوانتر بکرێن. هەرچی لە تواناماندا بێ بۆ پێکهێنانی رێکخستنێکی گەورە لە کوردستانی رۆژهەڵات دەیکەین و مەرجیش نییە بەو پێنج حیزبە بێ، با هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربن.

**رووداو: ئەو لایەنانە هەمووان دەگرێتەوە؟ پێشتر مەرجتان بۆ پژاک هەبوو، ئەو مەرجە ماوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** جارێ دیار نییە و دەبێ دابنیشین و قسەی لەسەر بکەین.

**رووداو: پێتوایە ئەو یەکگرتنە وەدی دێت؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** وەدی نەیەت زەرەر دەکەین، وەدیبێ هەموومان قازانج دەکەین.

**رووداو: بە بڕوای خۆت ئەو یەکگرتنە بە ئەنجام دەگات؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** عەقڵ حوکم دەکا بیکەین، ئەگەر ئەو کارە نەکەین خراپمان کردووە و دیارە بەرژەوەندیی خۆمان چاک نەزانیوە. ئەوەش کە بەرژەوەندی خۆی تەشخیس نەکا هەر دەبێ زەرەر بکات. پێموایە دەبێ ببێ، زۆرمان هەوڵ بۆ داوە، بەڵام بە هەموو لایەک دەکرێت. ئەگەر ئەو کارە بکەین هیچکەس زەرەری تێدا ناکات و هەموو قازانجی لێدەکەن و هیچ هەڕەشەیەکی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تێدا نییە.

**رووداو: ئێوە بۆچی دوای چەند ساڵ هیچ پەرەتان بەو رێککەوتنە ستراتیژییە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەداوە؟ ئەوە ئەزموونی نیوە بە نیوەکەی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، پیادەتان کرد؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** لەگەڵ رێزم بۆ ئەو خەڵکانەی ئەو قسەیە دەکەن، ئێمە زۆر پێش ئەوەی کە لە باشوور بەرەی کوردستانی دابمەزرێ، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروستکردووە. ئەوە کاری بە فیفتی فیفتی نییە، ئێمە دوو حیزبی کاریگەرین لە کوردستانی رۆژهەڵات، بەڵام ناشڵێین لایەنی دیکە نین و تەنانەت وشەی حیزبی سەرەکی لە دەقەکاندا بەکارنابەین. ئەو رێککەوتنە بۆ ئەوکات هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام ئەوە راستە کە نابێ لەجێی خۆی چەق ببەستێ. دەبێ بچێتە پێش و فراوان بکرێتەوە. دەبێ چوارچێوەیەک دروستبکرێ کە نەک هەر ئەو دوو حیزبە بەڵکو زۆرترین لایەنەکانی رۆژهەڵات لەخۆبگرێ. هەروەها دەبێ لەڕووی ناوەڕۆکەوە قووڵ بکرێتەوە.

**رووداو: بۆچی لەو ماوەیەدا ئەو کارەتان نەکردووە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** زۆر شتمان کردووە و لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش قسەمان کردووە. هاوکات پێمانوایە دەبێ هەوڵێکی تازەش بدرێ. وەکو کۆمەڵە و بە هاوکاری لایەنەکانی دیکە ئەو هەوڵە دەستپێدەکەین.

**رووداو: ئەوە پرۆژەیەکی کردەنییە یان تەنیا قسەیە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** پێموایە ئەو پرۆژەیەمان دەبێ. بە قسە باسمان کردووە و دەبێ بە کردەوەش بیکەین بە پرۆژە. لەوانەیە لە پلینیۆمی داهاتوودا ئەو باسە تاوتوێ بکەین و بیکەینە پرۆژە.

**رووداو: رات لەسەر گوتاری "رۆژهەڵات تەوەری" چییە کە ماوەیەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** من ئەوە دوو سێ ساڵ دەبێ ئەوە دەڵێم و لەگەڵ سکرتێرەکانی هەردوو لایەنی حیزبی دیموکراتیش لەوبارەیەوە قسەم کردووە. پێموایە دەبێ بە هەمووان زۆرترین قسەی لەسەر بکەین و جۆرێک فۆرمولبەندی ببینینەوە کە هەموو لایەکمان پێی رازی بین. ئێمە خۆمان ماوەیەکە قسە لەوبارەوە دەکەین. رۆژهەڵات تەوەری لە روانگەی منەوە ئەوەیە کە پێناسەی خۆمان نەتوێنینەوە، بەڵام پشتیوانی پارچەکانی دیکەش بکەین.

**رووداو: چوونی پێشمەرگەی ئێوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە باشوور کاریگەری نەرێنی نەبوو کە بە کەرنەڤاڵێک چوون و بە بێدەنگی هاتنەوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** هەر لەسەرەتاوە لە قەدەر توانای خۆمان بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی باشوور ئامادەییمان دەربڕی. ئێمە ماوەی هەفتەیەک بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی باشوور لە بەرەکانی شەڕ بووین و زۆریشمان پێ شانازی بوو. ئەگەر ویستبایان زۆرتریش دەماینەوە. ئێمە بە بێدەنگی نەهاتینەوە و ئەو چوونە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئێمە نەبووە. بە سەربەرزی چووین و بە سەربەرزیش هاتینەوە. گومانێک لەوەدا نییە کە گەڕانەوەشمان لەژێر گوشاری ئێراندا بوو.

**رووداو: پاساوی هەیە کە تاوەکو ئێستاش ئێران ئەوەندەی کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێ؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆ هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتێکی گەورەی دراوسێ شتێکی ئاساییە، بەڵام دەستێوەردانی ئێران لە هەرێم و خۆتێهەڵقورتاندن لە هەموو کارێک شتێکی ئاسایی نییە و ئێمەش پێی خۆشحاڵ نین. هیوادارین هەرێمی کوردستان بگاتە ئەو قورسی و قایمیە و ئەو لەسەرپێ راوەستانەی کە پێویستی بەوە نەبێ زۆر وەڵامی ئێران بداتەوە و حەقە سنوورێک بۆ دەستێوەردانی ئێران دابنرێت.

- دەبێت هەرێمی کوردستان سنوور بۆ دەستێوەردانی ئێران دابنێ
- کورد حکومەتی تارانی پێ ناڕووخێ

**رووداو: ئێران هاوکاریی باشووری کوردستانی کرد دژی داعش، ئێوە ئەوە بە ئەرێنی نابینن؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** هیچ شتێکی ئێران بە ئەرێنی نابینم. ناشڵێم لێی وەرمەگرن، بەڵام هیچ نیەتێکی خێر لە کۆماری ئیسلامیدا نابینم. ئێران خەریکی پەرەپێدانە بە نفوز و کاریگەریی خۆی. لە یەمەن شیعەکانی هانداوە و لە سووریا بە پشتیوانی ئێران ئەسەد سەدان هەزار کەسی کوشتووە، مالیکی بە سیاسەتی تائیفی و سێکتاریستی کە ئێران بۆی دارشتبوو ئەو عێراقەی بەسەریەکدا وێرانکردووە کە بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش. ئەوانە هەموو بەرهەمی سیاسەتەکانی ئێرانن و لەهەموو شوێنێک پشتگیری تێکدان و تیرۆر دەکات. تەنیا بەهۆی ئەوەی دژی خۆیانە لەدژی داعش هاوکارییان دەکات، دەنا ئێران دژایەتی چوونی پێشمەرگەی کرد بۆ کۆبانێ.

**رووداو: لەو ماوەیەدا لە زۆر شوێنی رۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی ئێران رێگەی دا خۆپێشاندانی پشتیوانی بۆ کۆبانێ و شنگال بکرێت، هۆکاری ئەم رێگەدانە چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** بە خەیاڵی خۆی پێیوابوو دەتوانێ وێنەیەک لە کوردستانی رۆژهەڵات پێشان بدا کە خەڵک ئازادن و خۆپێشاندان دەکەن، بەڵام نەک بە دژی سیاسەتی ناوخۆ بەڵکو بۆ پشتیوانی لە کوردی جێگەیەکی دیکە. بەڵام دەرکەوت کە ئەوە عەمەلی نییە. پێشتریش لە رووداوەکانی ساڵی 1998یش ئیجازەیان دا بۆ گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆپێشاندان بکرێ، بەڵام نیو سەعاتی پێنەچوو دروشمەکان بەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕانەوە، بۆیە گەورەترین توندوتیژییان دژی خەڵک بەکارهێنا. مومکین نییە خەڵک خۆپێشاندان بکەن لە کوردستانی ئێران و دروشم دژی کۆماری ئیسلامی نەگوترێتەوە.

**رووداو: بەڵام ئەوە نەکرا و خەڵک کەمتر باسی کێشەکانی خۆیان کرد، دروشم بۆ پشتیوانی لە شنگال و کۆبانێ گوترایەوە؟**

**عەبدوڵڵا موهتەدی:** ئەو خۆپێشاندانانە وەکو خۆگەرمکردنی پێش کێبڕکێی وەرزشی بوون بۆ بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. خەڵکی رۆژهەڵات پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە دەکەن، بەڵام خۆشیان لەبیر ناچێتەوە و داخوازییەکانی خۆشیان دەخەنەڕوو.

لە شوێنی ئەنوەری حاجی عوسمان دانراوە

# کەمال کەرکووکی دەکرێتە بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک



ئەنوەر حاجی عوسمان: سەرۆک بارزانی دەیەوێت پشوو بدەم



**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بەرپرسیارێتی میحوەری هێزەکانی پێشمەرگەی لە ڕۆژئاوای کەرکووک لێوەردەگیرێتەوە و لە شوێنی ئەو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دادەنرێت. ئەویش دەڵێت بە بڕیاری مەسعود بارزانی لادراوە و بارزانی دەیەوێت پشوویەک بدات.

دوای شەش مانگ لە سەرپەرشتیکردنی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، ئەنوەری حاجی عوسمان بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەو ئەرکە نەما و کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان شوێنی گرتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک، دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، وەکو پێشمەرگەیەک چووە سنووری کەرکووک، پێشتر لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی، وەکو بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای شاری کەرکووک دەناسێنرا، بەڵام لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ئەنوەری حاجی عوسمان ئەوەی ڕەتکردەوە کە کەمال کەرکووکی بەرپرسی هیچ میحوەرێک بێت و گوتی "وەکو پێشمەرگەیەکی خۆبەخش هاتووەتە کەرکووک و سوپاسی ئەو هەڵوێستەی دەکەین".

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە و بەرپرسی پێشووی میحوەری پێنجی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوێنی یەکشەممە پۆستی بەرپرسی میحوەرم ڕادەستی کەمال کەرکووکی کرد و گەڕامەوە وەزارەت و درێژە بەپۆستی بریکاری وەزیری دەدەم".

ئەنوەر حاجی عوسمان دەڵێت بەبێ ئەوەی بۆی ڕوونبکرێتەوە، بەرپرسیارێتی میحوەری لێوەرگیراوەتەوە و گوتی "ئەو گۆڕانکارییە بە بڕیاری کاک مەسعود بارزانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان بووە و هیچ هۆکاریکیش بۆ من ڕووننەکراوەتەوە". گوتیشی "بەپێی نووسراوەکە بێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیەوێت پشوو بە من بدات".

بەڵام سەرچاوەیەک لە لیوای دووی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هۆکاری دوورخستنەوەی ئەنوەری حاجی عوسمان لە پۆستی بەرپرسی میحوەر بۆ ئەو هێرشانە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشمەرگە کردیانە سەر داعش لە ناوچەی خەرابەڕووت. چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگر بوو لە هێرشکردن و بڕیاری دابوو پێشمەرگە لە سنووری کەرکووک هیچ پێشڕەوییەک نەکات، بەڵام ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکرا، بۆیە بارزانی بڕیاری ئەو گۆڕانکارییەی دا".

ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت "ئێمە لەگەڵ ئەنوەری حاجی عوسمان زیاتر نزیکیمان هەبووە و ئەو بەوپێیەی بریکاری وەزیر بوو ئاگاداری کەموکوڕییەکان و پێداویستییەکانی پێشمەرگە بوو، هەربۆیە لە میحوەری کەرکووک کەمترین کێشە و پێداویستیمان هەبووە، بەڵام ئاشنای کەمال کەرکووکی نین".

---

حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی:

# قاسم سلێمانی ئاگادارە کە ئێمە لە میحوەری کەرکووکین

**400**
**پێشمەرگەمان لە بەرەکانی شەڕن**



**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

ماوەی زیاتر لە 10 ڕۆژە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە بناری بەرزاییەکانی خەرابەڕووت لە ناوچەی کەرکووک بڵاوەیان پێکراوە و سەنگەریان لە داعش گرتووە، جارجار پێشڕەوی دەکەن و هەندێکجاریش تووشی هێرشی داعش دەبن، لەنێو ئەو هێزەدا ژمارەیەک چەکداری پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) دەبینرێن کە حیزبێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات. ئەو دەڵێت بەهیچ شێوەیەک لە شوێنێک شەڕ ناکەن کە چەکداری شیعە یان پاسداری ئێرانیی لێبێت.

کاتێک داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر داوای بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێشمەرگەکانیان ناردە بەرەکانی شەڕ، بەڵام دواتر بەهۆی گوشاری ئێران پێشمەرگەکانیان کشاندەوە، کەچی پێشمەرگەکانی پاک نەکشانەوە و تاوەکو ئێستا لەبەرەکانی شەڕن لە میحوەری کەرکووک.

حوسێن یەزدانپەنا کە ئێستا لە میحوەری کەرکووکە دەڵێت "لە دوای ڕووداوەکانی شنگال هێزی چەکداریمان پێکهێناوە و چووینەتە بەرەکانی شەڕ لە ڕەبیعە و زومار و گۆگ جەلیل و حەمدانییە و ناوچەکانی دیکە".

سەبارەت بە کشانەوەی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ، یەزدانپەنا گوتی "ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە هەواڵی کشانەوەی ئەو هێزانەمان بیست، بەڵام دەگوترێت یەکێتی ئەوانی لەبەرەکانی شەڕ گەڕاندووەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەتایبەتی لە سنووری کەرکووک، وەکو دەگوترێت یەکێتی بەوپێیەی نزیکیی لەگەڵ ئێران هەیە و بنکە و بارەگاکانی ئەو دوو پارتەی ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی یەکێتین، بۆیە یەکێتی نەیتوانی تەحەمولی ئەو گوشارە بکات و ڕێگا بەمانەوەی ئەو پارتە ڕۆژهەڵاتیانە بدات بچنە بەرەکانی شەڕەوە".

حوسێن یەزدانپەنا دەڵێت ئێران گوشاری بۆ ئەوانیش دەهێنا، ئەگەر بە شێوەیەکی زیرەکانە کاریان نەکردبایە "وەکو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕوپاگەندەمان نەکردووە، تاوەکو ئەوکاتەی نیگاری کچە پێشمەرگە شەهید بوو، ئەوکات زانرا ئێمە وەکو پاک لەسەنگەرەکانی شەڕین". هەروەها گوتیشی "ئێمە لەسەر داوای هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی و حکومی نەهاتووینەتە بەرەکانی شەڕ و هیچ بارگرانییەکی چەک و تەقەمەنیشمان لەسەر حکومەت نەبووە، بەڵام حیزبەکانی دیکە دەیانگوت ئێمە لەسەر داوای هەرێمی کوردستان هاتووین و لەسەر داوای ئەوانیش کشاوینەتەوە".

**200**
**پێشمەرگەمان ئامادە کردووە بۆ کۆبانی**

### "400 پێشمەرگەمان لەشەڕە"

حوسێن یەزدانپەنا، ژمارەی چەکدارانی حیزبەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "ئێمە ناوی 678 کەسمان تۆمارکردووە و لەهەموو ئۆرگانەکانی ئێمەوە چەکدارمان پێکهێناوە، زیاتر لە 400 چەکدارمان ئێستا لە بەرەکانی شەڕن". گوتیشی "هێزەکانمان بەسەر زۆربەی میحوەرەکان دابەشبوونە، بەتایبەتی لە سنووری مووسڵ و کەرکووک، لە میحوەرەکانی خازر، زوممار، مەخمور، خەرابەڕووت و ڕەبیعە".

سەبارەت بە قوربانییەکانیشیان لە شەڕی داعشدا حوسێن یەزدانپەنا گوتی "یەک شەهیدمان هەیە کە نیگار حوسێنیە لەگەڵ سێ بریندار".

دەگوترێت پاک لە ژێر جلی پێشمەرگە و زێرەڤانی خۆی شاردووەتەوە بۆ ئەوەی ئێران پێی نەزانێت. حوسێن یەزدانپەنا، لەوبارەیەوە گوتی "ئێمە سەرەتا جلی کوردیمان لەبەر بوو، بەڵام دواتر بۆ ڕێکخستنەوەی جلوبەرگی ئەو هێزانەی لەبەرەکانی شەڕن و وەکو کارئاسانی بۆ فرۆکە جەنگییەکان لە بازاڕێکی نزیک قەڵای کەرکووک لەسەر ئەرکی خۆمان جلوبەرگی سەربازیمان کڕی، جا نازانین ئەو جلوبەرگە لەوەی پێشمەرگە و زێرەڤانییە یان نا".

پێشتر لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە کە چەکداری پاسدار لە میحوەرەکانی کەرکووک و دیالە بینراون، بەڵام یەزدانپەنا دەڵێت "لەو سنوورەی ئێمە سەنگەرمان هەیە کە دەکەوێتە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، هیچ پاسدارێکی ئێرانی و هێزێکی شیعە نییە، بەڵام بینیومانە لە باشووری کەرکووک چەکداری شیعە و ئێرانی هەن کە قاسم سلێمانی سەرپەرشتییان دەکات، تاوەکو ئێستا ڕێکەوتی یەکدیمان نەکردووە و ناشبێت".

### قاسم سلێمانی ئاگادارە

سەبارەت بە مەترسی چەکدارە ئێرانی و شیعەکان لەسەر ژیانی پێشمەرگەکانیان، یەزدانپەنا گوتی "تاوەکو ئێستا تووشی هیچ کێشەیەک نەبووین لەگەڵ پاسداران، لەبەر ئەوەی ئێمە ناچینە هیچ سەنگەرێک ئەگەر چەکداری شیعەی خۆبەخش و پاسدار و سەربازی عێراقیشی تێدا بێت. چەکدارە شیعەکان لەنێو سوپادا ماون، خۆبەخشەکانیش بە فەرمانی هادی عامری دەجوڵێنەوە کە پیاوی سلێمانییە".

قاسم سلێمانی، ئێستا لە بەرەی شەڕی دژی داعش وەکو فەرماندەیەکی سەربازی ناوی دەهێنرێت لە عێراق، تەنانەت دەگوترێت ئەو سەرپەرشتی چەکدارە خۆبەخشەکان دەکات.

حوسێن یەزدانپەنا دەڵێت "قاسم سلێمانی ئاگادارە ئێمە لە بەرەکانی شەڕین، بیستوومانە داوای لە حکومەتی بەغدا کردووە، تاوەکو داوا لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بکات، ئێمە لەبەرەکانی شەڕ بکشێینەوە".

### یەکێتی نەیهێشت بچینە جەلەولا

زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکایەتیان لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان هەیە بە تایبەتی پارتی و یەکێتی. دەگوترێ پاک زیاتر مەیلی بەلای پارتیدا هەیە، بەڵام حوسێن یەزدانپەنا ئەمە ڕەتدەکاتەوە

جێگری سەرۆکی پاک دەڵێت "ئێمە جیاوازی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ناکەین، بۆ شەڕکردن لە جەلەولا کە یەکێتی لەو سنوورە باڵادەستە، هێزێکی تایبەتمان پێکهێنا، بەڵام بەهۆی هاوسنووری ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئێران یەکێتی داواکاری چوونی ئێمەی ڕەتکردەوە و پێیانڕاگەیاندین هەرکاتێک پێویست بکات ئاگادارتان دەکەینەوە".

پاک حیزبێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەڵام لە باشوور شەڕ دەکات، لە کاتێکدا زۆر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدی خۆیان لەسەر ئەو حیزبانەی ڕۆژهەڵات هەڵچنیوە، کە خەباتی چەکداری دەستپێبکەنەوە.

حوسێن یەزدانپەنا بە دووری زانی ئەوان بەمزووانە دەست بە خەباتی چەکداری بکەنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوتی "لەم کاتەدا بەنیازی ناردنی هێز نین بۆ ڕۆژهەڵات، پلانی ئێستامان شەڕ کردنە لە دژی داعش و دوورخستەوەی ئەو مەترسییانەیە کە لەسەر باشووری کوردستان هەیە". گوتیشی "ئەگەر کەشێکی لەبار هەبێت و بزانین خەباتی چەکداری بۆ ڕۆژهەڵات سوودی هەیە ئەوە ئێمە بەشانازییەوە قوربانی بۆ ئەو خەباتە دەدەین".

### 200 چەکدارمان ئامادەیە بۆ کۆبانی

سەبارەت بە ناردنی هێز بۆ پشتگیری شەڕڤانانی یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان. کە هەرێمی کوردستانیش 150 پێشمەرگە و ژمارەیەکی زۆر لە چەکی قورس و سووکی بۆ ناردووە، یەزدانپەنا دەڵێت ئەوانیش بەنیازبوون هێز بنێرن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە.

هەروەها گوتی "توانامان هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان شەڕ بکەین، ئێمە هێزێکی 200 کەسیمان لە کچ و کوڕانی پاک پێکهێنا بەناوی هێزی کۆبانی، کە جلوبەرگ و چەکیشیان جیاواز بوو بۆ ئەوەی بچنە کۆبانی. نوێنەری خۆمان ناردە ئۆفیسی یەپەگە لە سلێمانی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیشمان ئاگادار کردەوە، بەڵام ڕێگەمان پێ نەدراو و تەنیا پێمان گوترا پێویستمان پێتان بوو ئاگادارتان دەکەینەوە".

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (334) دووشەممە 2014/11/17



## خەڵاتی "تۆخۆلسکی" درایە نووسەرێکی کورد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ڕێکخراوی "پەن کلوق"ی سوێد خەڵاتی ئەمساڵی خۆی بە نووسەری کورد موحەڕەم ئەربای بەخشی، ئەویش لە پێناو ئەو کارانەی لە بواری ئاشتیدا کردوویەتی. ڕێکخراوەکە لە سایتی ڕەسمیی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە کە خەڵاتی ساڵی ٢٠١٤ی تۆخۆلسکی بە نووسەر و پارێزەری مافی مرۆڤ "موحەڕەم ئەربەی" دەبەخشێت و ڕوونیشی کردووەتەوە کە خەڵاتەکە، لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا لە شاری ستۆکهۆڵم پێشکەش بە ناوبراو دەکرێ. پێشتریش نووسەر و شاعیرانی کورد شێرکۆ بێکەس و سەلیم بەرەکات، یەکەمیان لە ساڵی 1998 و دووهەمیشیان لە ساڵی 2000دا ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە.

### 16 ساڵ لەمەوبەر وایانزانی گەیشتوونەتە ئیتالیا

# پەنابەرە کوردەکانی ڕیچمۆند لەبیر جیهان چوونەتەوە

کاتێک لەیالی ئیبراهیم تەمەنی بووە 16 ساڵ، ویستی ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوونی بگێڕێت، لەیالی کە کچە کوردێکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی هەرێمی کوردستانە، لە پۆلەکەی خۆیدا زیرەکترینە. هێشتا هیچ ئاهەنگێک لە ماڵەکەیدا لە شەقامی کلارێندۆن لە گوندی ڕیچمۆند بەڕێوە نەچووە "ئەم ئێوارەیە لەگەڵ خێزانەکەی خۆم و چەند کچێکی ئەم گوندە بەسەر دەبەم". لەیالی هیچ یەک لە هاوڕێکانی خوێندنگاکەی بانگهێشت نەکردبوو "پێموانەبوو بیانەوێت بێنە ئێرە". وەک ئاماژەیەک بۆ خراپیی شوێنەکەیان.

ئەو شوێنەی لەیالی و خێزانەکەی تێیدا نیشتەجێن، یەکێک لە گەڕەکە سەرکەشەکانی لەندەن نییە، بەڵکو سووچی یەکێک لە بنکە سەربازییەکانی بەریتانیایە لە دێکلیا لە کەناری باشووری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی قوبرس.

لەیالی هەموو ژیانی لەسەر ئەم بنکە سەربازییە کۆلۆنیالییەی بەریتانیا بەسەر بردووە، بنکەیەک کە بە هیچ شێوەیەک بۆ وەرگرتنی پەناخواز ئامادە نەکراوە.

### لەدایکبوون لەناو بەلەم

لەیالی لە 7ی تشرینی دووەمی 1998 لەسەر بەلەمێکی ماسیگرتن لەدایکبووە. بەلەمەکە لەو ساتەدا 74 پەناخوازی نایاسایی هەڵگرتبوو کە زۆربەیان کوردی عێراق و سووریا بوون و چارەنووسی خۆیان ڕادەستی چەند قاچاخچییەک کردبوو بۆ ئەوەی لە ئاوەکانی لوبنانەوە بەو بەلەمە بۆ ئیتالیایان بگوازنەوە. بەڵام ماتۆڕی بەلەمەکە لە ناوەڕاستی دەریادا پەکیدەکەوێ و قاچاخچییەکان بە بەلەمێکی چووپی، خۆیان دەرباز دەکەن.

ئەڤین ئیبراهیم، ئەوکات تەمەنی 19 ساڵ بوو. لە ناوەڕاستی ئەو دەریایەدا و لەسەر پشتی بەلەمەکە ژانی منداڵبوون دەیگرێت. لەسەر بەلەمەکە دکتۆر و دەرمانی ئازار نەبوو، بە ڕێکەوت یەکێک لە سەرنشینەکانی بەلەمەکە ئافرەتێک دەبێت کە هەندێ زانیاریی پەرستاری هەبوو. چەند کەسێک بەتانییەکیان بۆ کردە پەردە و پیاوەکانی سەر بەلەمەکەش خێرا خێرا بە سەتڵ ئاوی نێو بەلەمەکەیان دەردەکردە دەرەوە.

"ئازارەکەم زۆر خراپ بوو"، ئەڤین بەبیری دێتەوە. لەوەش خراپتر ئەو چارەنووسە بوو کە چاوەڕێی منداڵەکەی دەکرد. ئەڤین ناوی منداڵە تازە لەدایکبووەکەی نا "لەیالی" کە بە مانای "شەوان" دێت لە زمانی کوردیدا.

خێزانی لەیالیش وەک زۆر خێزانی دیکەی کورد خەونیان بە ژیانێکی باشترەوە دەبینی لە ئەوروپا. فەرهاد، تەمەن 40 ساڵ کە باوکی لەیالییە، ئاستەنگەکانی ڕێگای ئەوروپای دەزانی، بەڵام دەڵێ "چیم بکردایە؟" ئەو دەپرسێت: "لە عێراق بمرم؟ باشتر بوو لە دەرەوەی ئەو وڵاتە بمرم". پیاوەکانی نێو بەلەمەکە دواجار مۆتۆڕی بەلەمەکەیان خستەوەگەڕ و پاش ماوەیەک لە دوورەوە ئارمی خاچێکی سووریان بینی کە دەدرەوشایەوە. ڕوویان لە ڕووناکییەکە کرد. دوای یەک ڕۆژ لە لەدایکبوونی لەیالی، گەیشتنە بەردەمی بەرزاییەکی 30 مەتری. هەندێک لە سەرنشینەکان توانییان خۆیان بگەیەننە سەر وشکانی و ئەوانی دیکەش لەلایەن هەلیکۆپتەرێکی هێڵی ویسێکسەوە ڕزگارکران.

بە ڕێککەوت بەلەمەکەی ئەوان لە کەناری یەکێک لە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی بەریتانیادا لەنگەری گرتبوو. بنکەی سەربازیی RAF لە ئاکرۆتیری لە دوورگەی قوبرس. ئارمە درەوشاوەکەی خاچی سوور، نەخۆشخانەی بنکە سەربازییەکە بوو. سەرنشینەکان کە ترس و مانەوەیان لەناو دەریا شەکەتی کردبوون، یەکەمجار وایانزانی گەیشتوونەتە ئیتالیا. بەڕێوەبەرانی بنکە سەربازییەکە هەرزوو هەوڵیان دا کە ئەرکی پەناخوازەکان بخەنە ئەستۆی حکومەتی قوبرس، بەڵام دەسەڵاتدارانی قوبرس پێیانگوتن کە بەریتانیا بەرپرسە لێیان.

میدیای قوبرس پێیانخۆش بوو کە بەریتانیا، ئەو هێزە کۆلۆنیالییەی پێشوو ڕووبەڕووی قەیرانێک بووەتەوە. سایپروس مەیڵ بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی "بەریتانیا لە ناکاو ڕێز لە حکومەتی قوبرس دەگرێت، ڕێز لە سەروەریی قوبرس دەگرێت لەسەر هەموو بەشەکانی دوورگەکە، تەنانەت لە بنکە سەربازییەکەی خۆشی دا".

چەند مانگێک دواتر پەناخوازەکان لە ئاکرۆتیرییەوە بۆ دێکلیا گواسترانەوە و لەنێو هەندێک خانووی کۆنی گوندی ڕیچمۆند جێگیرکران. خانووەکان بۆ خێزانی سەربازەکانی بنکەکە دروستکرابوون، بەڵام لەبەر کۆنی و خراپیی بارودۆخی خانووەکان خرابوونە لاوە بۆ ئەوەی بڕووخێنرێن. دوای جێگیرکردنیان لەوێ، بنکەکە هاوکاریی هەفتانەی بۆ دابین کردن. ئەمە وەکو چارەسەرێکی کاتی بوو.

### دابڕان لە جیهان

دوای تێپەڕبوونی 16 ساڵ، تاوەکو ئێستاش 21 کەس لە سەرنشینەکانی ئەو بەلەمە هەر لە گوندی ڕیچمۆند دەژین. بەو منداڵانەوە کە لە بنکەکە لەدایکبوون و بە هاتنی چەند خێزانێکی نوێوە، ئێستا ژمارەی پەناخوازەکانی ئەو گوندە گەیشتووەتە 67 کەس. نیوەی زیاتری ئەو ژمارەیە منداڵن و ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکیان نییە. لەیالی ئێستا چوار خوشک و برای هەیە. بچووکترینیان عومەری تەمەن 15 مانگە کە ئەڤین لەسەر کۆشی خۆی ڕایدەژەند، کاتێک ئێمە لە ژووری میوانەکەیان قاوەمان دەخواردەوە. چیرۆکی ئەم پەناخوازانەی گوندی ڕیچمۆند یەکێکە لە درێژترین و بێ ماناترین دراماکانی کۆچبەری لە بەریتانیا "بارودۆخی ئێمە قابیلی قبووڵکردن نییە". لەیالی دەڵێت "لە هەموو جیهان دابڕاوین".

ئەم گوندە لەبیرکراوە دووکانی تێدا نییە و هیچ خزمەتگوزارییەکیشی تێدا نییە. تەنیا چەند شەقامێکی خۆڵین نەبێت. یەک دونیا لە بارودۆخی نێو بنکە سەربازییەکەی تەنیشتی جیاوازە. لە بنکە سەربازییەکەی تەنیشت گوندەکە سەربازانی بەریتانی و خێزانەکانیان سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن. بنکە سەربازییەکە لە زۆر ڕووەوە لە گەڕەکی شارێکی بەریتانیا دەچێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە دەریای سپیی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە.

### لەیالی زیرەکترینیانە

زۆربەی دانیشتووانی ڕیچمۆند چاویان لە بەریتانیایە. ئەوان دەڵێن بەلەمەکەیان لەسەر خاکی بەریتانیا لەنگەری گرتووە، با هەزار میلیش لە لەندەنەوە دوور بێت. ئەوەی کە هێز بە لەیالی دەبەخشێت یەک هیوای دیاریکراوە "دەمەوێت لە بەریتانیا زانستی پزیشکی بخوێنم و لەوێ بژیم". لەولاشەوە باوک و دایکی بە شانازییەوە بڕوانامەکەی لەیالیم پێشاندەدەن کە تێیدا دەردەکەوێت لەیالی یەکەمی نێو کلاسەکەی خۆی بووە "دەمەوێت ببمە باشترین دکتۆری بەریتانیا".

خەونی لەیالی دوورە. خێزانەکەی لەگەڵ 38 کەسی دیکەی گوندی ڕیچمۆند لەلایەن بەڕێوەبەرانی بنکەکەوە ڕەفزیان وەرگرتووە لەوەڵامی داوای وەرگرتنی مافی پەنابەریدا. بەڵام 29 پەناخوازەکەی دیکە داواکارییەکەیان 10 ساڵ لەمەوبەر قبووڵ کرا.

### بەریتانیا لە شەپۆلی پەنابەران دەترسێ

بەڵام بەریتانیا ڕازی نییە ئەوانەی کە تەنانەت داواکاریی مافی پەنابەرییان قبووڵکراوە، بباتە بەریتانیا. تەنیا کەسێک کە لەو پەناخوازانە توانیویەتی بگاتە بەریتانیا، پەنابەرێکی کوردی سووریی تەمەن 21 ساڵە. چوونی ئەویش بۆ بەریتانیا لەسەر بنەمای قبووڵکردنی داواکاری پەنابەرییەکەی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ساڵی ڕابردوو هاوسەرگیری لەگەڵ هاووڵاتیەکی بەریتانی لە قوبرس کرد.

بەریتانیا دەترسێ لەوەی بە وەرگرتنی پەناخوازانی بنکە سەربازییەکە، پێشینەیەک بۆ پەناخوازانی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دروست بکات بۆ ئەوەی ئەو بنکە سەربازییە وەکو ڕێگایەکی خێرا بۆ گەیشتن بە بەریتانیا بەکاربێنن. قوبرس هەرچەندە ئاشتیی تێدا بەرقەرارە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە نزیکە کە پڕە لە شەڕ و توندوتیژی و لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆر پەنابەر لێرە کۆدەبنەوە.

بەڵام کەیسی پەناخوازە نیشتەجێکانی گوندی ڕیچمۆند، کەیسێکە کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەستەمە. پێش ئەوەی قوبرس ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی 2004، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بەریتانیا مۆرکرد کە دەڵێت هەر پەناخوازێک بە خاکی قوبرسدا چووە نێو بنکە سەربازییەکەی بەریتانیاوە، ئەوە بەرپرسیارێتی ئەو پەناخوازە دەکەوێتە ئەستۆی قوبرس. پەناخوازەکانی گوندی ڕیچمۆند پێش ئەو ڕێککەوتنامەیە گەیشتوونەتە بنکە سەربازییەکە، لەبەرئەوە ئەو ڕێککەوتننامەیە بەسەر ئەواندا ناسەپێت. بەڵام لەساڵی 2005 قوبرس ڕازی بوو کە ڕێگە بە دانیشتووانی ئەو گوندە بدات تاوەکو لە قوبرس کاربکەن و سوود لە خوێندنگە و نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە وەربگرن.

لەبەرئەوە ئێستا چالاکوانان دەپرسن، ئەگەر چوونی پەناخوازەکانی ڕیچمۆند بۆ بەریتانیا پێشینەی یاسایی دروست ناکات، ئیدی بۆچی ڕێگەیان نادرێت بچنە بەریتانیا؟ "خۆ ئەوان تەنیا گرووپێکی بچووکن و زۆریان منداڵن کە لەو کامپەدا لەدایک بوون و گەورەبوون" دۆرۆسی پۆلیکارپو، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی قوبرس کە بە کیسا ناسراوە وا دەڵێت.

بەریتانیا سوورە لەسەر بڕیاری خۆی "کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆ ئەوەیان بەڕوونی ڕاگەیاندووە کە مەسەلەی هاتنی خێزانەکانی بنکە سەربازییەکە، بەهیچ شێوەیەک قابیلی تەنانەت پرسیارکردنیش نییە". گوتەبێژی کونسوڵخانەی باڵای بەریتانیا لە قوبرس هەروەها دەڵێت: "وەرگرتنی ئەو ئاوارانەی کە پەیوەندییان بە بەریتانیاوە نییە، دژی سیاسەتی پەنابەریی بەریتانیایە. یاسای بەریتانیا ڕێگە نادات ئەو پەنابەرانەی خۆیان دەگەیەننە سەر خاکی بەریتانیا لەودیوی سنوورەکانی بەریتانیاوە، یان سەر ئەو زەویانەی کە شای بەریتانیا خاوەندارێتییان دەکات، بهێنرێنە نێو خاکی بەریتانیا".

پۆلیکارپو دەڵێت مادام بەریتانیا خاوەنی 98 میل چوارگۆشەی باشترین زەویی قوبرسە کە لەکاتی سەربەخۆیی قوبرس لە ساڵی 1960 بەدەستی هێناوە، ئێستا پێویستە ئەو بەرپرسیارێتیانە قبوڵ بکات کە بەهۆی وجودی لەم دوورگەیەدا دەکەوێتە سەر شانی "بەریتانیا وا هەڵسوکەوت دەکات کە بنکە سەربازییەکەی لە قوبرس هیچ پەیوەندی بە بەریتانیاوە نییە، وەکو بڵێی ئەو بنکە سەربازییە لە بۆشایی ئاسماندایە" پۆلیکارپو وا دەڵێت.

### داعش وەک هەلێک

بەڕێوەبەرایەتی بنکە سەربازییەکە لەساڵی 1999 داواکارییەکی فەرهادیان بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕەتکردەوە و لە وەڵامدا دەڵێن فەرهاد ئەوەی نەسەلماند کە بەڕاستی ترسی لەوە هەیە لە وڵاتی خۆی ڕووبەڕووی چەوساندنەوە ببێتەوە. ئەو ڕێگەی پێدرا کە داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکە بکات، بەڵام چەند مانگێک دواتر لە پێداچوونەوەکەشدا داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە، لەکاتێکدا داواکاری هەندێکی دیکە لە پەناخوازەکان قبووڵ کرا.

دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە 2003، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هانی عێراقیەکانیان دا کە بگەڕێنەوە وڵاتە "ئازادکراو"ەکەیان لەبەرامبەر بڕێک پارە. بەڵام هەموو پەناخوازەکان ئەو پێشنیازەیان ڕەتکردەوە. فەرهاد هیچ پەشیمان نییە لە بڕیارەکەی ئەوکاتی. ئەو دەڵێت "ئێستا داعش لە گوندەکەی مندایە".

## ئەو منداڵە کوردانەی لێرە لەدایکبوون ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکیان نییە



بەریتانیا ئێستا فڕۆکە شەڕکەرەکانی لە بنکە سەربازییەکەی ئاکرۆتیرییەوە هەڵدەسێنێ بۆ لێدانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. "بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە عێراق هاتوونەتە ئاراوە، پێدەچێت پێویست بێت چاوێک بە کەیسەکەی فەرهاددا بخشێنرێتەوە". گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانUNHCR وا دەڵێت.

ئەو وڵاتانەی دیکە کە داوایان لێکراوە پەناخوازەکانی گوندی ڕیچمۆند وەرگرن، ڕازی نەبوون ئەو ئاوارانە وەربگرن، چونکە ئەوان بەلەمەکەیان لەسەر خاکی بەریتانیا لەنگەری گرتووە. یەک لەو وڵاتانە ئەڵمانیا بوو کە فەرهاد لە بنچینەدا دەیویست لە ئیتاڵیاوە بچێتە ئەوێ. بۆچوونی بەریتانیا ئەوەیە کە ئەو ئاوارانەی داوای پەنابەرییان قبووڵکراوە، پێویستە بچنە نێو خاکی قوبرسەوە "لەوێ ئەوان مافی کارکردن و نیشتەجێبوون و سوودوەرگرتنیان لە خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە".

ساڵی 2010 داوایان لێکرا بنکە سەربازییەکە بەجێ بهێڵن، چونکە دەیانتوانی لە دەرەوەی بنکە سەربازییەکەدا گوزەران بکەن. ئەو داواکارییە دوای خۆپیشاندانێک بەلاوەنرا، بەڵام دەکرێت لە هەرکاتێکی دیکەدا زیندوو بکرێتەوە.

### گوندەکەیان لە قوبرس پێخۆشترە

دانیشتووانی ڕیچمۆند لە زووەوە دژی ئەوەن کە بچنە نێو خاکی قوبرس. نوێنەری پەنابەرە قبووڵکراوەکان، نیکۆلێتا چاراڵامبیدۆ دەڵێت "ئەوان پێیانوانییە کە قوبرس بەرپرسە لێیان". ئەو ساڵانەی کە ئەوان لە بنکە سەربازییەکەدا بەسەریان بردووە، وەکو ساڵانی مانەوەیان لە قوبرس قبوڵ ناکرێت، لەبەرئەوە مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی و وڵاتینامەیان دوادەکەوێت.

هەندێک لە پەناخوازەکان چەند ساڵێک لەمەوبەر چوونە نێو خاکی قوبرس، بەڵام هەرزوو گەڕانەوە گوندی ڕیچمۆند و دەیانگوت کێشەی دۆکیۆمێنت و دۆزینەوەی کار و کێشەی خوێندنیان بۆ منداڵەکانیان هەبووە. چاراڵامبیدۆ دەڵێت "هیچ نەبێت لە گوندی ڕیچمۆند ئەوان دەزانن کە خانوویەکی سادە و هاوکارییەکی هەفتانەیان هەیە تا پێی بژین".

قوبرس ئێستا لە قۆناغی دەرچووندایە لە کێشە ئابوورییەکانی و لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەسەر کێشەی پەنابەریدا زاڵ بێت. تائێستا 3500 کەس لە قوبرس مافی پەنابەرییان وەرگرتووە، 2700 کەسی دیکەش داوای ئەو مافەیان کردووە.

هەروەکو دانیشتووانی دیکەی گوندی ڕیچمۆند، فەرهاد سوپاسگوزارە کە سوپای بەریتانیا بەهانایانەوە چووە و لە بەلەمە شکاوەکە ڕزگاری کردوون و دواتر خانووی بێ کرێی بۆ دابین کردوون. "ئینگلیزەکانی نێو بنکە سەربازییەکە زۆر باشن و هەست بە خەمەکانمان دەکەن". بەڵام فەرهاد گلەیی لە بەریتانیا خۆی هەیە کە نایانبات بۆ بەریتانیا "زۆر زۆر ماندووم لەم جۆرە ژیانە".

ئەو بەدەم قووم لێدانی جگەرەیەکی هەرزانەوە وا دەڵێت "ناتوانم منداڵەکانم بە ڕێکوپێکی بەخێوبکەم لێرە. لەبەرخاتری ئەوان دەمانەوێت بچینە بەریتانیا. بۆ داهاتووی منداڵەکان 16 ساڵی تەمەنمان لێرە لەدەست چوو، تاوەکو ئێستاش پاسپۆرتم نییە".

ئەو پێی شەرمە کە نەیتوانیوە ئاهەنگی لەدایکبوون بۆ لەیالی ڕێکبخات، یان دیارییەکی بەبۆنەی زیرەکیی لە قوتابخانە بۆ بکڕێ. بنکە سەربازییەکە هەفتانە 70 پاوەند دەداتە هەر خێزانێک، 30 پاوەندیش بۆ هەر منداڵێک. کاربەدەستان دەڵێن ئەو بڕە پارەیە "هیچ نەبێت ئەوەندەی ئەو مووچەیە دەبێت کە دەسەڵاتی قوبرس دەیدات".

دانیشتووانی گوندەکە دەڵێن ئەو پارەیە بەس نییە. فەرهاد دەڵێت "من هاوکاریم ناوێت، من دەمەوێت کاربکەم، شۆفێری دەکەم، کارگوزاری دەکەم، هەر کارێک بێت دەیکەم".

### پەناخوازەکان خەمۆکن

هەڵسەنگاندنێکی دەروونی دانیشتووانی گوندی ڕیچمۆند کە بۆ UNHCR ئەنجامدرابوو، دەریدەخات کە پەناخوازەکانی ئەو گوندە "خەمۆکن، هەست بە بێ ئومێدی و لەبیرکراوی دەکەن". زۆر لە دایک و باوکانی ڕیچمۆند کێشەی خەوتن و خواردنیان بۆ دروستبووە لە ئەنجامی ئەو دوودڵی و نادڵنیاییەی تێیدا ژیاون و نەیانتوانیوە "پێداویستییە سەرەکیەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن کە پێیانوایە هیچ شوێنێکیان نییە".

بۆ نموونە لەسەر بەڵگەنامەی لەدایکبوونی لەیالی کە سێ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی بنکە سەربازییەکەوە پێیدراوە، نووسراوە کە ئەو "لە ئاوەکانی کەناری ئاکرۆتیری" لەدایکبووە. گوتەبێژی UNHCR لە قوبرس، ئەمیلیا ستڕۆڤۆلید دەڵێت "دەبێت کۆتایی بە ئازارەکانیان بهێنرێ، چونکە ئەوان لە بنکەیەکی سەربازیدان، دەستیان بە هەموو ئەو خزمەتگوزاری و مافانە ناگات کە بۆ پەنابەر دابین دەکرێن".

10 ساڵ لەمەوبەر خوێندنگەیەکی کاتی کە لە گوندەکەدا بۆ منداڵەکان دروستکرابوو داخرا. هەروەها مافی ئەوەشیان نەبوو کە منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگەی بنکە سەربازییەکە. لەبەرئەوە منداڵەکانی گوندەکە ناچاربوون بچنە خوێندنگەی گوندێکی تەنیشتیان کە بە یۆنانی دەرسی تێدا دەگوترێتەوە. منداڵەکان ناچاربوون لە هیچەوە دەستپێبکەن و هەوڵی زۆر بدەن تا هاوڕێ دروست بکەن.

ژیانی لەیالی لە نێوان دوو جیهاندا دابەشبووە و لە هیچ کامیاندا خۆشحاڵ نییە "هیچ کات هاوڕێکانی خوێندنگەکەم لە دەرەوەی پۆلدا نابینم" ئەو دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکانی نێو بنکە سەربازییەکەشدا نییە، هەرچەندە ئەوان یەک میل لە لەیالی دوورن، بەڵام بۆ لەیالی وەکو ئەوە وایە ئەوان لە جەمسەری باکوور بن.

### مەترسی دیپۆرتکردنەوەیان لەسەرە

چاراڵامبیدۆ هەوڵدەدات دۆسیەی ئەو پەناخوازانە بباتە دادگاکانی بەریتانیا و لەوێ بیسەلمێنێت کە بەریتانیا لە چارەنووسی ئەو ئاوارانە بەرپرسە و پێویستە بیانبات بۆ بەریتانیا. ساڵی 2007 دەسەڵاتدارانی بنکە سەربازییەکە داواکارییە ڕەتکراوەکەی فەرهادیان دایە حکومەتی قوبرس بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەڵام لە مانگی ئابدا، دەسەڵاتدارانی بنکە سەربازییەکە لە نامەیەکدا بە فەرهادیان ڕاگەیاند کە حکومەتی قوبرس کارکردنی لەسەر داواکارییەکەی فەرهاد ڕاگرتووە و داواکارییەکەی لە حکومەتی قوبرسیش ڕەتکراوەتەوە.

نامەکە هەروەها بە فەرهاد دەڵێت کە پێویستە تا کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو ئەو بنکە سەربازییە بەجێبهێڵن. ئەگەر ئەو کارە نەکەن ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی دیپۆرتکردنەوە ببنەوە. "دەسەڵاتدارانی بنکە سەربازییەکە ئامادەن تێچووی سەفەری فەرهاد و خێزانەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی یان هەر وڵاتێکی دیکەی لە دەرەوەی قوبرس کە ئامادەیە وەریانبگرێت، بگرنە ئەستۆ" یەکێک لە کارمەندانی بنکە سەربازییەکە گوتیشی "وەکو پەنابەری ڕەفزکراو، ئەوان نابێت پێیانوابێت کە دەتوانن بۆ هەتا هەتایە لەم بنکە سەربازییەدا بمێننەوە". دایک و باوکی لەیالی زۆر بێ ئومێدن، بەڵام خەونەکەی لەیالی بۆ ئەوەی ببێت بە دکتۆر لە بەریتانیا هێز دەداتە لەیالی. "ناتوانن دوای ئەو نەهامەتیەی کە 16 ساڵە دەیکێشین دەرمانکەنە دەرەوە لێرە. تەنیا کاتێک ڕیچمۆند بەجێدەهێڵین کە بڵێن دەتوانن بچن بۆ بەریتانیا".

***لە ڕۆژنامەی "the guardian"ی بەریتانییەوە.**



## موکریان لەگەڵ ئەسیوپی کاردەکات



**ڕووداو- هەولێر**

ژەنیاری گەنج موکریان ئەبوبەکر کە لەگەڵ چەندین گرووپی میوزیکی سەر بە نەتەوەی جیاواز میوزیکی ژەنیوە، ئێستا لە سوێد کار لەگەڵ گرووپێکی ئەسیوپی دەکات.موکریان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا پڕۆژەیەکم لەبەردەستە لەگەڵ گرووپێکی ئەسیوپی هەر ڕۆژێک لە شارێکی سویدی کۆنسێرتمان هەیە، لەم ڕۆژانەش کلیپێکی نوێم بڵاوکرایەوە لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی زانکۆ کە هەر یەکەیان لەوڵاتێکەوە هاتبوون تۆمارمان کردبوو، ئەم کلیپە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە تێکەڵێک بوو لە کولتوور و موزیکی وڵاتان". موکریان ئێستا سەرقاڵی کارێکە بۆ منداڵانی کوردستان و گوتی "لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ئەورووپی خەریکی کارێکی هونەرین و ئێستا خەریکی نووسینەوەی نۆتەم بۆ ئەم پڕۆژەیە. شاکارێکی جوانە و منداڵەکانی کوردستان زۆر سوودی لێدەبینن".

# بە پارەی هاوڕێکانی چووە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ



**باپیری عەممار:**
**ئەوەی بۆ پەرواز کرا بۆ عەممار نەکرا**

**باوکی عەممار:**
**عەممار بەهۆی موسەجەلەکانی منەوە فێری گۆرانی بوو**



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

هەموو شەوانی هەینی و شەممە، خێزانەکەی عەممار وەکو زۆر خێزانی دیکەی کوردستان بەدیار شاشەی کەناڵی mbc یەوە دادەنیشن و چاوەڕێن بۆ ئەوەی بزانن ئەمشەو عەممار چ سوپرایزێکی پێیە و دادوەرانی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ چ لەبارەی ئەو کوڕە کوردە دەڵێن.

عەممار دوو مانگە لە لوبنانە، ئەو ئێستا تەنیا یەکێک نییە لە بەشداربووانی بەرنامەی عەرەب ئایدڵی کەناڵی mbc ، بەڵکو ئەستێرەیەکی بەرنامەکەیە، زۆر لە شارەزایانی بواری هونەر پێشبینی ئایندەیەکی گەش بۆ عەممار دەکەن.

هیچ حەڵقەیەکی ئەو بەرنامەیە نییە کە عەممار ئامادەبووانی بەرنامەکە سەرسام نەکات، ئەو ئەدایەکی هێندە بەرزی هەیە، تەنانەت دادوەرانی بەرنامەکەش ناچار دەکات بۆی هەستنە سەرپێ و چەپڵەی بۆ لێبدەن.

عەممار کوفی، تاوەکو ئێستا 8 قۆناغی بەرنامەکەی بڕیوە و لە قۆناغەکانی کۆتایی نزیکبووەتەوە. بەرنامەکە تەنیا 3 قۆناغی ماوە و ئێستا تەنیا عەممار و 5 بەشداربووی دیکە لە بەرنامەکە ماون.

### وەستای کاشییە

عەممار محەممەد ساڵح، ساڵی 1991 لە شاری مووسڵ لەدایکبووە، خێزانەکەی لە ساڵی 2000 شاری موسڵیان جێهێشتووە و لە زاخۆ نیشتەجێبوونە.

کاتێک ستافی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، وەرزێکی نوێی بەرنامەکەیان ڕاگەیاند، لە عێراق و کوردستان 870 کەس داواکارییان پێشکەش کرد بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەکە، بەڵام دوای تێستکردن تەنیا عەممار و یەکێکی دیکە دەرچوون، دواتر بەشداربووەکەی دیکە کە عێراقی بوو، هەرزووماڵئاوایی لە بەرنامەکە کرد.

مەحمود محەممەد، کە لەگەڵ عەمار باوکیان ئامۆزایە و لە هەمانکاتدا هاوڕێیەکی نزیکی ئەوە، گوتی "کە چووینە تێست عەمار زۆر باوەڕی بەخۆی بوو، زانیمان 870 کەس لە عێراق داواکارییان پێشکەش کردووە، کە عەمماریان تێست کرد، لێژنەکە زۆر پێی سەرسام بوون، یەکسەر گوتیان تۆ یەکێکی لەبەشداربووانی بەرنامەکە".

مەحموود کە ئاگاداری ژیانی عەممارە، دەڵێت "باری داراییان زۆر باش نییە، لە خانووی کرێدان، عەممار وەستای کاشی (سیرامیک)ە، باوکیشی پێشتر کە لە مووسڵ بووە، کاری چاککردنەوەی موسەجەل و ڕادیۆی دەکرد".

هەر خراپیی ڕەوشی ئابووریش وای لە عەممار کردووە دەستبەرداری خوێندنەکەی بێت. عەممار خاوەنی دوو برا و شەش خوشکە.

### هاوڕێکانی پارەیان بۆ کۆکردەوە

مەحموود کە بلوێرژەنە، دەڵێت عەممار هەر لەسەرەتاوە بەهرەی بوون بە هونەرمەندی تێدا بووە، تەنانەت ئەو کاتانەی لە مووسڵ بووە هەوڵی خۆپێگەیاندنی داوە.

مەحموود دەڵێت "عەممار لە مووسڵ هاوڕێیەتی کەسێکی دەکرد کە پێشتر ئاوازی بۆ گۆرانییەکانی نازم غەزالی دادەنا، هەر لەسەر دەستی ئەو کەسەش فێری ژەنینی ئامێری عود بوو، شەوانەش عودی بۆ ئێمە لێدەدا".

وەک مەحموود باسی کرد، باری دارایی عەممار بە جۆرێکە تەنانەت پارەی گەشتکردنی بۆ لوبنان نەبووە بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەکە.

مەحموود دەڵێت "کە عەممار ناوی دەرچوو، چەند هاوڕێیەکی پارەیان بۆ کۆکردەوە تاوەکو بتوانێت گەشتی لوبنانی پێ بکات".

مەحموود باسی سیفەتەکانی عەممار دەکات و دەڵێت "کەسێکی زۆر حەدییە، هەر شتێک حەزی لێ بێت هەوڵی بۆ دەدات، لە ڕادەبەدەر متمانەی بەخۆی هەیە".

عەممار لە ئەڵقەی ڕابردووی بەرنامەکە بە جلی کوردییەوە هاتە سەر ستەیج، جگە لەوەی مەوالیێکی عەرەبی گوت، گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردیشی بە ناوی "کابوکێ" گوتەوە. مەحموود کە ڕۆژانە پەیوەندی بە عەممارەوە دەکات، دەڵێت "عەممار باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەیە و لەو باوەڕەدایە دەگاتە فینالی بەرنامەکە".

گوتیشی "عەممار زۆر حەزی لە گوتنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە، بەڵام ناتوانێت بە شێوەزاری سۆرانی گۆرانی بڵێت".

عەممار، سەر بە عەشیرەتی هەسنایە کە عەشیرەتێکی کوردی دەڤەری بادینانە، بەڵام خێزانەکەی عەممار لە مووسڵ گەورە بوونە. بەو هۆیەشەوە عەممار عەرەبییەکی باش دەزانێت، ئەوەش یارمەتیدەری بووە لە بەرنامەکە.

سەبارەت بە لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی عەممار، مەحموود بە پێکەنینەوە گوتی "عەممار زۆر هاوڕێی منە، نهێنییەکانی ئاشکرا ناکەم، ناڵێم خۆشەویستی کردووە یان نا، چونکە ئێستا زۆر کچ پێی سەرسامن".

### سەرمایەدارانی زاخۆ هاوکارییان کردووە

بە پێچەوانەی پەرواز حوسێن کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی وەرزی ڕابردووی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، زۆر بە کەمی هاوکاری عەممار کراوە.

مەحموود باسی ئەو کەسانە دەکات کە تاوەکو ئێستا هاوکاریی عەممارییان کردووە و دەڵێت "هاوکاری کراوە، بەڵام هاوکارییەکە شەخسی بووە، بۆ نموونە چەند سەرمایەدارێکی زاخۆ، 500 پۆستەری ڕیکلامیان بۆ هەڵواسیوە، لە دهۆکیش سەرمایەدارێک ڕیکلامی بۆ کردووە، بەڵام لە حکومەت تاوەکو ئێستا کەس هاوکاریی نەکردووە، ڕاستە حکومەتی ئێمە لە شەڕدایە و ڕەوشەکە باش نییە، بەڵام دەکرا کەمێک هاوکاری بکات".

کوفی کە باپیری عەممارە، ئومێدێکی زۆری بە نەوەکەی هەیە و دەڵێت "ئەو بەناوی هەموو کوردێک لەوێیە، نەک بەناوی ئێمە، بۆیە دەبێت هەموو کورد هاوکاریی بکەن و شانازیی پێوە بکەن، چونکە سەرکەوتنی ئەو، سەرکەوتنی هەموو کوردە". باپیری عەمار ڕەخنە لە حکومەت دەگرێت و دەڵێت "حکومەت ئەوەی بۆ پەروازی کرد بۆ عەمماری نەکرد".

لە وەرزی ڕابردووی بەرنامەکەدا، پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی پەرواز کرا، تەنانەت عیماد ئەحمەد کە ئەوکات جێگری سەرۆکی حکومەت بوو، لەگەڵ خێزانەکەی بەشداری ئەڵقەیەکی بەرنامەکەی کرد، بەڵام ئەمجارە ڤیان عەباس کە پەرمانتاری پارتییە، دوای ئەوەی بەشداریی بەرنامەکەی کرد، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرشی زۆری کرایە سەر.

ڕەنگە ئەوە بێبەختیی عەممار بێت کە بەشداریکردنی ئەو لەو بەرنامەیە هاوکاتە لەگەڵ شەڕی داعش و ئەو تراژیدیا گەورەیەی ڕووبەڕووی ناوچەی شنگال و دەوروبەری بووەوە.

### "بەهۆی موسەجەلەکانی من فێری گۆرانی بوو"

محەممەد ساڵح، باوکی عەممار متمانەی زۆری بە کوڕەکەی هەیە، کە پلەی یەکەمی بەرنامەکە بەدەستبهێنێت. ئەگەر ئەو خەونەی باوکی عەممار بێتەدی، ڕەنگە گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانیان ڕوودبات.

محەممەد ساڵح، باسی سەردەمی منداڵیی عەممار دەکات و دەڵێت "من لە مووسڵ وەستای موسەجەل بووم، کاتێک موسەجەلێکم چاک دەکردەوە و گۆرانییەکم لێدەدا، ئەو زۆر بە دیقەتەوە گوێی لێدەگرت، ئیدی لەوێوە حەزی بۆ گۆرانی دروست بوو".

# بۆ پێشکەشکاری واز لە گۆرانیگوتن ناهێنم

**هونەرمەند چۆپی فەتاح دوای چەندین ساڵ لە گۆرانیگوتن و سازکردنی ئاهەنگ و کۆنسێرت، ئێستا ڕووی لە پیشەی پێشکەشکاریی تەلەفزیۆنی کردووە. هەرچەندە بەرنامەکەی لەگەڵ پیشەکەی کە گۆرانیگوتنە یەکناگرێتەوە، بەڵام پێی دڵخۆشە. چۆپی دەربارەی یەکەم ئەزموونی پێشکەشکاریی خۆی بۆ (ڕووداو) دەدوێت و باس لە بەرنامەی چۆپی و چارە دەکات کە لە تەلەفزیۆنی ڕووداو پێشکەش دەکرێت.**

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕووداو: لەم هەفتانەی دواییدا میدیای کوردی گرنگییەکی تەواویان داوە بە بەرنامەکەت، چۆن بوو بڕیاری ئەوەتان دا ببنە پێشکەشکار؟**

**چۆپی فەتاح:** من زیاتر لە 25 ساڵی تەمەنم لە ئەورووپا بووم، لەم ساڵانەی دواییدا بەبۆنەی هونەرەکەمەوە زۆر سەردانی کوردستان دەکەم. هەر کاتێک لە فڕۆکەخانەی هەولێر دادەبەزم جیهانێکی تەواو جیاواز دەبینم، دوو کەلتووری لێکدوور لە سیستەم و یاسا و ڕێساکان. من لە بەرنامەکەمدا دەخوازم پێشانی بدەم کە ئەگەر ئێمە خراپ وڵات بەڕێوە دەبەین، دەکرێت چاکتر بەڕێوەی ببەین. ئەگەر باش بەڕێوەی دەبەین دەکرێت باشتری بکەین. بەرنامەکەمان کۆمەڵایەتییە و باس لەو جیاوازیانە دەکات کە لە نێوان ئەورووپا و کوردستاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشە هەمیشەییەکانی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی دەخەینە بەر باس و شرۆڤەی دەکەین.

**ڕووداو: مەبەستت ئەوەیە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر دەکەیت؟**

**چۆپی فەتاح:** ئەوە تەنیا بە من چارەسەر ناکرێت، دەبێت ئەو کارە پێکەوە بکەین. من پەنجە دەخەمە سەر کێشەکان و ڕێگەیەکیش پێشنیاز دەکەم بۆ چارەسەرکردنی. من پێم باش نییە دەرهێنانی پاسپۆرتێک چەند مانگێک بخایەنێت، ئەوە کارێکی هێندە قورس نییە. پێم باش نییە منداڵێک نەتوانێت بەبێ ترس لە شەقامێک بپەڕێتەوە. ناکرێت بێدەنگ بین لەوەی کە ساڵانە بە ڕووداوی هاتوچۆ چەندین کەس گیان لە دەستدەدەن، چۆن دەکرێت لە پۆلێکدا 60 قوتابی دابنیشن، ئەمانە و سەدان کێشەی دیکە بەرۆکی ئەم کۆمەڵگایەی گرتووە، هەرچەندە لە بەشێک لایەنیش کوردستان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەشمان لە بیرنەکردووە و لە بەرنامەکەدا باسمان کردووە.

**ڕووداو: زۆر لە هونەرمەندان بە گۆرانیگوتن دەستپێدەکەن و دوایی دەبنە پێشکەشکار. ئایا چۆپی دەیەوێت واز لە گۆرانی بهێنێت؟**

**چۆپی فەتاح:** بێگومان نا، من لە هونەرەکەی خۆم بەردەوام دەبم و لەپاڵ هونەرەکەشمدا دەمەوێت کاری پێشکەشکاریش بکەم، چونکە هونەرەکەم زۆر خۆشدەوێت و ناتوانم لێی دووربکەومەوە، بۆیە هاوشان لەگەڵ بەرنامەکە لە کاری هونەری بەردەوام دەبم.

**ڕووداو: پێشکەشکردنی بەرنامەی چۆپی و چارە لە ڕووداو قورس نییە کە خۆت سەرقاڵی کاری هونەریت؟**

**چۆپی فەتاح:** هیچ شتێک زەحمەت نییە، چونکە ستافەکەم زۆر بە توانان. ئەوان پاڵپشتێکی سەرەکی بوون، لە سەرکەوتنی بەرنامەکە.

**ڕووداو: دەتەوێت چی بە بینەرانی بەرنامەکەت بڵێی؟**

**چۆپی فەتاح:** ڕێز و خۆشەویستیم بۆیان هەیە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە، هونەرەکەشم نەدەبوو. من دەزانم گەلەکەم گەلێکی هونەردۆستە، هەر پشتگیری ئەوان بوو هونەرەکەی منیان دروستکرد. بۆ بەرنامەی چۆپی و چارە بە هەموو بینەرانم دەڵێم کە بینەرمان بن و بە ڕا و بۆچوونیان بەرنامەکەمان دەوڵەمەندتر بکەن و لە کەموکوڕییەکانیشی چاونەپۆشن و ئاگادارم بکەنەوە.

**ڕووداو: یەکەمین بەرنامەی چۆپی و چارە پەخش کرا، کاردانەوەی خەڵکی چۆن دەبینی؟**

**چۆپی فەتاح:** بەپێی ئەو ئیمێل و نامانەی بۆ من و ستافەکەمان هاتووە، خەڵکێکی زۆر بەدڵیان بووە و دەستخۆشییان لێکردووین، هەروەها لە ماڵپەڕی ڕووداویش بەرنامەکە دانراوە و بینەرێکی زۆر سەیری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ماڵپەڕێکی دیکەش بەشێک لە بەرنامەکەیان بڵاوکردووەتەوە و بووەتە جێی قسەوباسی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش جێگای دڵخۆشی ئێمەیە، لێرەشەوە داوا لە هەموو خەڵکی دەکەم کە هەر تێبینییەک و پێشنیازێکیان هەیە دەتوانن بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرین.

**ڕووداو: هیچ کارێکی هونەری نوێت بەدەستەوە نییە؟**

**چۆپی فەتاح:** بەڵێ ئەلبوومێکی گۆرانیم ئامادەیە کە لە 13 تراک پێکهاتووە و ڤین تیڤی بڵاویدەکاتەوە. تاوەکو ئێستا چەند ڤیدیۆ کلیپێکیشی لێ بڵاوبووەتەوە، بەداخەوە دەبووایە چوار مانگ پێش ئێستا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بڵاوکردنەوەی ئەو ئەلبوومەمان ڕاگرتووە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا گۆرانییەکی نیشتیمانیم بەناوی سەربەستی بڵاوکرایەوە کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، چونکە کلیپەکەی زۆر خەڵکی بیانی بەشدارییان تێدا کردبوو بە زمانی جیاجیا پەیامی خۆیان پێشکەش دەکرد، بەڵام بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگ لەم کاتە دژوارەدا ئەستەمە بیکەم.




RÛDAW

SIDAR
AGENCY

هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج ڕاکێشی هەیە
بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11



## لە خەلیفان ژنێک "خۆی دەکوژێت"



**رووداو- سۆران**

رۆژی 2014/11/13 ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بە ناوی (س.ع.ع) لە ماڵی باوکی لە ناحیەی خەلیفانی سەر بەقەزای سۆران کوژرا. کە بە قسەی خەڵکی ناوچەکەش ژنەکە کە خاوەنی منداڵێکە کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە. رائید خۆشەوی تەها، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سۆران بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس وادەردەکەوێ ئافرەتەکە خۆی کوشتبێ، چونکە رووداوەکە لەسەر خانووی ماڵی باوکی کچەکە بووە و بە فیشەکێکی چەکی کلاشینکۆف لە سکییەوە پێکراوە".

# "هەمیشە گوللەیەک بۆ خۆمان هەڵدەگرین"



**رەنگین شەرۆ**
**رووداو- هەولێر**

ئەویش وەک زۆر شەڕڤانی دیکە، ئەو گۆرانییەی ئەزبەرە کە لەلایەن هونەرمەندی باکووری کوردستان ئەرگین خەلیکان بۆ کۆبانی گوتراوە. رۆدین بە دەم گێڕانەوەی چیرۆکەکانی رۆژانی شەڕ لە کۆبانی و چۆنیەتی بریندارbوونی، ئەو گۆرانییەشی گوت "کۆبانی ئیرۆ خەمگینە، دشەوتە لاش ب خوینە، ئێسترا چاڤان دەبارینە، ئاخ رۆژئاڤا....".

رۆژی 2014/9/27 کاتێک رۆدین و شەڕڤانە هاوڕێکانی لە باشووری کۆبانی شەڕیان لە دژی داعش دەکرد، رۆدین بە گوللەیەکی قەناسی چەکدارانی داعش دەپێکرێت، بەڵام لە جیاتی هاوار بکات، وەک خۆی گوتی پێدەکەنی "گوتم ئۆخەی منیش شەهید دەبم، وێنەی نوژین و جاندام دەهاتە بەر چاو کە پێشتر شەهید بوون، کاتێک بریندارbووم زۆر دڵخۆش بووم، من پێدەکەنیم".

### گوللەکەی داعش بۆ یادگاری هەڵدەگرێت

رۆدین کە نازناوەکەی (ئاواز)ە، لەنێو یەکینەکانی پاراستنی ژنان، لەلایەن پەرستارەکانی کۆبانی چارەسەری سەرەتایی بۆ دەکرێت و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی سروچ لە باکووری کوردستان کە تەنیا 10 کیلۆمەتر لە کۆبانی دوورە، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ رووحا. دوای ئەوەی 15 رۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشکەکان دەمێنێتەوە، ئینجا کەسوکارەکەی دەزانن کە کچە 16 ساڵانەکەیان بریندار بووە، بۆیە یەکسەر دەیگوزانەوە بۆ هەولێر، لەوێش نەشتەرگەری بۆ دەکرێت و گوللەکەی داعشی لەسەر دەردەهێنرێت. رۆدین گوللەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی "ئەم گوللەیە کە دیاریی داعشە بۆ یادگاری هەڵدەگرم".

### رێگەیان پێنەدەدا شەڕ بکات

رۆدین بەهۆی ئەوەی تەمەنی بچووک بووە، لەلایەن فەرماندەکەیەوە رێگەی پێنەدراوە بچێتە هێڵی پێشەوەی شەڕ، بەڵام ئەو هەر سوور بووە لەسەرئەوەی شانبەشانی گەورەکان شەڕ بکات.

ئەو دەڵێت "کاتێک چەتەکان هێرشیان هێنا، فەرماندەکەمان کە هەڤاڵ نارین عەفرینی بوو، ئێستاش دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، کاتێک هاواری دەکرد دوژمنی ئێوە دڕندەن، ئێمە خاوەن خاک و دۆزین، هەڤاڵینە شەڕ بکەن، ئێمە هاوارمان دەکرد بژی وڵات، بژی کوردستان، لەو کاتانەدا هەستمان دەکرد هەر شەڕڤانێکمان، هەزار شەڕڤانە".

رۆدین قەت لەو باوەڕەدا نەبووە رۆژێک لە رۆژان چەک هەڵبگرێت، تەنانەت وەک خۆی باسی دەکات، دەترسا لەوەی بە تەنیا بچێتە دەرەوە، بەڵام کاتێک پەیوەندی بە شەڕڤانانەوە دەکات، ئیدی شتێک بە ناوی ترس لە جەستەی ئەودا نامێنێت، لە شەڕدا چەندین تەرمی سەربڕاو و قاچ و دەست پەڕیو دەبینێت، بەڵام دیمەنەکانی بەلاوە ئاسایی دەبن.

رۆدین گێڕایەوە کاتێک هەڤاڵێکی بەناوی (داستان) لە باشووری کۆبانی لە بەرەکانی شەڕ شەهید بوو، ئەو بەدەم گۆرانیگوتنەوە تەرمەکەی گواستووەتەوە بۆ نێو کۆبانی.

### گوللەیەک بۆ خۆکوشتن دەپارێزن

شاری کۆبانی لەسێ لاوە لەلایەن چەکدارانی داعش گەمارۆ دراوە، رۆدین دەڵێت لە هەر میحوەرێکی شەڕ نزیکەی 60 ژن هەن، ئەوان رۆڵی سەرەکییان هەیە لە شەڕەکە، بەڵام زیاتر پیاوەکان لە پێشەوەن بۆ ئەوەی ژنەکان نەکوژرێن یان بە دیلی نەکەونە دەستی داعش.

رۆدین دەڵێت شەڕڤانانی YPJ بەڵێنیان بە یەکدی داوە بەهیچ شێوەیەک نەهێڵن بە دیلی بکەونە دەستی داعش. ئەگەر ناچاربوون بە گوللەیەک یان نارنجۆکێک کۆتایی بە ژیانیان بهێنن.

رۆدین گوتی "هەر ژنە شەڕڤانێک گوللەی شەهیدکردنی خۆی وەکو ئەڵقەی دەزگیرانداری لە گیرفانیدا پاراستووە، بۆ ئەوەی بە دیلی نەکەونە دەست داعش و بەم گوللەیە کۆتایی بە ژیانیان بهێنن".

رۆدین قارەمانێتی هەڤاڵەکانی دەگێڕێتەوە و نموونە بە شیلان دێنێتەوە و دەڵێت "شیلان چەند جارێک بریندار بوو، بەڵام هەموو جارێک دەگەڕایەوە بەرەکانی شەڕ، لە شەڕی سەوامیع لە نزیک سایلۆ، 7 گوللە بەر قاچی کەوتبوو، بەڵام هێشتاش هەر شەڕی دەکرد". گوتیشی "تا ئەوکاتەی من لە کۆبانی بووم، نزیکەی 20 ژنە شەڕڤان شەهید بوون".

سەبارەت بە ناسنامەی ئەو ژنە شەڕڤانانەی لە کۆبانی شەڕ دەکەن، رۆدین گوتی "تەنیا خەڵکی کۆبانی نین، بەڵکو لە قامشلۆ، دێرک و شارەکانی دیکەی رۆژئاواوە هاتوون، هەروەها لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتوون".

هیچ هەواڵێک بە قەد هەواڵی چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی رۆدینی دڵخۆش نەکردووە. رۆدین دەڵێت "ئەمڕۆ شتێک نەماوە بەناوی گەریلا و یەپەگە و پێشمەرگە، هەموویان کوردن و خاکی کوردستان دەپارێزن".

رۆدین ئێستا رۆژانە لە رێگەی کەناڵەکانەوە هەواڵی کۆبانی دەزانێت و دڵخۆشە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە و یەپەگە لە کۆبانی. بەڵام زۆر ناڕەحەت بووە کاتێک بیستوویەتی کە رەیحان، یەکێک لە شەڕڤانانی YPJ بە دیلی کەوتووەتە دەستی داعش و سەری لە جەستەی جیاکراوەتەوە.

### دەیەوێت بگەڕێتەوە بەرەی شەڕ

ئێستا رەوشی تەندروستیی رۆدین بەرەو باشی دەچێت، ئەو دەیەوێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی شەڕڤانانی YPG و YPJ بەرگری لە کۆبانی بکات، بەڵام دەڵێت دایک و باوکی زۆر دڵیان لەلایەتی، بە تایبەتی دوای ئەوەی بریندار بووە، بۆیە ئەستەمە رێگەی بدەن بگەڕێتەوە کۆبانی بۆ شەڕ.

باوکی دەیگوت دوای ئەوەی کچەکەی بریندار بووە، رێگەی پێنادات بچێتەوە شەڕ. رۆدین پۆلی سێی ناوەندییە، باوکی ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە هەولێر قوتابخانەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کچەکەی لێی بخوێنێت.

رەنگە کچە شەڕڤانەکەی یەپەگە لە یەکێک لە خوێندنگاکانی هەولێر ببینرێ، چیرۆکەکانی خۆی لە کۆبانی بۆ کچانی هەولێر بگێڕێتەوە.

# "دایکم لەگەڵ هاوڕێکەی باوکمیان خنکاند"

**دیمەن بورهان**
**رووداو- سلێمانی**

لە خانەی کوڕانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی ژمارەیەک منداڵ دەژین. هەرچەندە خزمەتگوزارییەکانی ژیانی ئەوان لە نێو خانەکەدا خراپ نییە، بەڵام ناتوانن لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە هیچ بزانن. هەریەکەیان چیرۆک گەیاندوێتییە ئەوێ. رەنگە چیرۆکی (م) یەکێک لە کاریگەرترین چیرۆکەکانی خانەکە بێت کە بە دەمی خۆی بە دادوەری گوتووە "دایکم لە سێدارە بدەن".

(م.ب) لەڕێگای دادگای سلێمانییەوە و بەپێی یاسای نەوجەوانان کە لەساڵی 1986 دەرچووە، نێردراوە بۆ خانەی کوڕان. خێزانەکەی بەتەواوی شێوا، کاتێک دایکی لە نیوەشەوێکی درەنگدا باوکی دەخنکێنێت. (م) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وەک ئەوەی بیەوێت نیگەرانی خۆی پیشانبدات "لەو شەوەی تەرمی باوکمم بینی و کەلەپچەم لە دەستی دایکمدا بینیوە، دڵخۆش نەبووم".

(م) دوو برا و خوشکێکی هەیە و دووەم منداڵی خێزانەکەیەتی. دەڵێ بەهۆی باوکییەوە هیچ خۆشییەکی نەبینیوە "باوک هەموو کاتێک سەرخۆش بوو، هەر شەڕی پێدەفرۆشتین و لێیدەداین، بۆیە خۆشمنەدەویست".

بەپێی گێڕانەوەی ئەو، باوکی هەموو شەوێک بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە و لە دایکی داوە "بەجۆرێک ئازاری دایکمی دەدا هاواری دایکم دەگەیشتە ماڵە دراوسێکان، جارێکیان ئەوەندەی لە دایکم دا، چاوی خەریک بوو کوێر بێت، بەو هۆیەشەوە باوکم یەک ساڵ خرایە زیندان".

### "پلەی ستەیشنەکەی منیشی فرۆشت"

ئێستا (م)، نە دایکی هەیە و نەباوک. لە دوو براو و خوشکەکەشی دابڕاوە و دەڵێ "دایکم بەرگدروو بوو و بە پارەی جلوبەرگ دروویـن پلەیستەیشنێکی بۆ کڕیم، رۆژێک باوکم پارەی پێنەبوو مەشروب بکڕێت، ناچار پلەیستەیشنەکەمی فرۆشت و بە پارەکەی مەشروبی پێ کڕی". کاتێک لەگەڵ دایکی ناڕەزایەتییان لەو کارەی دەربڕیوە، بە توندی لێیداون.

(م) باسی ئەو شەوە دەکات کە دایکی، باوکی خنکاندووە و دەڵێ "هەمیشە باوکم کە لە ئێمەی دەدا، دایکم لە باوەشی دەگرتین و پێیدەگوتین مەترسن خوا گەورەیە و حەقمان دەستێنێت".

(م) شەوی کوشتنی باوکی بە دەستی دایکی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە "شەوێک باوکم وەک هەموو شەوەکان دوای سەرخۆشبوونی دەستی بە لێدانی دایکم کرد. ئێمەش خۆمان خستە سووچێکەوە، دایکم بە گریانەوە باوەشی پێداکردین و ماچی کردین و ئێمەی خەواند".

هەروەها دەڵێ "دایکم ئەو شەوە بڕیاری کوشتنی باوکمی دابوو. دایکم لەگەڵ هاوڕێیەکی کوڕی خۆی (کە ئێمە پێشتر بینیبوومان) لە نیوەشەودا بانگی کردبوو و پێکەوە لەسەر شوێنی خەوەکەی، باوکمیان خنکاندبوو".

بەپێی قسەی ئەو، رووداوەکە کاژێر چواری شەو بووە و لە گریانی دایکی بە خەبەرهاتووە "بینیم باوکم لەسەر دەم ڕاکشابوو، بەڵام پوورم (خوشکی دایکی) کە دراوسێمان بوو ئێمەی لە شوێنی رووداوەکە دووrخستەوە، بەڵام من نەمتوانی بۆی بگریم، تەنیا بەزەییم بە دایکم و خوشکەکەمدا دەهاتەوە، بەیانییەکەی پۆلیس هاتن و کەلەپچەیان کردە دەستی دایکم و بردیان".

### "گوتم لە سێدارەی بدەن"

دوای ئەوە (م) و دوو برا و خوشکەکەی دەبرێن بۆ ماڵی باپیریان و دەڵێ "دوای ئەوەی ئێمەیان برد بۆ ماڵی باپیرم (باوکی باوکم). باپیرم لە کاتی نزیکبوونەوەی دادگاییکردنی دایکمدا هەڕەشەی لێکردین کە بەهیچ شێوەیەک نەڵێین باوکمان رەفتاری خراپ بووە لەگەڵ ئێمە و دایکمدا. هەروەها پێیگوتین دەبێت لەبەردەم حاکمدا بڵێین دایکمان تاوانبارە و دەبێت لە سێدارەی بدەن".

(م) باسی لە رۆژی دادگاییکردنەکەی دایکی دەکات و دەڵێ "کە چوومە ناو قەفەزەکە و لەبەردەم دادوەر وەستام هەموو گیانم دەلەرزی. خۆم دەمویست ئەوەی بینیومە لە باوکم و رەفتارەکانی لەگەڵ ئێمە و دایکم بە دادوەرەکە بڵێم، بەڵام لەبەرئەوەی چاوم لە باپیرم بوو بەجۆرێک سەیری دەکردم کە نابێت پێچەوانەی قسەکەی ئەو بکەم ترسام و گوتم دایکم لەسێدارە بدەن".

(م) کاتێک ئەو قسەی کردووە بینیویەتی دایکی گریاوە "بەڵام دەیزانی لەترسان وادەڵێم، بۆیە هیچی نەگوت و تەنیا گوتی ئاگاتان لە خۆتان بێت و خوێندنەکەتان لەدەست مەدەن".

پێشتر (رووداو) لە زیندانی چاکسازی ژنان، (ک.×)ی دایکی (م) بینی و ئەویش بەهەمانشێوە چیرۆکەکەی وا گێڕایەوە کە هاوسەرەکەی بەردەوام سەرخۆشبووە و لێیداون. بەڵام باپیری (م)، وێڕای پشتراستکردنەوەی هەندێک لە قسەکانی بووکەکەی، گوتی "راستە دەیخواردەوە، بەڵام کوڕەکەم دوای ئەوە وایبەسەرهات کە ژنی هێنا، پێشتر هیچ کێشەیەکی نەبوو". گوتیشی "ئەو ژنە خیانەتی لێکردووە و پەیوەندی هەبووە لەگەڵ کەسێکی دیکە".

### لە ماڵی باپیری هەڵدێت

(م) باس لە ژیانی دوای رووداوەکە دەکات و دەڵێت "باپیرم من و خوشک و براکانمی برد بۆ ماڵی خۆیان لە کەرکووک، ماڵی باپیرم هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمە خراپ بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەوان رقیان لە دایکم بوو و بۆیە لێیاندەداین".

ئەو بەسەرهاتێکی خۆی گێڕایەوە و گوتی "رۆژێک 250 دینارم بینی لەسەر مێزێک، ویستم هەڵیبگرم و شتێکی پێ بکڕم، بەڵام پوورم بینی و ئەوەندەی بە سۆندە لێدام کە کراسەکەمی دڕاند. بۆیە هەر ئەو شەوە بڕیارمدا رابکەم"

(م) دەڵێت لە مانگی رەمەزانی 2011 پارشێو کە هەمووان خەوتبوونەوە، خوشکە بچووکە شەش ساڵانەکەی ماچ دەکات و لە ماڵی باپیری هەڵدێت "پێنج کاژێر بەبێ وەستان رۆیشتم تا گەیشتمە لای گەراجی پاسەکان، چوومە ناو پاسێکەوە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم، ئەو رۆژە بەڕۆژوو بووم، بۆ ئێوارە چوومە مزگەوت و لەوێ رۆژووم شکاند".

کەسێک (م)ی هێناوەتە ئەو خانەیە کە بەزەیی پێیدا هاتووەتەوە. (م) باسی ژیانی ناو خانەکە و دوارۆژی خۆی دەکات و دەڵێت "ئەوانەی لێرەن وەکو کەسوکاری منن، ئێستا قوتابیم و دەخوێنم، دەمەوێت ببم بە هونەرمەند". هەروەها گوتی "تەنیا دڵم لای خوشک و برا بچووکەکەمە کە نەمتوانیوە لەو شەوەوە تا ئێستا بیانبینمەوە".



(م) لەترسی باپیری داوای لە دادوەر کرد دایکی لەسێدارە بدەن (فۆتۆ: رووداو)

## فەرمانبەرێک لە خاکەناس دەکوژرێت

**رووداو – هەولێر**

رۆژی 2014/11/15 دوو دراوسێ لە شارۆچکەی پیرزینی باکووری هەولێر بەشەڕهاتن و لە ئەنجامدا یەکێکیان کە فەرمانبەرە بە خاکەناس لەلایەن دراوسێکەیەوە کوژرا. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێر شەڕی ئەو دوو دراوسێیە لەسەر بەرزکردنەوەی دیواری نێوانیان بووە، لە ئەنجامدا (ع.م.ر) لە دایکبووی 1973 پیشە فەرمانبەر، لەلایەن دراوسێیەکەی بە ناوی (ە.ع.ئا) بە خاکەناس و بلۆک لێی دراوە و بەو هۆیەش گیانی لەدەست داوە. تۆمەتبارەکەش بەپێی مادەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە.





رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر *

# هاوسەرگیریی بەزۆر

باوکێک دەستی کوڕەکەی گرتبوو داوای دەکرد بۆی بخەنە زیندان، چونکە رۆژێک پێشتر ئامۆزاکانی بە مەستی هێنابوویانەوە ماڵەوە "هیچ چارەی دیکەم نەماوە جگە لە زیندان" باوکەکە وایگوت.

وەک ئەو باوکە گێڕایەوە، ساڵی رابردوو کوڕەکەی بینیوە لەسەربانی ماڵەکەیان بەنهێنی جگەرە دەکێشێ، کە لێی دەپرسێت بۆچی جگەرە دەکێشی؟ دەڵێت "حەزم لە ژنە، ژنم بۆ بێنە". ئەویش ژنی بۆ دێنێت و ماڵی بۆ دادەنێت، بەڵام دەڵێت کرێی خانووی پێ نەدەدرا، بۆیە ناچار بووە کرێی خانووشی بۆ بدات. دواتر تەکسیەکیشی بۆ دەکرێت. کەچی هێشتا کوڕەکەی راناوەستێ و پەڵپ بە ژنەکەی دەگرێت، بەو هۆیەش ژنەکەی چەند جارێک دەتۆرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی. جگە لەوەش ئێستا هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ماڵ جێدێڵێت و دەچێتە دەرەوە.

کاتێک قسە لەگەڵ کوڕەکەی کرا، ئەویش دەردی دڵی خۆی باسکرد و گوتی "باوکم بە گرتن من دەترسێنێ، من باکم نییە دەستگیرم بکەن، زیندان زۆر خۆشترە لەو ژیانە". ئەو کوڕە باسی کێشەی خۆی کرد و گوتی "من لە پۆلی شەش بووم، لەناو تاقیکردنەوە بووم کە جگەرەم کێشا، کە باوکم بینی زۆری لێدام. یەکسەر گوتی ئەگەر حەز دەکەی ژنت بۆ دێنم، منیش رازی بووم لەبەر ئەوەی کچێکم خۆشدەویست، بەڵام باوکم گوتی ئەو کچەت بۆ ناهێنم و دەبێت ئامۆزاکەت بخوازی. بە هەر چۆنێک بێت رازی کردم، پاشان تەکسییەکی بۆ کڕیم، بەڵام من هەر زوو دڵم لەسەر ئامۆزاکەم رۆیشت، چونکە من کچێکی دیکەم خۆشدەویست".

کوڕەکە ژنەکەی ناردووەتەوە ماڵی باوکی، ئەویش هاتووەتەوە ماڵی باوکی خۆی و دەڵێت "باوکم بەردەوام سەرکۆنەم دەکات و دەڵێت، ژنم بۆ هێنای، تاکسیم بۆ کڕی، ماڵم بۆ داناویت، کەچی تۆ هەر نابیتە پیاو، زووزوو سویچی ئۆتۆمبێلەکەم لێ دەسەنێت و دەڵێت ئۆتۆمبێلی خۆمە، من ئێستا تەمەنم بووەتە 18 ساڵ، بەڕاستی بێزارم لەم ژیانە، ویستم بچمە دەرەوە لەسەر سنوور منیان گەڕاندەوە و پاسپۆرتەکەیان لێ سەندووم، ئێستاش داواکارم لەسەر قسەی باوکم بمخەنە زیندان".

لەو دۆسیەیەدا بۆم دەرکەوت کە هەر لەسەرەتاوە ژنهێنان بۆ ئەو کوڕە هەڵە بووە، باوکەکە دەبووایە رەچاوی داواکاری کوڕەکەی بکردایە، بۆ ئەوەی هیچ بیانوویەکی نەمێنێت. هاوسەرگیری بە زۆر بەپێی یاسا بە توندوتیژی ئەژمار دەکرێت.

ئەو کچەی کە کوڕەکە خۆشیدەویست شووی کردووە، ژنی ئەو کوڕەش هیچ تاوانێکی نییە، بۆیە ئامۆژگاری کوڕەکەمان کرد کە شیرازەی خێزانەکەی تێکنەدات، چونکە هەر لە سەرەتاوە خۆی رازی بووە ئامۆزاکەی بخوازێت. هەروەها بە باوکەکەمان راگەیاند کە هەڵسوکەوتی باش بێت لەگەڵ کوڕەکەی و بە چاوی منداڵی سەیری نەکات و کەمێک ئازادی بکات، وا قسەی پێنەڵێت لەکەداری بکات. دواجار هەردوولا رازی بوون لەگەڵ یەک بچنەوە ماڵەوە، باوکەکەش سکاڵا لەسەر کوڕەکەی تۆمار نەکات.

بەپێی برگەی (1) مادەی (2) لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2011) یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی "هاوسەرگیری بە زۆر" بە توندوتیژی ئەژمار کراوە. سزاکەشی حەپسکردنە بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، یان بە بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### لە شنگال هەڵات و لە شاخێکی رانیە کەوتە خوارەوە

# سەلمان خوشکە رزگاربووەکەی دەستی داعشی نەبینی

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

مەرگ رێگەی نەدا سەلمان جارێکی دیکە خوشکەکەی ببینێتەوە کە 3 مانگ بوو لەلایەن داعشەوە رفێنرابوو. خوشکەکەی لە نەخۆشخانە جەستەیەکی بێ گیانی بینی. مردنەکەی سەلمان گوماناوییە، تاوەکو ئێستا نازانرێت رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، یان سەلمان خۆی کوشتووە.

سەلمان سەعید حەسەن، مێرمنداڵێکی ئێزدی بوو، دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، لەگەڵ هەندێک لە خزم و کەسوکارەکەی لە دەستی داعش هەڵدێن و لە شارۆچکەی رانیە نیشتەجێ دەبن.

ئێوارەی رۆژی 8/11/2014 تەرمی سەلمان لە شاخی حاجیلەی قەزای رانیە دۆزرایەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ پۆلیس و کەسوکارەکەی روون نییە کە ئایا سەلمان خۆی لە شاخ فڕێداوەتە خوارەوە، یان هەڵدێراوە و کەوتووەتە خوارەوە.

بەپێی قسەی کەسوکارەکەی، سەلمان کە کرێکار بووە، ئەو رۆژە تاوەکو نیوەڕۆ کاری کردووە و دواتر گەڕاوەتەوە ماڵەوە. هەرچەندە کەسوکارەکەی چاوەڕێی گەیشتنەوەی خوشکی سەلمان بوون کە لەدەست داعش رزگار کرابوو، بەڵام سەلمان بەبێ ئەوەی چاوەڕێی خوشکەکەی بکات و پرسیش بە ماڵەوە بکات، دەچێتە دەرەوە. بەرلەوەی خوشکەکەی بگاتەوە ماڵەوە، هەواڵی مەرگی سەلمان گەیشتەوە خێزانەکەی. بۆیە خۆشیی گەڕانەوەی خوشکی سەلمان گۆڕا بۆ گێڕانی شین بۆ مەرگی سەلمان.

بەسێ کەچۆ حەتۆ، 70 ساڵ، کە نەنکی سەلمانە، لە پرسەی ژناندا بەخێرهاتنی ئەو میوانانەی دەکرد کە بۆ سەرەخۆشی دەهاتن. ئەو زۆر پەسنی نەوەکەی دا و گوتی "نیوەڕۆ لە ئیش هاتەوە و نانی خوارد و دواتر رۆیشتە دەرەوە، نازانم بۆچی چووە دەرەوە، چونکە ئەو زۆر دڵخۆش بوو بەوەی پاش کەمێکی دیکە خوشکێکی دێتەوە کە لە دەستی داعش رزگاری بوو بوو، بەڵام بەداخەوە بەر لەوەی خوشکەکەی بگاتەوە پێیانگوتین تەرمی سەلمان لە نەخۆشخانەیە، بۆیە کە خوشکەکەشی هاتەوە پێمانگوت براکەت نەخۆشە و لە نەخۆشخانەیە، بۆ ئەوەی خۆی تەرمەکەی ببینێت".

حەسەن تەحلۆ سلێمان، ریشسپی ئەو بنەماڵەیە، وەک ئەوەی گلەیی بکات کە مەرگ لە هەموو شوێنێک دوایان کەوتووە، گوتی لە 57 کەسی بنەماڵەکەیان کە کەوتوونەتە دەستی داعش، تەنیا دووانیان رزگاریان بووە.

ئەو گوتی "ئێمە هەموومان باری دەروونیمان تێکچووە". ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەگەر سەلمان خۆشی کوشتبێت، ئەوە باری دەروونیی تێکچووە.

بەڵام تەحلۆ گوتی "سەلمان هیچ کێشەی نەبوو، مردنەکەشی بۆ ئێمە روون نییە، تەنانەت نازانین بۆچی چووەتە ئەم شاخە، چونکە ئەو شاخە شوێنی پیاسە و گەشت نییە. ئێمە ناتوانین کەس تۆمەتبار بکەین بۆیە سکاڵاشمان لەسەر کەس نییە".

وەک تەحلۆ باسی کرد، سەلمان زۆر بیری ئەوانەی دەکرد کە لەلایەن داعشەوە گیرابوون، بە تایبەتی خوشکەکەی "بەردەوام باسی دەکردن، زۆر خەمبار بوو بۆیان، هەتا زۆرجار بۆیان دەگریا".

غەزال، خوشکی حەسەن تەحلۆ کە خۆی تەرمی سەلمانی شووشتووە و کفی کردووە، دەڵێت "پێدەچێت سەلمان هەڵدێرابێت، چونکە پشتە سەر و شانەکانی بریندار بوون، خوێن بە کونە گوێیەکانیدا هاتبووە دەرەوە، هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیار نەبوو، بە گوێرەی برینەکانی پێدەچێت لە شوێنێکی بەرز کەوتبێتە خوارەوە".

کەسوکارەکەی زۆر جەختیان لەسەر رەوشی دەروونیی سەلمان دەکردەوە و دەڵێن زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ئەوانەی لەلای داعش ماون. نەواف حەسەن خەڵەف، نوێنەری بەشێک لە ئاوارەکانی شنگال لە رانیە دەڵێت "سەلمان بەردەوام باسی کەسوکارەکەی دەکرد، کە لەلای داعش زیندانین، هەموو ئەوانەی ئەنفالی دەستی داعشیان هەیە لە بارێکی دەروونیی زۆر خراپدان".

رووداوەکە بۆ پۆلیسیش روون نییە و وەک هەر دۆسیەیەکی دیکەی ئاسایی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن. رائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین گوتی "ئەو کوڕە لە گەڕەکی رۆژ ستی لە رانیە دادەنیشت، دوای ئەوەی پۆلیس لە رووداوەکە ئاگادار کرایەوە، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداوەکە و تەرمەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە، بۆ زانینی راستی و چۆنیەتی رووداوەکەش پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە".



# پیاوێک لە سلێمانی خۆی بە بەنزین دەسووتێنێ



**شادیە و تەرزە**
**رووداو- سلێمانی**

جەستەیەکی سەرتاپا رەش داگەڕاو لەسەر تەختەیەکی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی لە سلێمانی راکشێنرابوو، پزیشکەکان دەیانگوت "100%ی جەستەی سووتاوە، زەحمەتە بژیت". 24 کاژێر بەسەر قسەی پزیشکەکاندا تێنەپەڕی کە گیانی لەدەستدا. ئەو پیاوە کە تیمی (رووداو) بە دیارییەوە وەستابوو لە نەخۆشخانە، تەنیا یەک قسەی کرد: "با بمرم".

رۆژی 9/11/2014 پیاوێکی تەمەن 56 ساڵ بە ناوی عەلائەدین مستەفا کە ئاسنگەر بوو، دەبەیەک بەنزینی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. عەلائەدین بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستدا.

کەسوکاری عەلائەدین لە بەردەم نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی راوەستابوون، هەریەکەیان بەشێوەیەک باسی عەلائەدینی دەکرد، بەڵام هەموویان سەریان سووڕماوە لەوەی چ شتێک وای لەو پیاوە کردووە خۆی بسووتێنێ، چونکە دەڵێن هیچ کێشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوو.

هاوژین عەلائەدین، کوڕە گەورەکەی ئەو پیاوە لەگەڵ دوو منداڵەکەی و ژنەکەی لەبەردەرگای نەخۆشخانەکەدا چاوەڕوانی هەواڵێکی باوکی بوو، زوو زووش دەیگوت "دکتۆرەکان دەڵێن دەمرێت، ئەگەر دایکم بزانێت دڵنیام ئەویش دەمرێت".

هاوژین هەردوو دەستی دەلەرزین، دەیگوت "باوکم هیچ کێشەی نەبوو، ماوەیەکە براکەم چووەتە دەرەوە، زۆر خەمی لەوە دەخوارد، ماوەیەک زۆر بێدەنگ بوو تەنانەت لەگەڵ دایکیشمدا قسەی نەدەکرد، بۆیە بردمانە لای پزیشکی دەروونی".

وەک هاوژین باسی کرد، پزیشکەکە پێیگوتووە باوکیان تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە "بۆیە دوو دەرمانی بۆ نووسی، بەڵام کە دەرمانەکانی دەخوارد حاڵی خراپتر دەبوو، هەندێکجار دەبورایەوە، بۆیە بردمانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پزیشکەکان پێیانگوتین نابێت ئەو دەرمانانە بخوات، چونکە تووشی خەمۆکی دەبێت".

رۆژی 9/11/2014 عەلائەدین بە تەنیا دەچێتە دەرەوە و لە بەنزینخانەی هەڵۆیست دەبەیەک بەنزین دەکڕێت، کەمێک لەبەنزینخانەکە دوور دەکەوێتەوە و بەنزینەکە بە خۆیدا دەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات. بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی، رۆژی دواتر گیانی لەدەستدا.

### باوکیشی هەوڵی خۆکوشتنی دابوو

بەهائەدین مستەفا، برا بچووکی عەلائەدین وەک ئەوانی دیکە خەمبارییەکی زۆر بە روخسارییەوە دیاربوو، ئەو باسی عەلائەدینی کرد و گوتی "هەمیشە بێتاقەت بوو، دەیگوت بێزارم لە ژیان و دەمەوێت خۆم بکوژم".

شەوی بەر لە رووداوەکە عەلائەدین لە ماڵی بەهائەدینی برای بووە، ئەو گوتی "زۆر خەمبار بوو، دەستی دایە تەلەفۆنەکەی من و گوتی تەلەفۆن بۆ کوڕەکەم دەکەم، بۆ ئەوەی کەمێک لە بێ تاقەتییەکەم برەوێتەوە".

بەهائەدین گوتیشی "عەلائەدینی برام، وەکو باوکی رەحمەتیم وابوو، زۆر بێدەنگ بوو، باوکیشم پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، بەڵام نەمرد، 8 ساڵ لەسەر جێگە کەوت". بەڵام ئەو بە زەردەخەنەوە گوتی "من وەک باوکم و براکەم نیم، زۆر شکورم و دڵم خۆشە".

عەلائەددین کە نەخۆشیی شەکرە و فشاری خوێنی هەبووە، هەمیشە شەکوای حاڵی خۆی لای براکەی کردووە "بەردەوام دەیگوت هیچ کێشەم نییە، تەنیا بێزارم لەم ژیانە، دەمەوێت بمرم، زۆر هەوڵم دەدا کە هۆکاری بێزارییەکەیم پێبڵێ، بەڵام بێسوود بوو، تەنانەت بە ژنەکەشی نەدەگوت بۆچی و لەچی بێزارە".

### جارێکی دیکەش هەوڵی خۆسووتاندنی دابوو

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداوی) راگەیاند "بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی نەمانتوانی ئیفادەی وەربگرین، بۆیە نازانین بۆچی خۆی سووتاندووە". هەروەها گوتیشی "لەگەڵ خێزانەکەیدا قسەمان کردووە کە عەلائەدین هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ماددی نەبووە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە هەر دەکەین".

نەقیب سەرکەوت کە پێشتر لەبنکەی پۆلیسی سیروان لێدوانی لەو پیاوە وەرگرتووە و لە دۆسیەکەیدا ئەوە تۆمار کراوە کە کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە و هۆکاری خۆسووتاندنەکەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی کە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، گوتی "ئەو پیاوە پێشتریش ویستوویەتی خۆی بسووتێنێ و تەنانەت بەنزینی بەخۆیدا کردووە، بەڵام نەیانهێشتووە".

# لە پشدەر بە سواری کەر دەچنە قوتابخانە



**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- پشدەر**

یوسف هەموو ڕۆژێ 5 کیلۆمەتر ڕێ بە سواری کەر دەبڕێ بۆئەوەی بگاتە گوندەکەی دراوسێیان کە قوتابخانەکەی ئەوی لێیە.

ئەم مێرمنداڵە دانیشتووی گوندی بادینبالّی سەرووە لە قەزای پشدەری سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین. بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەی خۆی ڕۆژانە بە سواری کەر دەچێتە گوندی دارەشمانە.

یوسف محەممەد تەمەنی 10 ساڵە و هەموو بەیانییەک لە کاژێر 7 سواری پیرە گوێدرێژەکەی دەبێت و بە نزیکەی 50 خولەک دەگاتە قوتابخانەکەی "چەند ڕۆژێک بەپێ ڕۆیشتم بۆ قوتابخانەکەم، بەڵام زۆر هیلاک و برسی دەبووم و جانتاکەشم زۆر قورس بوو، بۆیە ئێستا بە گوێدرێژ دەچمە قوتابخانە، ڕۆژانە جانتای خوشکەکەشم لەگەڵ خۆم لەم گوێدرێژە باردەکەم".

ئەو گوێدرێژە بەلای یوسفەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئۆتۆمبێل "چونکە پێی دەچم بۆ قوتابخانە و کاروباری ماڵەوەشی پێ جێبەجێ دەکەم".

ئەو گوێدریژەی یوسف پێی دەچێتە قوتابخانە تەمەنی 20 ساڵە و ماوەی 15 ساڵە لەلایەن خێزانەکەی یوسفەوە بەخێودەکرێت.

باوکی یوسف 3 منداڵی لە قۆناغی بنەڕەتی و 2 منداڵی لە قۆناغی ئامادەیی و 2 منداڵی دیکەشی لە زانکۆ و پەیمانگا دەخوێنن و خۆیشی سەرقاڵی ئاژەڵدارییە لەو گوندەی کە تەنیا خۆی و ماڵی براکەی لێ دەژین. ئەو دەڵێت "تا ئەو کاتەی منداڵەکانم دەگەڕێنەوە لە قوتابخانە زۆر نیگەرانم، چونکە دەترسم دووچاری ڕووداوێک ببن لە ڕێگا، بەتایبەتی کە ڕێگاکە قەرەباڵغە بەهۆی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە دەروازەی کێلێ کاردەکەن".

محەممەد خدر، باوکی یوسف دەڵێت بەهۆی قورسیی جانتاکانیان ئەرکی خوێندنی منداڵەکانی گرانە، چونکە ڕێگەیان دوورە، کوڕەکەی زۆر بێ تاقەت دەبێت، بۆیە بە ناچاری بە گوێدرێژ دەچێتە قوتابخانە".

باوکی یوسف ناتوانێت داوای کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکەیان بکات، چونکە تەنیا دوو ماڵ لە گوندەکە هەن. بەڵام داوا لە پەروەردە دەکات ئۆتۆمبێل بۆ منداڵەکانی بە کرێ بگرێت، چونکە ناوچەکەیان زۆر ساردە و لەمەودوا ئەگەری بەفر و باران زۆرە لە ناوچەکەیان، ئەوکات هاتوچۆ بە پیادە و گوێدرێژ بۆ منداڵەکانی ئەستەم دەبێت.

هەندێک لە گوندەکانی باشووری کوردستان، تاوەکو ئێستا قوتابخانەیان نییە، ئەو گوندانەشی قوتابخانەیان هەیە قوتابیان تەنیا دەتوانن چەند پۆلێکی قۆناغی بنەڕەتی لە گوندەکەیان بخوێنن، بۆیە زۆربەی منداڵی گوندەکان وەکو یوسف بە سواری کەر دەچنە قوتابخانە.

لەو قوتابخانەیەی یوسف لێی دەخوێنێت، لەکۆی 77 قوتابی، نزیکەی 50یان بەپێ هاتوچۆ دەکەن.

حەسەن عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دارەشمانەی بنەڕەتی کە یوسف لێی دەخوێنێ، دەڵێت "یوسف زۆر حەزی لە وەرزشە و لە وانەی کۆمەڵایەتی زیرەکە و ئاگادارین کاتێکیش لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە هاوکاری باوکی دەکات و دەچێتە لای ئاژەڵەکان و ڕۆژانەش کە دێتە قوتابخانە، گوێدرێژەکەی لە شوێنێکی دوور لە قوتابخانە دەبەستێتەوە".



## ئەمساڵ 361 داواکاری بۆ چووە

# نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی وەک دادگای لێهاتووە

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

دۆڵابی فایلەکانی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی، خەریکە پڕ دەبێت لەو سکاڵا و پێشنیاز و گلەییانەی خەڵک کە ڕۆژانە بۆ ئەوەی دەنگیان بەحکومەت بگات دەیدەنە دەستی پەرلەمانتاران. گلەیی هاووڵاتیان لەوەیە کە سۆراخی داواکارییەکانیان ناکرێت و داخوازییەکانیان "ون دەکرێن". بەڵام پەرلەمانتاران دەڵێن خەڵک ئیشی ئەوان و حکومەتی تێکەڵ کردووە.

محەممەد مەحموود، دانیشتووی شارۆچکەی بازیانە کە لەو ڕۆژانەی ڕابردوو خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی سازکرد، بەڵام پێیوایە خۆپیشاندانێکی بێ ئاکامیان کردووە "چونکە وەک ئاگادارین چەندین خۆپیشاندانی دیکە هەبووە، بەڵام داواکارییەکان لەلایەن پەرلەمانەوە پشتگوێخراون".

گوتیشی "ئەوان دەڵێن دەنگتان دەگەیەنینە سەرووی خۆمان و ئێمەش دەمانەوێت فشار لەسەر حکومەت دروست بکەن، نەک بڵێن دەنگتان دەگەیەنین".

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی سەوز پێیوایە خەڵک بە هەڵە لە کاری نووسینگەکە تێگەیشتوون و دەڵێت "نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان وەک دادگای لێهاتووە، هەر کەس کێشەیەکی بچووکی هەبێت ڕوو لەوێ دەکات".

زانا عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز پێیوایە ئەو نارەزاییانەی خەڵک بەهۆی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنە، خەڵک لە چاوەڕوانیدان بۆ چارەسەری گرفت و داواکارییەکانیان. ئەو ئەندام پەرلەمانە گوتیشی "ئەو قسانەی لە ڕابردوودا کراون لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان کە گوایە هەموو کێشەکان دەبێت پەرلەمان چارەسەری بکات، ئەمەی دروست کردووە کە ئێستا هەموو ڕوو لە پەرلەمان دەکەن".

زانا پێیوایە "خەڵک کاری پەرلەمان و حکومەتیان تێکەڵ کردووە، هاووڵاتیان تەواوی کێشەکانیان دەهێننە بەردەم ئەم نووسینگەیە، تەنانەت کێشە کۆمەڵایەتیەکانیشیان".

زانا عەبدولڕەحمان گوتی ئێستا لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان گلەیی ئەوەمان لێدەکەن کە نووسراوێکی زۆر لە نووسینگەی سلێمانییەوە دێتە پەرلەمانی کوردستان".

مونیرە عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، هۆکاری ئەو نارەزاییە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "ئەوانەی پێشتر لە دەسەڵاتدا بوون تەنیا کاریان ڕازیکردنی خەڵک بووە و ڕاستییەکانیان بە خەڵک نەگوتووە".

مونیرە پێیوایە ئەمە تاکە هۆکار بووە بۆ ئەوەی خەڵک کاری حکومەت و پەرلەمان تێکەڵ بکەن و پێیانوایە پەرلەمانی کوردستان جێگەی حکومەتیان بۆ دەگرێتەوە.

زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایەتی دەردەبڕن، وێستگەی کۆتایی خۆپیشاندانەکانیان بەردەم نووسینگەی پەرلەمانە لە شاری سلێمانی. تەنانەت بە بەردەم نووسینگەی پەرلەمانی عێراقدا لە سلێمانی تێدەپەڕن و زۆر بەکەمی خۆپیشاندانێک دەبەنە بەردەم پەرلەمانی عێراق، لە کاتێکدا زۆربەی خۆپیشاندانەکان بۆ مووچە بوون و حکومەتی بەغداش مووچەی بڕیوە.

پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و هەڵەبجە و سۆران، نووسینگەی کردووەتەوە. مەبەست لە کردنەوەی ئەو نووسینگانەش وەرگرتنی کێشە و داواکارییەکانی خەڵک و گوێگرتنە لە داواکارییەکانیان لە نزیکەوە.

لە نووسینگەی سلێمانی 25 ئەندامی فراکسیۆنە جیاوازەکان و 12 کارمەند دەوام دەکەن. بەپێی ئامارەکانی ئەو نووسینگەیە، لە 10 مانگی ڕابردوودا، 361 نووسراوی جۆراوجۆری خەڵک و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان چوونەتە ئەو نووسینگەیەی پەرلەمان. 191 نووسراو لەوانە داواکاری بوون و تەنیا 47 دانەیان وەڵامدراونەتەوە و کارەکانیان جێبەجێ کراوە.

دەشتی عوسمان، خەڵکی شاری سلێمانی گلەیی لە پەرلەمانتاران هەیە و دەڵێت "نەک نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی، بەڵکو خودی پەرلەمانی کوردستان گوێ بۆ هیچ داوایەکی خەڵک ناگرن، دەنگی ئێمە پەرلەمانتارەکانی خستە سەر کورسییەکانی پەرلەمان، بەڵام ئەوان ئێمەیان لەبیر کرد".

بەبڕوای دەشتی، تەنانەت خودی پەرلەمانیش ناتوانێت مافی هاووڵاتیان وەربگرێ، چونکە لەکاتی دروستبوونی قەیرانی بەنزین، پەرلەمانی کوردستان چەندینجار بانگهێشتی وەزیری سامانە سروشتییەکانی کرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو "خۆ دەیانتوانی فشار بخەنە سەر ئەو وەزیرەو بڕیارێک لەوبارەیە بدەن، بەڵام لە بری بڕیارێکی دڵخۆشکەر بە پێچەوانەوە نرخی بەنزینیان گرانتر کرد".

# لە ڕانیە قوتابخانەیەک "دەسووتێنرێ"

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

قوتابخانەی گوندی قولەی کانیمارانی سەر بە ناحیەی حاجیاوا لە قەزای ڕانیە دەسووتێ. خەڵکی گوندەکە نیگەرانن لەوەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خەڵکەکەی لە ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە لە قوتابخانەکە ئاگادار نەکردووەتەوە. پۆلیسی ناوچەکەش بێ ئاگایی خۆی لە سووتانی ئەو قوتابخانەیە نیشاندا"

سەرچاوەیەک لە ناوچەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لە بەرەبەیانی 2014/11/1دا بینراوە لەڕێگەی کردنەوەی بەشی سەرەوەی پەنجەرەی بەڕێوەبەری قوتابخانەوە ئاگر هەڵدراوەتە ژوورەوە بە مەبەستی سووتاندنی قوتابخانەی قولەی کانیماران، بەڵام لەبەر ئەوەی پێداویستی زستانە لە ژوورەکەدا نەبووە وەک فەرش و نەوت، بۆیە تەنیا پەردەی پەنجەرە و هەندێک کەلوپەل سووتاون".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لە دەرەوە چەند دەنکە شقارتەیەک دۆزراونەتەوە کە لەکاتی تاوانەکە بەکارهاتوون، ئەم تاوانە بە مەبەستی سووتاندنی قوتابخانەکە و بەڵگەکانی خوێندن ئەنجامدراوەو پەیوەندی بە شۆرتی کارەبا و سۆپای قوتابخانە و شتی دیکەوە نییە، بەڵام نەزانراوە کێ ئەم کارەی کردووە".

لەسەر ڕووداوەکە بەڕێوەبەری ناحیە و پەروەردەی ڕانیە ئاگادارکراونەتەوە و پۆلیس هاتووە بۆ شوێنی ڕووداوەکە، هەروەها دەستگیراوە بەسەر کەلوپەلی بەکارهاتوودا.

ساڵانی ڕابردوو قوتابییەکانی هەردوو گوندی مامیا و کانی توان لە قوتابخانەی ئەم گوندە دەیانخوێند، بەڵام ئەمساڵ تەنیا قوتابیانی گوندەکە تێیدا دەخوێنن کە ژمارەیان 25 قوتابییە.

بەختیار حوسێن، موختاری گوندی قولەی کانیماران، سووتانی قوتابخانەکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "لە خەڵکی گوندم زانیوە کە قوتابخانەکە سووتاوە، بۆیە گلەیی لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاکان دەکەم کە زوو خەبەریان پێنەدام، دەبووایە زووتر ئەوەمان زانیبایە بۆ ئەوەی تاوانبارەکە بدۆزینەوە".

موختاری گوندی قولەی کانیماران گوتیشی "تۆمەتبار هەرکەسێک بێت لێی قبوڵ ناکەین و داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەین، چونکە مامۆستاو بەڕێوەبەر بەردەوام لەخزمەتی منداڵەکانماندا بوون و تا ئێستا هیچ کێشەیەکیان نەبووە".

لە ماوەی ڕابردوودا جگە لە قوتابخانەی ئەو گوندە، قوتابخانەیەکی ئاینی، کۆگایەکی کەلوپەلی پەروەردەی ڕانیە، چوار قوتابخانەی پەروەردەی ڕانیە و قوتابخانەیەکی سنووری پەروەردەی پشدەر سووتان و زەرەری زۆریان پێکەوتووە.

ڕووداو پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، بەڵام پۆلیس بێئاگایی خۆیان لە ڕووداوەکە دەربڕی و گوتیان کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە.

# قەشەیەک چەند دەستنووسێکی دەگمەن لە قەرقۆش ڕزگار دەکات

**شەرمیلا دێڤی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەزاران پارچە نووسراوی دێرینی مەسیحی لە شوێنێکی نادیاری کوردستان پارێزراون. ئەو دەستنووسانە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا و چەند کاژێرێک بەرلەوەی شارۆچکەی قەرەقۆشی دەشتی نەینەوا بکەوێتە دەست چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، برانە دەرەوەی شارەکە.

نەجیب میخائیل، ئەو قەشەیەی کە سەرپەرشتی گواستنەوەی دەستنووسەکانی کردووە، نەیویست شوێنی نووسراوەکان ئاشکرا بکات لە ترسی هێرشی شوێنکەوتووانی داعش. بەڵام ڕێگەیدا ڕووداو ئەو نووسراوانە ببینێ.

دەستنووسەکان کە هەندێکیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەهەم لە ژوورێکی فێنکدا پارێزراون. ئەو گوتی "ئەو کۆمەڵە نووسراوە، بەشێکی سەرەکی کەلتوور و شارستانێتی عێراق پێکدێنێ".

لە مانگی حوزەیراندا، داعش شاری موسڵی کۆنترۆڵ کرد و پاشان هێرشی کردە سەر گوندەکانی دەشتی نەینەوا. لە ئەنجامی ئەوەشدا لانیکەم 130 هەزار مەسیحی و خەڵکانی دیکەی سەر بە کەمینەکانی ئێزدی و شەبەک و تورکمان و شیعە ناچار بوون ناوچەکانیان چۆڵ بکەن.

شەوی 6ی ئابی ڕابردوو لەگەڵ نزیکەی 30 هەزار کەسی دیکە، نەجیب 40 کیلۆمەتری بەپێ بڕی تا گەیشتە هەولێر. ئێستا لەوێ هەموو کاتەکەی تەرخان کردووە بۆ چاودێریکردن و یارمەتیدانی ئەندامانی کەنیسەکەی لە دابینکردنی خواردن و شوێنی مانەوە.

نەجیب لە قەرەقۆش بەڕێوەبەری سەنتەری دیجیتاڵی بووە بۆ نووسراوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە کەنیسەی ئاشووری ماربەهار کە ئێستا لەژێر دەستی داعشدایە. بەپێی ڕاپۆرتەکان نیوەی زیاتری سەنتەرەکە سووتێنراوە.

"ئەگەر ئەو دەستنووسانەم نەگواستبایەوە، ئەوا هەموویان هەروەک کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی موسڵ و دەشتی نەینەوا لەناودەبران". قەشە نەجیب کە لە دەیەی ڕابردوودا چەندینجار لەلایەن چەکدارە ئیسلامییەکانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، وایگوت.

"داعش هیچ بەهایەک دانانێ بۆ بیرمەندان و زانایان". ئەو گوتیشی "لە موسڵ، چەندین پزیشک و پرۆفیسۆری موسڵمانیشیان کوشتووە".

نەجیب خەڵکی موسڵە و بە زمانی ئارامی قسە دەکات. لە بنەڕەتدا بەنیازبووە لە بواری پیشەسازیی نەوت کاربکات، بەڵام دواتر بڕیاریداوە پەیوەندی بکات بە کەنیسەی کاسۆلیکی و لەساڵی 1987 وەک قەشە دەستنیشانکراوە.

کەنیسەی کاسۆلیکی مێژوویەکی کۆنی هەیە لە باکووری عێراق و بە یەکەمین کەلتووری ئەنترۆپۆلۆجیستی ناوچەکە ناوبراوە. بەدرێژایی چەندین سەدەی ڕابردوو توێژینەوەیان لەسەر کۆمەڵگەکان و کلتوورەکان کردووە و هەموو نووسراوەکانیان لەوبارەیەوە پاراستووە. هەروەها ئەو دەستنووسە مێژووییانەشیان پاراستووە کە دۆزیویانەتەوە.



لەساڵانی هەشتاکانەوە، قەشە نەجیب نزیکەی 750 نووسراوی کەنیسەی کاسۆلیکی ناوچەکەی کۆکردووەتەوەو هەڵگرتووە. هەروەها چەندین دەستنووسی دیکەشی کە لەلایەن کەنیسە و خاوەنەکانیانەوە پێیدراوە بە دیجیتاڵ کردووە. کۆپی دیجیتاڵی ئەو نووسراوانە دراون بە خاوەنەکانیان و ئەرشیفی تایبەت.

پاش کەوتنی موسڵ لە 10ی حوزەیران، قەشە نەجیب بەپەلە هەموو نووسراوەکانی کۆدەکاتەوەو دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە "دەمزانی شتێک ڕوودەدات، بۆیە گوتم دەبێت ئەم نووسراوانە لێرە دووربخەمەوە".

قەشە نەجیب باسی لە کۆڕەوە بە کۆمەڵەکەی 6ی ئابی شارۆچکەکەی کرد. لە بەیانیەکەیدا، بۆمبێک ژنێک و دوو منداڵی کوشت کە بوونە یەکەمین شەهیدی شارۆچکەکە، ئەو گوتی "پشێوی و ترس کەوتە ناو خەڵک و هەوڵیاندا ناوچەکە جێبهێڵن، بەڵام من دەمویست بمێنمەوە".

لە ئێوارەدا، لەلایەن هاوڕێکانیەوە تەلەفۆنی بۆدەکرێ و داوای لێدەکرێ بەپەلە شارۆچکەکە جێبهێڵێ. بەپەلە هەموو دەستنووس و دۆکیومێنتەکانی دیکە دەخاتە پیکابێکەوە لەگەڵ دوو قەشەی دیکە و چەند کەسێکی دیکەی قەرەقوش بەرەو هەولێر ڕەوانەی دەکات.

پاشان بەدرێژایی شەو لەگەڵ هەزارانی دیکە کە ئۆتۆمبێل و هیچ هۆکارێکی گواستنەوەی دیکەیان نەبووە، بەپێ بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێ. ئەو گوتی "بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، چەندین ژن و منداڵ بێ خواردن و خواردنەوە بوون، پاشان گەیشتینە خاڵێکی پشکنین لە دەرەوەی هەولێر، لەوێ پێشمەرگە ڕێگەیان پێداین بچینە ناو هەولێر، بەڵام ڕێگەیان نەدا خەڵک ئۆتۆمبێلەکانیان بەرنە ناو شار".

قەشە کۆڵۆمبیا ستووەرد، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی هیڵ و کتێبخانەی دەستنووسەکان لە کەنیسەی سەینت جۆنی ویلایەتی مینەسۆتای ئەمریکا، لەساڵی 2009 هاوکاری و مەشقی تەکنیکی بە قەشە نەجیب دەکات لە چۆنیەتی پاراستن و بەدیجیتاڵکردنی ئەو دەستنووسانە.

قەشە کۆڵۆمبیا بە (ڕووداو)ی گوت "هاوکاری قەشە نەجیب دەکەین لە دووبارە کردنەوەی سەنتەرەکەی، ئەوەش مانای دابینکردنی مووچەیە بۆ ئەو کەسانەی لە سەنتەرەکەی کاردەکەن". گوتیشی "قەشە نەجیب بووەتە هاوڕێیەکی نزیکی من و یەکێکە لەو کەسانەی من وەک پاڵەوانی خۆم تەماشای دەکەم".

ئەم قەشەیە وەک کەسێکی ئازاو لێهاتوو لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحیەکانی قەرەقوشەوە تەماشا دەکرێت. لەسەردانێکماندا بۆ ناو ئەو خێمانەی ئاوارە مەسیحیەکانی تێدایە لە گەڕەکی عەنکاوە، زۆریان بەپەلە هاتن بۆ تەوقەکردن لەگەڵ قەشە نەجیب و کۆرپەلەکانیان هێنا تا ئەو ماچی نێوچاویان بکات و هەموو شتێکیان پێگوت دەربارەی بارودۆخ و گوزەرانی ژیانیان.

بەر لە جەنگی عێراق، ژمارەی دانیشتووانی مەسیحی لە عێراق بە 1.5 ملیۆن مەزەندە دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە کەمبووەتەوە بۆ 300 هەزار کەس.

قەشە نەجیب گوتی "هیوادارم خەڵک یان هاوکارییان بکەن لە دۆزینەوەی کار و شوێنی نیشتەجێبوون یان ڕێگەیەکیان بۆ بدۆزنەوە بۆ جێهێشتنی وڵات". ئەو دەڵێت "ئێستا ئێمە لە تونێلێکداین و هیچ تروسکاییەک نابینین".

## سۆران لە مەحوی دەکۆڵێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

سۆران بەهائەددین، پەیامنێری (ڕووداو)، بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەبی کوردیدا بەدەستهێنا. سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێژنەی گفتۆکردن نامەکەیان بێ دەستکاری وەکو خۆی قبوڵ کرد". نامەکەی سۆران بە ناونیشانی (دەقاوێزان لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) دا) بوو. سۆران بەهائەددین دەڵێت "بابەخی لێکۆڵینەوەکەم لەوەدا بوو، هەم نوێ بوو، هەم شیعری کلاسیکیم بە شێوازی ڕەخنەی نوێ شیکردەوە، هەروەها ئەو هێزە ڕۆشنبیرییەی لە پشت شیعرەکانی مەحوین لێکۆڵینەوەم لەسەر کردووە".

## دێرسیم لە شەڕی کۆبانی دەگەڕێتەوە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دیار دێرسیم، هونەرمەندی باکووری کوردستان پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە کۆبانی بە بیکەیسی شەڕی داعش دەکات، ئێستا گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا بۆ تۆمارکردنی سروودێک لەسەر کارەساتی شنگال.

سەرچاوەیەکی نزیک لەو هونەرمەندە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو دیار دێرسیم لەماڵی من بوو، باسی چوونی خۆی بۆ کۆبانی کرد و گوتی من وەکو هونەرمەندێک چووبوومە کۆبانی و چەند ڕۆژێکیش بە بیکەیسی شەڕم لە دژی داعش کرد".

دیار دێرسیم ئێستا لە ئەڵمانیا لەگەڵ هونەرمەندان شەهریبانا کوردی و ئەیوب عەلی سەرقاڵی تۆمارکردنی سروودێکە بۆ شنگال کە د.دڵشاد محەممەد سەعید ئاوازی بۆ داناوە.

## ئەیاد بەشێکی دەبەخشێ

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئەیاد حوسێن ڕایگەیاند هەر ئاهەنگێک لە سەری ساڵ بکات، بەشێک لەو داهاتەکەی بە ئاوارەکان دەبەخشێ.

ئەیاد حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیاربوو چەند گۆرانییەک بەشێوەی سینگڵ تۆمار بکەم، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ڕامگرتن، تەنیا سروودێکم بە ناوی (نیشتیمان) بڵاودەبێتەوە کە بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان تارا ڕەسوڵ و ڕۆژ کەریم گوتوومە".

ئەیاد حوسێن گوتی لە ماوەی ڕابردوودا بەشداری لە پێنج کۆنسێرت کردووە کە داهاتەکانیان بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانی بووە. گوتیشی "بڕیارمداوە لە سەری ساڵ بەشداری لە هەر ئاهەنگێک بکەم، بەشێک لەو داهاتەی لە ئاهەنگەکە دەستمدەکەوێت ببەخشمە ئاوارەکان".



## دۆتمیر دوو سروود بەرهەمدێنێ



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی باشووری کوردستان دۆتمیر نازی دوو گۆرانی نوێ بۆ وڵات و پێشمەرگە تۆمار دەکات.

دۆتمیر نازی کە لە سوێد نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێک لە گۆرانییەکان بە ناوی (دایە وڵات شیرینە)یە کە پێشتر بەدەنگی هونەرمەند تەحسین تەها گوتراوە".

گۆرانییەکەی دیکەش بەناوی پێشمەرگەیە کە لە ئاوازی خۆی و ئەدیب چەلکییە، هەروەها تێکستەکەشی لەلایەن ئەدیب چەلکییەوە نووسراوە.

دۆتمیر سەبارەت بە کلیپکردنی ئەم گۆرانیانە دەڵێ "بەنیازم بگەڕێمەوە کوردستان و لەشاری دهۆک لەگەڵ ستافێکی پرۆفیشناڵ ئەم بەرهەمانە کلیپ بکەم".

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کەسانی لەخۆت بەتەمەنتر خاوەنی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانن، ڕێزی کەسایەتییان بگرە ئەگەر بۆچوونەکانیشیان پەسەند نەکەیت. گرنگی بەکەسێک یان تەندروستی کەسێکتان دەدەن لەماڵدا.

**گا**
خێزانەکەت خۆشیان دەوێی و بەردەوام گرنگیت پێدەدەن، تۆش دڵنیایان بکەرەوە. لە بارەی دەرامەتەوە لەوە زیاتر خەرج دەکەن کە چنگتان دەکەوێت. چاوتان بەکەسێک دەکەوێت یان کەسێکی تازە دەناسن.

**جمک**
کاتێک ململانێ یان عینادی لەگەڵ سۆزدارەکەت دەکەیت، سۆز لەو پەیوەندییەدا نامێنێت و ڕەنگە بگۆڕێت بۆ بێزاری. ئەنجامدانی کارەکەت کەمێک قورس دەبێت. وا باشە کارێک نەکەن بەدەستی خۆتان زەرەر بەخۆتان بگەیەنن.

**قرژاڵ**
کاتێک گەشبینانە دەڕوانیتە ژیان، ئاسوودەیی بەدوای یەکدا بەرەو ڕووت دێن، چواردەورەکەت زیاتریان خۆشدەوێی و ژیان چێژێکی خۆشتر دەبەخشێت. پاش ئەم هەفتەیە گۆڕانێکی باش بەسەر ژیانتدا دێت.

**شێر**
سەرکەوتنی هەموو مرۆڤەکانی دونیا بەندە بە بڕیارەکانیان و پابەندبوون پێیانەوە، بەتایبەت لەو کاتانەی دۆخێکی گونجاو فەراهەم دەبێت. زۆربی کارەکانی ئەم ماوەیەتان دەکەوێتە سەر بیرکردنەوەی زۆر و پەیوەندی و گفتوگۆی زۆر.

**گوڵەگەنم**
سەرسەختی نواندن و کەللەڕەقی لەکۆتاییدا پەشیمانی لەدوایە، هەندێک کەس ئێستا پەشیمانن چونکە ماوەیەکی درێژ باجی عینادییەکانی ڕابردوویان دەدەن. کەمێک ماندوو دەبن بەهۆی دواکەوتنی هەندێک لەکارەکانتان.

**تەرازوو**
دەرفەتێکی باشی کارکردنە و هیچ فرسەتێک لەدەست مەدە. ئەگەر لەسەرەتاوە کارەکان قورس بێت، لەکۆتاییدا فرسەتی دیکەی باشت بۆ دروست دەبێت. دەست بەخەرجییەوە بگرە و بیر لەچەند ڕۆژی داهاتووش بکەرەوە.

**دووپشک**
ئەستێرەکانی (ڤینۆس، عەتارید، زوحەل، هەتاو) لەبورجەکەتدایە، هەفتەیەکی زۆر گرنگ دەبێت بۆ تۆ، هەموو چاوەکان دەکەونە سەر تۆ، بڕیار لەسەر کارە درێژخایەنەکانی داهاتووت دەدەیت و کۆتایی بەدۆخێکی ناخۆشی ژیانت دێت.

**کەوان**
جیاوازی لەنێوان پێویستییە سەرەکییەکان و ناسەرەکییەکان بکە، هەتا پێویستییە سەرەکییەکان دابین نەکەیت، کاروبارەکان بەناتەواوی دەمێننەوە. دڵنیا بن لەسەرکەوتنی ئەو کارەی کە بۆی دەچن یان شان دەدەنە بەری.

**کارژۆڵە**
ساتەکان ئارام و خۆشن، پلانەکانی داهاتووش بەشێوەیەک ڕێکبخە کە هەنگاوەکان بەرەو پێش بچن و ئارامییەکانیش وەک خۆیان بەردەوام بن. خۆشحاڵیتان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانن بڕوا بە ناخی خۆتان بکەن.

**سەتڵ**
پلە و پایەی کۆمەڵایەتیت بەهێز دەبێت، دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی نوێ دروست بکەیت، دەتوانی دڵی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت بکەیتەوە، بەڵێنێک وەردەگریت. هەست بە دڵخۆشیی زیاتر دەکەی.

**نەهەنگ**
دیدارەکانتان لەگەڵ کەسانێکی بەتوانا ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. کاتێکی باشە بۆ کارکردن و هەوڵدان بۆ دەرامەت. سەردانەکانتان زۆر دەبێت بەتایبەت بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دڵخۆش دەبن.

## کوردێک دەبێتە دادوەری فێستیڤاڵێکی جیهانی



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفە دەبێتە ئەندامی لیژنەی دادوەریی بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی Leuven لە بەلجیکا.

سەهیم عومەر لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی Leuven گەورەترین فێستیڤاڵی کورتە فیلمە لە بەلجیکا و هۆڵەندا، ئەو فیلمەی دەتوانێت خەڵاتی باشترین فیلم وەربگرێت، دەچێتە لیستی کاندیدەکانی فێستیڤاڵی ئۆسکار لە ئەمریکا، منیش وەک یەکێک لەو پێنج ئەندامەی لیژنەی دادوەری هەڵبژێردرام".

ئەم فێستیڤاڵە ڕۆژی 2014/11/28 دەستپێدەکات و 8 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

سەهیم عومەر خەلیفە بەهۆی فیلمەکانی "میسی بەغدا" و "خاکی پاڵەوانان" و "ڕاوچیی خراپ" دەیان خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و ئێستا خەریکی ئامادەکارییە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی درێژ بەناوی زاگرۆس.

## دلبەر بە هەشت زمان گۆرانی دەڵێت



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند دلبەر دۆسکی سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە کە بەهەشت زمان پێشکەشی دەکات.

دۆسکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ گۆرانییەک کە جیاوازە لە کارەکانی پێشووم و دەمەوێ بە هەشت زمانی جیاواز گۆرانییەکە بڵێم بۆئەوەی پەیامی ئاشتی و برایەتی بە هەموو جیهان بگەیەنم".

دلبەر دۆسکی خاوەنی چەندین گۆرانییە و لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئەکتەر بەشداری لە چەند فیلمێکدا کردووە، لە باکووری کوردستانیش لە چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆن پێشکەشکار بووە.

## نۆرەیان گرتووە بۆ کیرا



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی بەریتانی کیرا نایتلی بەهۆی جوانیی جەستەی لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە داواکاری زۆری لەسەرە.

دەرهێنەرانی هۆڵیوود دەڵێن ئەکتەر و نمایشکاری بەریتانی کیرا نایتلی بۆ هەموو ڕۆڵێک دەگونجێ و دەموچاوی بەئاسانی گۆڕانکاری تێدا دەکرێت.

جگە لە دەرهێنەرانی هۆڵیوود، کیرا لەلایەن گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاری بەناوبانگەوە داواکراوە بۆ ئەوەی بخرێتە سەر بەرگی گۆڤارەکانیان.

کیرای تەمەن 29 ساڵ لە چەند فیلمێکی بەریتانی و ئەمریکی ڕۆڵی بینیوە و چەندینجار لە بەرگی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وێنەکانی بەڕووتی بڵاوکراونەتەوە و هەوادارێکی زۆری هەیە، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ نرخی بەشداریکردنی لە فیلمەکاندا بەرز دەبێتەوە.

ڕووداو
ژمارە (334) دووشەممە 2014/11/17

# مەلا میانڕەوەکانی بەریتانیا دەرەقەتی داعش نایەن

فیۆنا لێنەی
ڕووداو- لەندەن



(فۆتۆ: ijreview)

بەریتانییەکی دیکە خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەتەقێنێتەوە و بەمەش ژمارەی کوژراوانی بەریتانیا لە ریزەکانی داعشدا گەیشتنە 30 کەس.

خۆتەقاندنەوەی ئەو بەریتانییە لە عێراق و کوژرانی داعشێکی سویدی لە کۆبانی لە هەفتەی رابردوودا، زۆریی ژمارەی ئەو چەکدارە ئەوروپیانە نیشاندەدات کە لە هەردوو دیوی عێراق و سووریا شەڕ بۆ داعش دەکەن. شارەزایان پێیانوایە ژمارەی ئەو چەکدارانە بەردەوام روو لە زیادبوونە.

رووی چەکدارە ئەوروپیەکان تەنیا لە داعش نییە، هەندێک کوردی دانیمارک و سوید و بەریتانیاش وڵاتەکانی خۆیان بەجێهێشتووە و پەیوەندییان بە هێزە کوردییەکانەوە کردووە لە شەڕی دژە داعشدا. رۆژی 2014/11/9 فیدراسیۆنی کوردانی هۆڵەندا رایگەیاند کە کوردێکی هۆڵەندی بەناوی یوسف کۆچەر لە هەرێمی کوردستان لە کاتی هەڵگرتنەوەی مینێکدا کە لەلایەن داعشەوە چێنرابوو، گیانی لەدەستداوە.

چاودێران دەڵێن خۆکوژە بەریتانییەکە ناوی کەبیر ئەحمەدە و تەمەنی 32 ساڵە و باوکی دوو منداڵە کە ئێستا لە دێربی، لە بەریتانیا دەژین. دەگوترێ کەبیر لە هێرشێکی خۆکوژیدا لە شاری بێجی کە دەکەوێتە باکووری بەغدای پایتەختەوە خۆی تەقاندووەتەوە.

دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا CIA وا مەزەندە دەکات کە داعش نزیکەی 31 هەزار چەکداری لە 90 وڵاتی جیهانەوە هەیە، ئەو ژمارەیەش سێ هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە پێشتر لە ریزەکانی داعشدا بوون.

زۆرترین ژمارەی چەکدارەکانی داعش لە توونس و سعودیەوە هاتوون، ژمارەی چەکدارەکانی ئەو دوو وڵاتە وا مەزەندە دەکرێت کە 5000 چەکدار بن. دووەم گەورەترین ژمارەی چەکدارەکانی داعش، ئەو چەکدارانەن کە ماڵەکانی خۆیان لە ئەوروپاوە بەجێهێشتووە و پەیوەندییان بە ریزەکانی ئەو گرووپەوە کردووە.

شیراز ماهر، لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە توندڕەوی (ICSR) لە زانکۆی کینگ لە لەندەن کە چاودێریی چوونی جەنگاوەری ئەوروپی بۆ نێو داعش دەکات، دەڵێت چوونی جەنگاوەرانی بیانی کاریگەری زۆری هەبووە.

"قەیرانی سووریا دیاردەی جیهادی جیهانی زیندووکردەوە. ئەو دیاردەیە هەرگیز ئەوەندەی ئێستا بەهێز نەبووە. ئەو جیهادەی ئێستا ژمارەی چەکداری زۆرترە، چەک و کەلوپەلی باشی لەبەردەستە و داراییەکەی لە هەرکاتێکی سەدەی رابردوو باشترە." شیراز وا دەڵێت.

ئەو پێیوایە هەر تەنیا ژمارەی چەکدارەکانی داعش- کە زۆربەیان بیانین- وا دەکات ئەستەم بێت بەم زووانە کۆتایی بە داعش بهێنرێ.

مەسرور بارزانی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەمان شتی بە پەرلەمانی ئەوروپا راگەیاند. بارزانی داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد کە هەنگاوی زیاتر بگرنەبەر بۆ رێگەگرتن لە لاوانی وڵاتەکانیان لە چوونیان بۆ سووریا و پەیوەندیکردنیان بە داعشەوە.

"ژمارەی چەکدارەکانی داعش گومانی تێدا نییە کە روو لەزیادبوونە و لە دەرەوە چەکداری بۆ دێت. ئێستا کە کاتی زیاتریان لەبەردەستدایە بۆ راکێشانی چەکداری زیاتر، ژمارەی چەکدارەکانی داعش زیاتر دەکات". بارزانی هەروەها رایگەیاند "پێویستە فشاری زۆر زیاتر بخرێتە سەر ئەو وڵاتانەی وەک سەرچاوەی هاتنی داعشییەکان تەماشا دەکرێن".

هاتنی چەکداری زیاتر بۆ عێراق مەترسی بۆ کورد و کەمینەکان و تەنانەت بەغداش دروستکردووە. بە تەماشاکردنی وڵاتینامەی چەکدارە بیانییەکان دەردەکەوێت کە چ جۆرە کێشەیەک و کەی دروست دەبێت کاتێک ئەو چەکدارانە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان.

ICSR و گرووپی لێکۆڵینەوەی سوفان کە بارەگاکەی لە شاری نیویۆرکە، ئاماری چەکدارە بیانییەکانی عێراق و سووریایان کۆکردووەتەوە. ئامارەکانی ئەوان ئەوە نیشان دەدات کە هەرچەندە زۆربەی چەکدارە بیانییەکان لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە چوونەتە نێو ریزەکانی داعش، بەڵام هەزار چەکداریان لە هەرێمی موسڵمانی چیچانی رووسیاوە چوون و زیاتر لە 700 چەکداریش لە فەڕەنساوە رۆیشتوون کە گەورەترین ژمارەی موسڵمانی لە یەکێتی ئەوروپادا هەیە. هەروەها نزیکەی 500 چەکداریش لە بەریتانیاوە چوونەتە ریزەکانی داعش.

بە وتەی بەڕێوەبەری هەڵمەتی دژە تیرۆری ئەوروپا، جیلێس دێ کێرچۆڤ، ئەوروپا بە تەواوەتی نیگەرانی ئەو دۆخەیە. ئەو بەم دواییانە بە تەلەڤزیۆنی BBC راگەیاند کە راگەیاندنی خەلافەت لەلایەن داعشەوە لە مانگی حوزەیرانی رابردوودا بووە هۆی ئەوەی پشتگیری زیاتری لە ئەوروپاوە بۆ بڕوات. ئەو دەڵێت "ئەگەر کەسێک بڕوای بە خەلافەت هەبێت، هەوڵدەدات بە زووترین کات ببێتە بەشێک لێی."

مانگی رابردوو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەندێکی تێپەڕاند کە وڵاتان ناچار دەکات رێگە لە هاووڵاتییەکانیان بگرن تا پەیوەندی بە جیهادییەکانی عێراق و سووریاوە نەکەن. بەڵام حکومەتی وڵاتان ئەستەمە بتوانن رێگە لەو کەسانە بگرن کە بە توندڕەوی گۆشکراون.

چەند وڵاتێک، لەوانە بەریتانیا و دانیمارک بیریان لەوە کردووەتەوە کە وڵاتینامە لەو چەکدارانە بستێننەوە و هەوڵەکانیان لە دەستگیرکردنی لایەنگرانی تیرۆر چڕتر کردووەتەوە.

بەڵام بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و راکێشانی چەکدار لەو رێگەیەوە وایکردووە کە زۆر ئەستەم بێت راکێشانی چەکدارەکان رابگیرێت. شیراز دەڵێت راکێشەرانی چەکدارە ئەوروپیەکان ئەو کەسانە بەو کارە دەسپێرن کە توانای باشیان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا هەیە.

"کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو رووەوەیە کە وا دەکات ئەزموونەکە نۆرماڵیزە بکرێتەوە و هانی راکێشانی چەکدارەکانی پێ بدرێت". شیراز پێیوایە سەختە بۆ مەلا بەریتانییەکان بتوانن هاوڕێیەتی لەگەڵ موسڵمانە لاوەکان پتەو بکەن و پەیامی میانڕەویی مەلاکان کێبڕکێی ڤیدیۆکانی داعشیان پێ ناکرێت کە بانگەشە بۆ جیهاد دەکەن.

# گەشتیارانی ئەمریکی و ئەوروپی دەگەڕێنەوە ئێران



ئەیمی گەتمان
ڕووداو- تاران

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەساڵی 1979، تەنیا ئەو رۆژئاواییانەی گوێیان بە ترس نەدەدا گەشتیان بۆ ئێران دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوە گۆڕاوە.

ژمارەیەک گەشتیاری ئەڵمانی، سویسری، ئوسترالی کە لەلایەن رێبەرێکی گەشتیارییەوە رێنوێنی دەکران، سەرنجیان دابووە پەنجەرەیەکی گەورەی گوڵستان پالاس، ئەو شوێنەی کە 17 بینای تێدایە لە مۆزەخانە و ئاڵتوون و کریستاڵ و دەتوانێ پێشبڕکێ لەگەڵ پالاسی زستانەی سەینت پیتەر بکات. ئەم شوێنە لەلایەن خێزانی قاجاری لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بنیاتنراوە و لەوێوە حوکمی ئێرانیان کردووە.

ئەم شوێنە، یەکێکە لەو شوێنانەی کە دەڵێن هەتاوەکو نەیبینی تاران جێمەهێڵە.

لە 10 ساڵی رابردوودا، ئێران بەردەوام لە لاپەڕەی گەشتیاریی رۆژنامەکانی بەریتانیادایە وەک فایننشەڵ تایمز و دەیلی تەلەگراف و رۆژنامەکانی دیکە. لەوانەوە بانگەشە بۆ ئێران وەک ناوچەیەکی نوێی گەشتیاری دەکرێ.

لەرابردوودا، ئێران شوێنێکی بەناوبانگ بوو بۆ گەشت. نزیکەی 77 هەزار ئەمریکی لەساڵی 1977دا گەشتیان بۆ ئێران کردووە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسلامی هۆتێلە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئینتەرکۆنتیننتاڵ و شیراتۆن ئەو وڵاتەیان جێهێشت.

جارێکی دیکە ئێرانییەکان شەپۆلێکی گەشتیاری لە وڵاتەکەیان دەبینن. لەوەتەی حەسەن رووحانی بووەتە سەرۆکی ئەو وڵاتە کە تێڕوانینێکی لیبراڵی هەیە، گەشتیار لەو وڵاتە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. سەرچاوەکانی دیکەی سێکتەری گەشتیاریش ئەو راستییە پشتڕاست دەکەنەوە.

ئەرشان پێشتر هەفتەی دوو رۆژ وەک رێبەری گەشتیاری لە تاران کاری دەکرد. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕانکارییەکی تەواو لە گەشتیاریی ئێراندا روویداوە. ئێستا لە هەفتەیەکدا حەوت رۆژ کاردەکەم".

ئەو کەسانەی هۆکارەکانی گواستنەوەی فڕۆکەخانە بەکاردەهێنن هۆتێلەکانیان پڕکردووە.

ئەمیر موساپوور لە مێزی پێشوازی هۆتێلی نێودەوڵەتی ئیسپیناس کاردەکات کە تەنیا هۆتێلی پێنج ئەستێرەییە لە پاش شۆڕشی ئیسلامی دروستکرابێت.

ئەو دەڵێت "پاش دەستبەکاربوونی رووحانی، هەستێک پەیدابوو کە ئێران بەڕووی گەشتیاراندا دەکرێتەوە. لەوکاتەوە هەڵێکی گەورە دروستبووە".

موساپوور گوتی ژمارەی میوانەکانی ئۆتێلەکەیان لە 50%ەوە بۆ 80% زیادی کردووە. گوتیشی گرنگی ئەمە تەنیا بۆ کەرتی گەشتیاری نییە، بەڵکو ئەو جۆرە گەشتیارانەی کە دێن گۆڕانکارییەکی گەورە دروست دەکەن "پێشتر گەشتیارەکان هەموویان خەڵکی ئاسیا بوون، بەڵام ئێستا زۆر لە میوانەکان خەڵکی ئەمریکا و ئەوروپا و ئوسترالیان".

حکومەت بەڵێنی داوە ئاسانکاری بۆ ڤیزەی گەشتیاران بکات و هانی کردنەوەی هۆتێلی گەشتیاری بدات بە دانی قەرزێکی زۆر. ساڵی داهاتوو هۆتێلی ئیسپیناس دووەم لقی لە تاران دەکاتەوە کە شوێنی نیشتنەوە و فڕینی هەلیکۆپتەری دەبێت.

بەڵام هیچ پلانێک نییە بۆ سووککردنی قەدەغەی خواردنەوە کحولییەکان، لەبەرکردنی حیجاب بۆ ژنان. گەشتیاران و ژنانی ئێرانی دەبێت خۆیان داپۆشن لەشوێنە گشتییەکان.

گەشتیاران تەنیا دەتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن کە حکومەت رێگەی داوە، لەگەڵ گرتنەبەری رێوشوێنی تایبەت بۆ ئەمریکی و کەنەدی و بەریتانی. هێشتا بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران خراپە، بەڵام سینسیا ماکڤی و مێردەکەی بۆ ماوەی 10 ساڵ بووە ویستوویانە سەردانی ئێران بکەن. ئەوان دەڵێن هەستیان کرد کاتی ئەوە هاتووە سەردانەکە بکەن.

"کاتێک رووحانی بووە سەرۆکی ئێران، دەرکەوت بارودۆخەکە کەمێک بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت و گوتمان کاتی گەشتەکەمانە". ماکڤی تەمەن 57 ساڵ کە خەڵکی وێڵزە، گوتی سەرسام بووە بە دەرکەوتنی ژنانی ئێران لە هەموو شوێنێک.

"بەڵێ سەریان داپۆشراوە، بەڵام لە هەموو شوێنێک هەن. لەسەر شەقامەکانن، لەسەر کار دەیانبینی. ژمارەی ژنان لەزانکۆکان زیاترە لە پیاوان: دەبینی ئەوان ئامادەن بۆ بەرەوپێشچوون. بەڵام کێشەکە یاسایە کاتێک دێتە سەر باسی یاسا ئەوان مافی زۆریان نییە. هەست دەکەی بەردەوام بەسەر چەقۆدا هەنگاو دەنێن".

فرانسیس کە ئەمریکییە و سێ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار سەردانی ئێرانی کرد، دووبارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا لەڕێگەی یەکەمین گەشتی هێڵی شەمەندەفەری بلو ئیگڵ گەڕایەوە بۆ ئێران کە یەکەمین شەمەندەفەری رۆژئاواییە گەشتەکەی بۆ ئێران تەواو بکات.

ئەو ژنە گوتی شتەکان ئێستا جیاوازترن "گەنجەکان گۆڕاون، کابۆی تەسکتر لەبەر دەکەن، قۆڵیان زیاتر دەردەخەن، مانتۆکان ستایلی جیاوازیان هەیە، سەرپۆشەکان چوونەتە دواوەو کەمێک قژ نیشاندەدەن".

ئەوە تەنیا گۆڕانکاری نەبوو کە فرانسیس تێبینی کردبوو "قەرەباڵغترە، خەڵک لە هەموو شوێنێک دەبینی. دڵنیام لەوەی ژمارەی گەشتیاران زیادی کردووە، بەتایبەت لە شوێنی وەستانی شەمەندەفەرەکان و فڕۆکەخانە".

یەکێک لە گەورەترین ئەو نیشانانەی کە گەشتیارانی رۆژئاوایی تێبینی دەکەن، خواردنە رۆژئاواییەکانە.

فاتمە فەرەیدوونی دوو ساڵ لەمەوبەر ئۆفیسێکی گەشتیاری کردەوە. ئەو یەکەم کەسە کە رێبەری گەشتی خواردنەکان پێشکەش بە گەشتیاران بکات. فاتمە گوتی زۆرترین داوا لەلایەن ئوسترالییەکانەوەیە. ژنێکی ئوسترالی داوای گەشتێکی سێ رۆژەی کرد بۆ ناو چایخانە و قاوەخانە و شیرینییەکانی تاران.

هەموو ئەوانەی بەشدارن لە کەرتی گەشتیاریی ئێران، بەشێوەیەکی گشتی دڵخۆشن بە داهاتووی ئەو کەرتە، بەڵام هۆشداری دەدەن کە دەبێت لایەنی پێشوازی شانبەشانی زۆربوونی گەشتیاران باش بێت.

دەیڤد ماکگینس خاوەنی ئۆفیسێکی گەشتیارییە لە لەندەن دەڵێ خواستی گەشتکردن بۆ ئێران زۆر بەرزبووەتەوە. ئەو گوتی ئێستا قورسترین شت ئەوەیە رێبەرێکی گەشتیاریی ناوخۆ بدۆزیتەوە بۆ رێنوێنیکردنی گەشتیاران.

بۆ نموونە، دیمەن و وێنەکانی ناو تاران زۆر سەرنجڕاکێشن. هەموو کارە هونەرییەکان جیاوازن هەر لە وێنەی رەنگاورەنگی سەر کاشییەکان و وێنەی گوڵی سادەی جوان و رەنگاوڕەنگ. لە زۆر لە شارەکانی رۆژئاوا رێبەری گەشتیاری بۆ هونەری لەوجۆرەی سەر شەقامەکان دەبێت. بەڵام لە تاران نییە. ماکگینیس گوتی ئەوە کێشەیە.

"زۆر حەزدەکەین داوای گەشتیاران زیاد بکەین بۆ پیاسەکردن بە نێو گوندەکان و دیمەن و هونەری سەر شەقامەکانی تاران، بەڵام ئەم شتانە نوێن بۆ ئێران. هەوڵدەدەین خەڵک بدۆزینەوە کە بتوانن ئەم جۆرە گەشتانە بکەن".

لە هۆتێلی ئێسپیناس، موساپوور کە لە ئەوروپا خوێندوویەتی، دەڵێ تاران پێویستی بە ژێرخانی ئابووری و پەروەردەیەکی باشتر هەیە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران.

"پێویستمان بە شوێنی حەوانەوەی زیاتر و هێڵی هاتوچۆ بۆ فڕۆکەخانە، چێشتخانەو وانەی پێشوازیکردن هەیە لە زانکۆکان. پێویستمان بەوەیە گەنجەکان فێربن چۆن خزمەتی میوان بکەن لە هۆتێلەکان. ئەوەندە خەڵکمان نییە کە بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن".

ئەو دەڵێت کە پێشوازیکردن لە میوان بەشێکی گرنگی کەلتووری ئێرانە، بەڵام خزمەتکردنی گەشتیار کارێکی ئاسان نییە بۆ ئەوان.

# جوانکردنی رووخسار پێداویستییە یان نەخۆشیی دەروونی؟



**پزیشکێک:**
**هەندێک لەوانەی نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن نەخۆشیی دەروونییان هەیە**

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
رووداو- سلێمانی

دەڵێن جوانیی روخسار دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی خەڵکی و گرنگیپێدانی زیاتریان. زۆر کەسیش دەڵێن جوانی دەروازەی بەختی مرۆڤە، ئەگەرچی زۆری دیکەش هەن پێیانوایە سەرچاوەی بەدبەختیی مرۆڤە.

هەرچەندە زۆر لە خەڵکی جەخت لەسەر گرنگی جوانیی ناخ دەکەنەوە و جوانیی روخسار و جەستە تەنیا وەک بابەتێکی رووکەش دەبینن، بەڵام مرۆڤی ئێستا زیاتر جوانیی روخسار و جەستەیان بەلاوە گرنگە. بەپێی ئەو توێژینەوانەی لە ئەمریکا کراون، رێژەی نەشتەرگەریی جوانکاری بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر زیادی کردووە.

بانو ئومێد، خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی دەڵێت خەڵکی گرنگی بە جوانی و رێکپۆشیی بەرامبەرەکانیان دەدەن "ئەو رۆژانەی کەمتر لە رۆژانی دی گرنگی بە میکیاژ و خۆگۆڕین دەدەی، خەڵکی دەپرسن هیچ گرفتێکت هەیە وا وەکو جاران خۆت نەگۆڕیوە؟". بانو لە روخسار و جلوبەرگی رازییە و دەڵێت گوێ بە قسەی خەڵکی نادات لەبارەی خۆی.

هەندێکی دیکەش دەڵێن جوانیی کەسی بەرامبەر ئاسوودەیان دەکات. هەکار دڵشاد، خوێندکاری زانکۆ، بە (رووداو)ی گوت "کاتێک لە چاوی جوانی دەزگیرانەکەم دەڕوانم، هەست بە ئاسوودەیی و خۆشحاڵییەکی زۆر دەکەم".

## جوانیی کلیلی بەختە

توێژینەوەیەک لە ئەمریکاوە دەڵێت ئەو کەسانەی خاوەن رووخساری جوان و لەشولاری رێک نین و بە ناشیرین پێناسە دەکرێن، داهاتیان لە هاوتا جوانەکانیان کەمترە.

د.رێبوار حەمەغەریب، پزیشکی پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان، لەبارەی کاریگەری جوانیی مرۆڤ لەسەر لایەنی دەروونیی کەسانی بەرامبەر بە (رووداو)ی گوت "بۆ یەکەم نیگا، فۆرم و شێوازی جوان، پێشبینیی جوان دەداتە کەسی بەرامبەر، واتە کە لە یەکەم نیگادا کەسێکی جوان دەبینی پێشبینیی دەکەیت کەسێک بێت لە ناخیشیدا باش بێت".

لە توێژینەوەکانیشدا دەرکەوتووە ئەو کەسانەی خاوەن روخسار و لەشولاری جوانن، زیاتر گرنگی بە سیڤییەکانیان دەدرێت و بەوجۆرە هەلی کار بۆ ئەوان زیاترە.

بەڵام د.نەشمیل رەسول، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد-دکتۆرا لە نەخۆشییە دەروونیەکان، دەڵێت جوانیی روخسار زیاتر بۆ پەیوەندییە کورتخایەنەکان کاریگەرە و لە پەیوەندییە درێژخایەنەکاندا ئەوەی زۆرتر کاریگەرە جوانیی ناخە کە خۆی لە شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتدا دەبینێتەوە.

## خودبینی نەرێنی و نەخۆشیی دەروونی

ماڵپەڕی دەروونناسی ئەمریکی (سایکۆلۆجی تودەی) دەڵێت هیچ کاتێک وەک ئەم سەردەمە خەڵکی بە تەنگ جوانیی روخسار و جەستەیانەوە نەبوون. توێژینەوەکانیش دەڵێن ساڵانە رێژەی نەشتەرگەری جوانکاری و پرۆسە جوانکارییەکانی وەک بۆتۆکس و فیلەر و لەیزەر روو لە زیادبوونە.

توێژینەوەیەکی زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکی لە شاری لۆس ئەنجلس دەڵێت، 62%ی ئافرەتان دەڵێن کەوتوونەتە ژێر فشاری دەروونی بەهۆی بینینی وێنەی ئافرەتە مۆدێلەکان لە گۆڤار و ماڵپەڕ و تەلەفزیۆنەکاندا.

واتە خەڵکی ئێستا بە تایبەتی ئافرەتان، زیاتر لە جاران لە روخسار و لەشولاریان نارازین و خوازیارن وەک ئەکتەر و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان دەربکەون.

د.نەشمیل دەڵێت ئەگەر شێواوییەکی ئاشکرا و روون لە روخسار و جەستەدا هەبێت، ئاساییە کەسەکە بیر لە جوانکاری بکاتەوە و پرۆسەی جوانکاری و رێککاری ببینێ "بەڵام زیاد لە پێویست نیگەران بوون لە نارێکییەکی سادە، دەکرێت نیشانەی نەخۆشیی دەروونیی بێت".

زۆرکات دەبینین هەندێک لە کەسایەتییە جیهانییەکان هێندە نەشتەرگەری جوانکاری دەکەن کە رووخساریان بەتەواوی دەشێوێت و هەرگیز شێوە سروشتییەکەیان وەرناگرنەوە. ئەوەش لە ئەنجامی رازینەبوونی بەردەوامی ناخی مرۆڤە لەو روخسار و لەشولارەی هەیەتی.

بە گوتەی د.نەشمیل، چەند نیشانەیەک هەن کە دەریدەخەن نارەزایی مرۆڤ لە روخسار و جەستەی، حاڵەتێکی نائاسایی و نیشانەیەکی نەخۆشیی دەروونین "نارێکییەکی سادەی روخسار و جەستە زیاد لە پێویست کەسەکەی تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، بەجۆرێک ماوەیەکی زۆری کاتەکانی بەدیار ئاوێنەوە بەسەر دەبات و بیری لێدەکاتەوە، حاڵەتەکە شەش مانگ بەردەوام دەبێت و کار لە چالاکی ئاسایی رۆژانەی کەسەکە دەکات".

بۆیە دەڵێت "هەرکاتێک پزیشکی پێست یان جوانکاری تێبینی ئەم جۆرە کەسانەیان کرد، دەبێت رەوانەی پزیشکی دەروونییان بکەن، چونکە دوور نییە پزیشکی جوانکاری و پێست تووشی کێشە بکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو کەسانە لەو پرۆسە جوانکارییانە رازی نین کە بۆیان دەکرێت و هەمیشە داوای چارەسەر و نەشتەرگەری نوێ دەکەن".

## دەبێت جوانییەکی هاوسەنگت هەبێت

پسپۆرە دەروونییەکان دەڵێن سەرسامبوون بە روخسار قۆناغی سەرەتایە و هەر دوای چەند خولەکێک لە قسەکردن و هەڵسوکەوت، کەسی بەرامبەر بێ مەبەست وێنەیەک لە جوانیی ناخی کەسەکە وەردەگرێت. ناشیرینی ناخ، کاریگەری نەرێنی لەسەر وێنەی جوانی روخسار و جەستە لە دەروونی کەسی بەرامبەر بەجێدەهێڵێ.

د.رێبوار دەڵێت پشتگوێخستنی هەریەک لە جوانیی رووکەش و جوانیی ناخ، کار لە کەسێتی دەکەن و وێنەی کەسەکە لە دەروونی کەسی بەرامبەردا دەشێوێنن "ئەگەر ناخێکی جوانت هەبێت و گرنگی بە جوانیی رووکەش نەدەیت، خەڵکی وەک کەسایەتییەکی نائاسایی دەتبینن، جوانیی روخساریش بەبێ جوانیی ناخ جوانییەکی کاتی و زۆرکات ساختەیە".

سەرەڕای هەموو ئەوانەش پێناسەی مرۆڤ بۆ جوانی پێناسەیەکی رێژەییە و ئەستەمە چەند مرۆڤێک پێکەوە بگەنە پێناسەیەکی هاوبەش یان دۆزینەوەی پێوەری هاوبەش بۆ جوانی. ئەم پێناسەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت. تەنانەت لەنێو یەک کەلتووریشدا نەوەکان پێناسەی جیاوازیان بۆ جوانی هەیە، بۆیە باشتر وایە مرۆڤ کەمتر تەرکیز بکاتە سەر ئەم لایەنەی کە دەشێت دڵەڕاوکێی زۆری بۆ دروستبکات.

# مەترسی ئیفلیجیی منداڵ لەسەر کوردستان

رووداو- ئاژانسەکان

رەنگە ناخۆشترین شت بۆ خێزانێک، بوونی منداڵێکی ئیفلیج بێت لە ماڵەکەیاندا، چونکە جگە لەوەی ئەو منداڵە بەردەوام پێویستی بە چاودێری و خزمەت هەیە، لە هەمانکاتدا خێزانەکە لەڕووی دەروونییەوە جێگیرنابن و بەردەوام بیر لە داواڕۆژی منداڵەکەیان دەکەنەوە.

## چەند راستییەک

- ئیفلیجی (پۆلیۆ) زیاتر منداڵانی خوار تەمەنی 5 ساڵ دەگرێتەوە.
- یەک لە 200ی نەخۆشەکان تووشی ئیفلیجیی هەمیشەیی دەبن.
- لە 25 ساڵی رابردوودا رێژەی تووشبوون بە ئیفلیجیی منداڵان بە رادەی 99% کەمی کرد، بەجۆرێک لەسەر ئاستی جیهان لە 350 هەزار کەسەوە دابەزی بۆ تەنیا 416 حاڵەت لە ساڵێکدا. ئەم کەمبوونەوەیەش لە ئەنجامی هەڵمەتە بەرفراوانەکانی کوتانەوە بوو.
- ئەمساڵ تەنیا لە سێ وڵاتدا ئیفلیجی هەیە (ئەفغانستان، نایجیریا و پاکستان) لەکاتێکدا ساڵی 1988 لە 125 وڵاتدا هەبوو.

## نیشانەکانی

ئیفلیجیی منداڵان بەهۆی ڤایرۆسێکەوە تووشی منداڵان دەبێت کە زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە. ڤایرۆسەکە پەلاماری کۆئەندامی دەمار دەدات و لەماوەی چەند کاژێرێکدا دەبێتە هۆی ئیفلیجییەکی تەواو. گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەڕێگەی کۆئەندامی هەرسەوە دەبێت، بەجۆرێک منداڵی تووشبوو لە رێگای پیساییەوە ڤایرۆسەکە دەکاتە دەرێ و کەرەستە پیسبووەکان دەبنە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ منداڵێکی دیکە لەڕێگای دەمەوە. واتە خواردن و خواردنەوەی پیسبوو بە ڤایرۆسەکە دەتوانن منداڵی دیکە تووش بکەن.

نیشانە سەرەتاییەکان بریتین لە تا، بێهێزی، سەرئێشە، رەقبوونی مل و ئازاری پەلەکان. زۆربەی تووشبووان منداڵانی خوار تەمەنی 5 ساڵن.

## چارەسەر

تاکە رێگای رووبەڕووبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کوتانی پێشوەختە، چونکە کە منداڵێک ئیفلیج بوو، ئیدی چاکنابێتەوە.

## گرنگی هەڵمەتەکانی کوتان

ئەگەر کەمپەینە گەورەکەی ساڵی 1988و دواتری وڵاتان نەبووایە کە لە هەموو وڵاتان بڕیاری هەڵمەتی بەربڵاوی کوتانیان راگەیاند، 10 ملیۆن کەس کە ئێستا بەپێیەکانی خۆیان دێن و دەچن، ئیفلیج دەبوون و 1،5 ملیۆن کەسیش کە ئێستا لەژیاندان بەهۆی پێدانی ڤیتامین A لەکاتی هەڵمەتەکانی کوتاندا لە مردن رزگارکراون.

ئەگەر بەو شێوەیەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی پلانی بۆ داناوە، لە سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەت وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکان، هیچ حاڵەتێکی تووشبوون نەمێنێ، ئیدی بۆ هەتا هەتایە هیچ منداڵێک تووشی ئەم نەخۆشییە نابێتەوە. بەڵام هەتا تاقە منداڵێکی تووشبوو تۆمار بکرێت، هەموو وڵاتان ترسیان لەسەر دەبێت کە ڤایرۆسەکە دووبارە بڵاوببێتەوە.

## مەترسی ئیفلیجی لەسەر کوردستان

هەرچەندە لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردووەوە لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری حاڵەتی ئیفلیجی تۆمار نەکرابوو، بەڵام سەرهەڵدانی چەند حاڵەتێک لە سووریا و عێراق، کوردستان دەخاتەوە بەر مەترسی. بەتایبەت کە ئاوارەی ئەو ناوچانە لە کوردستان هەن.

# لە مەکسیک فیلم کارتۆنێک تاوان ئاشکرا دەکات

رووداو- AP

لە مەکسیک فیلم کارتۆنێک دەبێتە چارەسەرکارێکی دەروونیی منداڵان. ئەم فیلم کارتۆنە لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا هاوکاریی زیاد لە 10 هەزار منداڵی کردووە.

ئەو منداڵانەی تووشی زەبری جەستەیی و دەروونی دەبن، زۆر بە گرانی بۆ کەسانی پێگەیشتووی نامۆ دەدوێن لەبارەی گرفتەکانیانەوە، بەڵام کەسایەتییەکی کارتۆنی کە بە ئاسانی خۆی دەکات بە هاوڕێیان، دەتوانێت بگاتە قووڵایی ناخیان و تێیانبگات.

ئیلهامی ئەو کەسایەتییە کارتۆنییە بۆ خاتوو جولیا باربۆللا، پسپۆری چارەسەری دەروونیی منداڵان، لە وێنەیەکەوە سەرچاوەی گرت کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو منداڵەکەی خۆی کێشای.

لەو رێگا چارەسەرییەدا، منداڵێک دەچێتە ژوورێکی داخراوەوە و بەرامبەر شاشەیەک دادەنیشێ، لەپڕ ئەنتێناس (فیلم کارتۆنەکە) لە شاشەکەوە دەردەکەوێت و دەست بە قسەکردن دەکات لەگەڵ منداڵەکە.

ئەوەی کارتۆنەکە دەیڵێت، لەڕاستیدا دەنگی مۆنتاژکراوی کەسێکە کە پسپۆڕە لە چارەسەری دەروونیی منداڵاندا.

جولیا باربۆللا دەڵێت "یەکەمجار کە ئەم ئامرازەم لەگەڵ منداڵێک بەکارهێنا، کارتۆنەکە بە منداڵەکەی گوت لەماڵەوە لەگەڵ کێ دەژیت؟ ئەویش گوتی لەگەڵ دایکم و باوکم و براکەم و خزمەتکارەکەمان. کارتۆنەکە لە منداڵەکەی پرسی "خزمەتکارەکەتان کێیە؟ منداڵەکە گوتی ئەو کەسەیە کە ناوماڵت بۆ پاک دەکاتەوە، بەڵام کە دایک و باوکت لە ماڵ نەبن لێت دەدات. ئیدی زۆر ئاسان لە گرفتی منداڵەکە تێگەیشتم".

کارتۆنەکە لە نەخۆشخانەکانیشدا بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی هاوسۆزی لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکان. باربۆللا دەڵێت هەندێک لە منداڵەکان کاتێک قسەیان بۆ کارتۆنەکە دەکرد، دەریاندەخست کە گرفتی گەورەی ئەوان نەخۆشییەکەیان نییە، بەڵکو توندوتیژییەکانی نێو خێزانەکەیانە.

دوای دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لە دەرخستنی نهێنییەکانی نێو ناخی منداڵانی تووشبوو بە زەبری دەروونی، باربۆللا پێشنیازی بۆ دەزگاکانی پۆلیسی مەکسیکۆ کرد ئەو کارتۆنە لەو حاڵەتانەدا بەکاربهێنن کە تێیاندا شایەتحاڵەکە منداڵە. ئێستا لە دەزگای پۆلیسیش ئەنتێناس دەچێتە نێو ناخی منداڵان و نهێنییەکان لە زاری ئەوانەوە ئاشکرا دەکات.

رۆناڵدۆ گۆنزالێز، دەروونناس لە دەزگای داواکاری گشتی مەکسیک لە ئەزموونی خۆیەوە لەگەڵ بەکارهێنانی کەسێتییە کارتۆنییەکە دەڵێت "جارێک منداڵێک بە کارتۆنەکەی گوت لای کەس باسی نەکەی کە براکەم باوکمی کوشتووە، یەکێکی دی گوتی لای کەس نەیڵێی کە من بینیم فلان پەلاماری ئەوی دیکەی دا و ئێسک و پروسکی شکاند".

ئێستا لە مەکسیک چەندین کەسێتی کارتۆنیی جیاواز دروستکراون کە هەریەکەیان بۆ شوێن و بارودۆخی جیاواز بەکاردێن و لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئاراستە دەکرێن.



# بە جووتبوون خۆت لە شێرپەنجەی پرۆستات بپارێزە



رووداو- تەلەگراف

لەدوای شێرپەنجەی پێست، شێرپەنجەی پرۆستات بەربڵاوترین شێرپەنجەیە لە پیاواندا. بەپێی خەمڵاندنە جیهانییەکان ساڵانە 680 هەزار حاڵەتی شێرپەنجەی پرۆستات لە جیهاندا دەستنیشان دەکرێن و 220 هەزار کەسیش بەم نەخۆشییە دەمرن.

بەم نەریتە سادانە دەتوانیت ئەگەری تووشبوونت بەم شێرپەنجەیە کەم بکەیتەوە:

## 1 -میوە و سەوزە و ماسی لە ژەمەکانتدادابنێ:

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا (ژاپۆن و کۆریا و چین و...) بەهۆی ئەوەی میوە و سەوزە و ماسی بەشێکی سەرەکی ژەمە خۆراکییەکانن، رێژەی شێرپەنجەی پرۆستات کەمترە. تێبینی کراوە ئەوانەی لەو وڵاتانەوە کۆچ دەکەن بۆ بەریتانیا، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی پرۆستات وەک خەڵکی بەریتانیا زیاد دەکات. ئەویش چونکە بەریتانییەکان سەوزە و میوە و ماسی ناکەنە بەشێکی سەرەکی ژەمەکانیان.

## 2 -چای رەش بگۆڕە بە چای سەوز:

توێژینەوەکان دەڵێن چای سەوز بڕێکی زیاتر ماددەی دژە ئۆکسانی تێدایە. ئەوەش ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە بەگشتی کەمتر دەکاتەوە، بەتایبەت شێرپەنجەی پرۆستات.

## 3 - گۆشت، شەکر و خواردنی لەقوتونراو کەم بکەوە:

ئەو پیاوانەی ئەم جۆرە خۆراکانە دەخۆن، زیاتر تووشی شێرپەنجەی پرۆستات دەبن، چونکە ئەم خۆراکانە ئاستی ئەو هۆرمۆنە بەرز دەکەنەوە کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پرۆستات زیاد دەکات.

## 4 - خواردنەوەی کحولی کەم بکەوە:

زۆر خواردنەوەی ماددە کحولییەکان دەبێتە هۆی قەڵەوی و خراپبوونی تەندروستی گشتی جەستە و ئەوانەش رێگاخۆشکەرن بۆ تووشبوون بە جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجە و لەنێویاندا شێرپەنجەی پرۆستات.

## 5 - وەرزش:

ئەگەر رۆژانە 30 خولەک وەرزشی مامناوەند و قورس بکەیت لە پێنج رۆژی هەفتەدا، یان کۆی هەفتەکە 75 خولەک وەرزشی قورس بکەیت، ئەگەری تووشبوونت بە شێرپەنجەی پرۆستات کەمدەبێتەوە.

## 6 -زۆر جووت بە:

ئەو کەسانەی سێکس زۆر دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی پرۆستات 19% کەم دەکات.

بەڵام نەک نێربازی، چونکە نێربازی نەک سوودبەخش نییە، بەڵکو زیانبەخشیشە.

## 7 - کێشت دابەزێنە:

ئەو کەسانەی کێشیان زۆرە ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجە لەو کەسانە زیاترە کە کێشیان ئاساییە.

توێژینەوەکان دەڵێن دابەزاندنی کێش لە رێگەی پزیشکییەوە سوودێکی ئەوتۆی نییە لەم رووەوە بە بەراورد بەو کێش دابەزاندنەی لە رێگای وەرزش و رێجیمی خۆراکیی دروست بەدەستدێت.

# بەغدا و هەولێر لەچیدا دەگەنە ڕێککەوتن؟

## یەکخستنی هەناردەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵانە دەتوانێ یەک ملیار دۆلار پاشەکەوت بکات

لە ڕاپۆرتێکی "فۆرین ڕیپۆرتز" کە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی نەوتییە و نووسینگەی سەرەکی لە واشنتنە و ساڵی 1956 دامەزراوە، تیشک خراوەتە سەر ئەگەری ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و فۆرمۆلەیەک بۆ شێوازی دابەشکردنی داهاتی نەوت لە نێوان ئەو دوولایەنەدا پێشنیازکراوە.
ئەو ڕاپۆرتە کە حەوتی ئەم مانگە ئامادەکراوە، پێشنیاز دەکات ئەگەر ئەو دوولایەنە بتوانن بە چەشنێک ڕێکبکەون کە پێویستیەکانی هەردوولا ڕەچاو بکرێت، ئەوا لە بەرژەوەندیی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت. ڕاپۆرتەکە لە ژێر ناونیشانی " SWEET SPOT "FOR KURDS AND BAGHDAD" ئامادەکراوە و بە ڕاپۆرتێکی گرینگ ئەژماردەکرێت، بەو پێیەی داتاکانی نوێن و هەڵگری پێشنیازێکی سەرنجڕاکێشە کە دەتوانێت هەولێر و بەغدا لێکدی نزیک بکاتەوە.
سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەبارەت بەو ڕاپۆرتە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو وەکو خۆی هەندێ تێبینی لەسەر ژمارەکان هەیە، وەک ئەوەی کە لە شوێنێکدا تێچووەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردنی نەوت بە 10 دۆلار زیاتر لەوەی عێراق هاتووە لەکاتێکدا نیوەی ئەو ژمارەیە کەمتریشە. بەڵام بەپێی سەرچاوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی لەوجۆرە گرینگییەکەی لەوەدایە کە دەریدەخات شرۆڤەکاران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستیان کردووە بە تاوتوێکردنی بیرۆکەی هاوبەشکردنی داهاتی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا. ئەوەش زۆر گرینگە چونکە تا ئێستا بەغدا بە عەقڵیەتی کۆنترۆڵکردن سەیری کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردەم هەستیکردووە میکانیزمی هاوبەشکردنی داهاتی نەوت باشترین ڕێگایە بۆ نزیکبوونەوە لە بەغدا. ئەمەی کە لە خوارەوە هاتووە وەرگێڕانی ئەو ڕاپۆرتەیە.




**عومەر ئەحمەد**

بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایانگەیاندووە کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە لە مانگی 11دا ڕۆژانە 81 هەزار بەرمیل دابەزیوە، ئەوەش لەبەر خراپیی کەشوهەوای بەندەری بەسرە. ئەوان دەڵێن ئەگەر کەشوهەوا لەبار بووایە ڕۆژانە دەکرا لە بەسەرەوە 200 هەزار بەرمیل نەوت زیاتر هەناردە بکرێت.

بەڵام لەڕاستیدا ئەوە دابەزینی نرخی نەوتە کە عێراقی ڕووبەڕووی کێشە کردووەتەوە، بەوپێیەی کە عێراق مانگی ڕابردوو بەرمیلێک نەوتی بە 81.81 دۆلار فرۆشتووە.

***

ئەگەر بودجەی عێراق بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بێ هیوایی لە بەرزبوونەوەی بڕی هەناردەکردن بەردەوام بێت لە بچووکبوونەوە، ڕەنگە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی عێراق داوا لە هاوکارانی لە وەزارەتی دارایی و هەروەها لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراق بکات لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە کە لە قازانجی هەریەک لە هەولێر و بەغدایە.

خاڵە باشینەکان زۆر سادەن. ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕی کەمتر لە 15%ی ناوچەکانی دیکەی عێراق نەوت هەناردە بکات، بەغدا هیچ مەیلێکی نابێت بۆ ئەوەی کە نەوتی هەرێمی کوردستان بهێنێتەوە سەر تێکڕای نەوتی هەناردەکراوی خۆی و تەنانەت لە جیاتی ئەوەش ناچار بێت زیاتر لە 13%ی داهاتی گشتیی نەوتی بداتێ.

### 17% کاری پێدەکرێت

بەپێچەوانەوە ئەگەر هەرێمی کوردستان زیاتر لە 21%ی ناوچەکانی دیکەی عێراق نەوت هەناردە بکات، بەغدا دێتە سەرخەت و نەوتی هەرێمی کوردستان دەخاتە سەر حیسابی خۆی و 17%ی داهاتەکەشی دەداتە کورد.

زۆر سادەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان 50 یەکە هەناردە بکات و ناوچەکانی دیکەی عێراق 100 یەکە هەناردە بکەن لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی یەکگرتووی هەناردەکردندا، ئەوکات هەرێمی کوردستان یەک لەسەر سێی هەناردەکاری نەوتی عێراق پێکدێنێ.

بەوپێیەی کە زانستی جەبر لە بەغدا لە سەدەی نۆیەم داهێنراوە، زۆر ئاسانە بۆ ئەو مەبەستە فۆرمۆلەیەک دابنرێت ئەگەر هات و هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق بەیەک بگەنەوە بۆ ئەوەی پشکێکی دادوەرانە بۆ هەردوولا تەرخان بکرێت.

پشکی دادوەرانە=Y/[X+Y]

لەو هاوکێشەیەدا Y ئاستی هەناردەکاری نەوتی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانە و X ئاستی هەناردەکاری ناوچەکانی دیکەی عێراقە.

ئەگەر (50 (Y و (100 (X بێت، ئەوا بەپێی ئەو فۆرمۆلەیە پشکی دادوەرانە دەکاتە: 50/ [50+100] یان 33.333%.

### دەستووری عێراق

دەستووری عێراق، 17%ی داهاتی نەوتی وەک پشکی کورد داناوە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی و بەوپێیەی کە لەسایەی ڕژێمی سەددام زیانی زۆریان پێگەیشتووە. بەڵام بەغدا ڕێژەکەی هەرێمی کوردستانی بۆ 12% دابەزاندووە، ئەوەش لەڕێی زیادکردنی ساڵ لە دوای ساڵی خەرجییە سیادییەکان.

ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێی هاوبەشکردنی داهات لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق هاتە ئاراوە، ڕێژەیەکی نزیک لە 17% بۆ کورد سەرنجڕاکێش دەبێت لەجیاتی ئەوەی 12%ی جارانی پێبدرێت. سەرەڕای ئەوەش هێشتا چەندین کێشەی گەورە دەمێننەوە، لەوانەش دانەوەی ئەو پارەیەی کە بەغدا 10 مانگە بۆ کوردی ڕەوانە نەکردووە، حیساباتی کاتیی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا و هەروەها توانای هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پابەندبێت بە گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان. گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم خێراتر لە گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی فیدراڵ تێچووی کۆمپانیاکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە ئاکامدا بە تێپەڕبوونی کات هەردوو سیستەمەکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نابێت.

### خاڵەکانی هاوسەنگی

کورد بەردەوام بێزاریی خۆیان لە بچووککردنەوەی بودجەکەیان دربڕیوە، بەڵام هەرێمی کوردستان چیدی بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق بە مەینەتبار نابینرێ، لەبەر ئەو هۆکارەش ڕەنگە بەغدا هەستیکردبێت کە زیاتر لە پێویست بەرابەر بە کورد بەخشندە بووە. کاتێک کە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرا، لە باشترین حەڵەتدا تەنیا 7%ی بڕی هەناردەی نەوتی عێراقی پێکدەهێنا، بەڵام ئەوان 12%ی داهاتەکەیان بۆ ڕەوانە دەکردن.

بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و هەروەها هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەڕێی بۆڕیی کوردستان ئەو خاڵە پۆزەتیڤەیە کە بەغدا دەتوانێت هەست بکات لە قازانجیدایە ئەگەر 17%ی داهاتی گشتیی نەوت بداتە کورد.

خشتەی خوارەوە خاڵەکانی هاوسەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق دەستنیشان دەکات.







ئەگەر ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە نەوتی کەرکووکیشەوە بەرزبێتەوە بۆ 21%ی کۆی هەناردەی عێراق، هەریەک لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە یەکخستنی هەناردەکانیان دەگەنە خاڵی هاوسەنگی. بۆ ئەوەی کە ئەو هاوسەنگییە دروستبێت، کۆی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەوتی کەرکووک دەبێت بگاتە ڕۆژانە 512 هەزار بەرمیل، ئەوەش بەرامبەر بە هەناردەی ڕۆژانە 2.5 ملیۆن بەرمیلی ناوچەکانی دیکەی عێراق. ( 512 هەزار دەکاتە 17%ی 3 ملیۆن و 125 هەزار بەرمیل کە کۆی هەناردەکردنی هاوبەشە. تا ئێستا ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕۆژانە 2.47 ملیۆن بەرمیل نەوتیان هەناردەکردووە.

مەگەر کورد هەست بکات ئاستی هەناردەکردنی سەربەخۆیان خێراتر لەوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق زیاد دەکات، ئەگەرنا خاڵە پۆزەتیڤەکان وەک خۆیان دەمێننەوە.

### تێچووی گواستنەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی زیاتر دەداتە تورکیا لەبری هەناردەکردنی نەوتەکەی لەڕێی ئەو وڵاتەوە، بەراورد بەو تێچووەی بەغدا نەوتەکەی لەڕێی هێڵی عێراق-تورکیا دەنێرێ یان دەتوانێت بینێرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراورد لەگەڵ عێراق نەوتەکەی بە 10 دۆلار تێچووی زیاتر هەناردە دەکات، هەروەها ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نرخێکی کەمتر لەوەی کە سۆمۆ دەتوانێت بیفرۆشێت، نەوتەکەی بفرۆشێ. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە هەرێمی کوردستان ناچاربێت پارەی زیاتر بۆ کرێی کەشتیی نەوتهەڵگر و خەرجییە یاساییەکانی دیکە بدات. بە واتایەکی دیکە ئەگەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و عێراق یەکبخرێت، ساڵانە دەکرێ لەڕێی ئەو پرۆگرامەوە یەک ملیار دۆلار پاشەکەوت بکرێت.

### کەرکووک

هەرێمی کوردستان ڕەنگە ڕێژەیەک لە نەوتی کەرکووک بۆ پاڵاوگە ناوخۆییەکانی بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو نەوتەی کە لە بنەڕەتدا لەو هەرێمە بەرهەم دێت زیاتر هەناردە بکات. بەڵام ئەوە نابێتە کێشەیەک لەبەردەم پرۆسەی یەکخستنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق. کورد کەرکووک بە قودسی خۆیان دەزانن، بەڵام لە مێژە دان بەوەدادەنێن کە نەوتی کەرکووک، نەوتی فیدراڵە. ئەوان لانیکەم لە داهاتوویەکی پێشبینیکراودا، پێناچێ هەوڵی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەژێر ناوی نەوتی خۆیان بدەن.

بەڵام کەرکووک چەندە نەوت دەتوانێت پێشکەش بکات بۆ هەناردەکردن؟ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە چارەکی چوارەمی 2012 دا ڕۆژانە 390 هەزار بەرمیل بووە، لە سەرانسەری 2013 دا ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل بووە.

ئەو بەشە لە نەوتی کەرکووک و کێڵگەکانی دیکەی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە بۆ پاڵاوگەی بێجی دەڕۆیشت، لەو ماوەیەدا کە شەڕی داعش بەردەوامە ناکرێت چارەسەر بکرێت.

سنووردارێوونی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک تەنیا بەندە بە توانای هێڵی نەوتی کوردستان. کورد جەخت لەوە دەکاتەوە ساڵی داهاتوو دەتوانێت هەناردەکردنی نەوت بۆ ڕۆژانە 700 هەزار بەرمیل بەرزبکاتەوە. ئەوان دەڵێن هیوادارن ئەو کات بتوانن ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوتی خۆیان هەناردە بکەن. لەبەر ئەوەشە دەتوانن شوێنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بکەنەوە. دیارە ئەو هێڵە نەوتەی کە دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک بە هێڵی کوردستانەوە دەبەستێتەوە دروستکراوەو ئێستا دەتوانرێت بخرێتە کار.

ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیایە. ئەو دەیەوێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت، هەرێمی کوردستان وابەستەی تورکیا بێت. ئەوەی کە ئەردۆغان دەتوانێت چی بکات یان چی دەکات بۆ بلۆککردنی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، دیارنییە.

### هەڵسەنگاندنەکانی IMF

لە مانگی نیساندا، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو ( IMF) هۆشداری دایە بەغدا کە ئەمساڵ زیاد لە پێویست خەرجیی کردووە. لەو کاتەدا، کارلۆ سدرالیێڤیچ، بەرپرسی IMF لە عێراق، هەڵسەنگاندنەکانی بەپێی هەناردەکردنی ڕۆژانە 2.6 ملیۆن بەرمیل بە نرخێکی جێگیری نەوت کردبوو. تا ئێستا بە تێکڕا هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوتی عێراق 2.47 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا. بۆ ئەوەی ئامانجی ڕۆژانە 2.6 ملیۆن بەرمیل وەدی بهێنێ، دەبێت لەم ماوەیە تا کۆتایی ساڵ ڕۆژانە 2.23 ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات. ئەوەش مومکین نییە.

هەفتەی ڕابردوو، سدرالیێڤیچ لە میانەی ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ئابووریی عێراق لە جیاتی ئەوەی ئەمساڵ بە ڕێژەی 6% گەشە بکات، 2.75% پاشەکشەی کردووە، سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕاپۆرتە دابەزینی نرخی نەوتی ڕەچاو نەکردبوو.

### پێشبینییەکانی پێشووی داهات

بەپێی پێشبینییەکانی پێشووتر، داهاتی نەوتی عێراق لە ئەمساڵدا دەبووایە بگاتە 95 ملیار دۆلار. تا ئێستا بەوپێیەی کە نرخی مامناوەندیی نەوتی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا 98.31 دۆلار بووە، داهاتی ئەو وڵاتە 74 ملیار دۆلار بووە. ئەگەر عێراق بتوانێت ڕۆژانە 2.6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ماوەی ئەم مانگە و مانگی داهاتوودا بە نرخی 80 دۆلار بفرۆشێت، داهاتەکەی 12.7 ملیار دۆلار زیاد دەکات. بەوپێیەش داهاتی ساڵانەی نەوتی عێراق بۆ ئەمساڵ دادەبەزێت بۆ 87 ملیار دۆلار. ئەوەش 8 ملیار دۆلار کەمترە لەوەی کە پێشتر چاوەڕوان دەکرا، هەرچەندە ئەوە کارەساتی بەدواوە نایەت ئەگەر بانکی ناوەندی کەڵک لە داراییە 80 ملیار دۆلارییەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کارەی کرد، ئەوا بەهای دراوی دادەبەزێ و کێشەی زیاتری ئابووری بۆ دەخولقێنێ.

### کێشەی 2015

گریمان نرخی 80 دۆلار بۆ نەوت جێگیر بکرێت لە کورتخایەندا، عێراق یان دەبێت خەرجییەکانی کەم بکاتەوە یان دەبێ ئاستی هەناردەکردنی نەوت ڕۆژانە 650 هەزار بەرمیل زیاد بکات بۆ ئەوەی ئامانجی داهاتی ساڵانەی 95 ملیار دۆلار دەستەبەر بکات.

سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی پێشتر هەوڵی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی داوە، ئەوەش بە دابەزاندنی لە 147 ملیار دۆلارەوە بۆ 118 ملیار دۆلار. بەڵام بەو دابەزاندنەشەوە قەبارەی خەرجییەکان هێشتا 23 ملیار دۆلار زیاترە لە ئامانجی پێشبینیکراوەی سەرەتایی داهات، یان هێشتا 16 ملیار کەمترە لە خەمڵاندنەکانی کۆی داهاتی گشتیی عێراق بە داهاتەکانی دیکە و داهاتی نەوتیشەوە. ( بەپێی زۆربەی شارەزایان، داهاتی نەوت 93%ی داهاتی گشتیی عێراق پێکدێنێ)

### دواکەوتنەکانی ئاو

مانگی ڕابردوو ئەندازیارێکی کۆمپانیای نەوتی باشوور ڕایگەیاند کە تا ساڵی 2018 عێراق دەتوانێت ڕۆژانە 2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی باشوورەوە هەناردە بکات. ئەوە تا ئاستێکی زۆر بە خەمڵاندنێکی زۆر گەشبینانە دادەنرێ. لەگەڵ کێشەکانی دیکە، پێشنەکەوتنی ئامێرەکانی دابینکاری ئاوی دەریا هۆکاری دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت بووە لە باشوور. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە چەندین کێڵگەی باشوور، هەر لەزووەوە بەهۆی کەمیی ئاو بۆ پڕاندنی بۆ ناو بیرە نەوتەکان دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. ژینگەی دارایی توندی ئەمساڵ، هاوکات لەگەڵ تووشبوون بە شەڕی داعش، ئەگەری ئەوەی زۆر کەمکردووەتەوە کە حکومەتەکەی عەبادی دەست بەنۆژەنکردنەوەی دامەزراوەکانی دابینکردنی ئاو بکات.

لەبەر ئەوەشە کێشەکانی بەردەم بودجەی 2015 لە عێراق تەنیا بەوە خاودەبێتەوە کە یان ساڵی داهاتوو خەرجییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمبکرێتەوە و لە گیرفانی بخوات، یان باوەش بۆ کورد بکاتەوە و پێشنیازێکی بەخشندەی هاوبەشکردنی داهاتی پێبکات. هاوکێشەی خاڵی هاوسەنگی لەم بارودۆخەدا لەهەموو کاتێکی دیکە دەکرێت زیاتر کاری پێبکرێت.

بەڵام هەولێر و بەغدا کاتی زیاتریان پێویستە بۆ ئەوەی بیر لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بکەنەوە، ئینجا بیر لە چارەسەری کێشەکانی دیکەی نێوانیان بکەنەوە.



گۆران شێخ مستەفا

## پێشنیازێک بۆحکومەت

# بانک و کۆمپانیاکان، پەیوەندییەکی لاواز لە هەرێمی کوردستان

ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان بەهۆی هەلی لەباری وەبەرهێنان و بزنس لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد. ئەگەرچی ئەم قەبارە زۆرەی کۆمپانیاکان لەڕووی ژمارەوە ئەرێنین بۆ ئابووریی کوردستان، بەڵام لەڕووی جۆرییەوە یارمەتیدەرێکی کارای گەشەی ڕاستەقینەی ئابووری نەبوون و بگرە هەندێکجاریش گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسیشیان دروستکردووە. بۆ نموونە چەندین کۆمپانیا مووچەی کرێکار و کارمەندەکانیان بۆ چەندین مانگ نەدەدا و تەنانەت چەندین کێشەی بریندارکردن و هەڕەشەی کوشتن و سووتاندن ڕوویانداوە و هەندێکجاریش کەسایەتی دیاری سیاسی یان لایەنی دیاریکراوی پێ تاوانبارکراوە. دواجاریش کاریگەری لەسەر پێگەی خودی کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەبووە. هۆکارە سەرەکییەکەش ڕوونە، داخراویی مامەڵەی حکومەتە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە. حکومەتی هەرێم تەنها بە سەرمایەی یەک ملیۆن دیناری عێراقی مۆڵەتی دامەزراندن بە کۆمپانیاکان دەدات، کە ڕەنگە نەگاتە مووچەی تەنیا دوو کارمەندی کۆمپانیاکەش.

کۆمپانیاکان بەپێی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 1997ی هەمووارکراوی ساڵی 2004ی تایبەت بەکۆمپانیاکان، بە سەرمایەی تەنیا یەک ملیۆن دیناری عێراقی دادەمەزرێت. ئەمە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی ژمارە و ڕێگرێکی کاریگەریشە لە بەرزکردنەوەی کوالێتی چالاکییە ئابوورییەکان.

زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیاکان بۆ سەرووی 22 هەزار کۆمپانیا لە جوگرافیایەکی وەها بچووکدا و لەماوەی دەیەیەکدا، لەهەرشوێنێکی دیکە بووایە جگە لە کوردستان، سیستەمێکی بانکی بەهێزیشی بەدوای خۆیدا دەهێنا. بەڵام ڕەچاونەکردنی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بزوێنەرە سەرەکییەی ئابووریی جیهان لەهەرێمی کوردستان، چالاکییەکی ئەوتۆی بە بانکەکان نەبەخشیوە و ژمارەی کۆمپانیاکانیش لەگەڵ زۆربوونیان، چالاکییە ئابوورییەکانیان زۆرتر نەکردووە، بەڵکو تەنها چالاکی بچووکی لاوازی بازرگانی بوون.

چالاکی ئابووری بریتییە لەو کردارانەی کە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەئاستێکی دیاریکراودا لەخۆدەگرێت، بەرهەمی ناوخۆیی نیشتمانیش (GDP) یەکێکە لە ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ئەو چالاکییە ئابوورییانە. بەڵام چالاکیی بازرگانی ئەو ڕێگایەیە کە هاووڵاتیان کڕین و فرۆشتنی لێوە ئەنجامدەدەن و بە بەشێک لەچالاکی ئابووری هەژمار دەکرێت.

ژمارەی بانکەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 90 بانکی حکومییە بە لقە جیاوازەکانییەوە. ئەم بانکانە چالاکییەکانیان زۆر سنووردارە و بەشێکیان تەنیا مووچەی خانەنشینی دابەشدەکەن و لەگەورەترین کاریشدا پێشینە حکومییەکان و ختاب زەمان بە پرۆژەکان دەدەن. هەرچی بانکە ئەهلیەکانیشە کە ژمارەیان نزیکەی 45 بانک دەبێت، لەبوارە جیاوازەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان کاردەکەن. ئەم بانکانە کە زۆربەیان ناسنامەیان عێراقیە، چالاکی جیاوازی قەرزپێدان و هەژماری بانکی و هەندێجاریش گەرەنتی بانکی دەدەن. بەشێکی دیکەی ئەو بانکە بیانیانە کە تەنها چەند دانەیەکن، جیهانی و زەبەلاحن وەک ستاندارد چارتەر و ئیش بانکی تورکی.

بەتەنها ڕانەهاتن و بێ متمانەیی هاووڵاتیان بەکار و مامەڵەی بانکی، بەربەستی گەشەی هەژمارە جیاوازەکانی بانکی نین لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو خودی سیستەم و یاساکانی هەرێمیش کەمتر هاوکارن. سەرەڕای ئەوەی جۆرەکانی هەژمارە بانکیەکانیش دەکەوێتە سەر ئامانجەکانیان و بەندە لەسەر جۆر و بڕی ئەو پارەیەی جووڵەی پێدەکرێت، سروشت و ئاینی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کەمتر ڕێ بەکرانەوەی بانکی و بەکارهێنانی هەژمارە بانکییەکان دەدات. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندییەکی یاساییانەی لەنێوان مامەڵەی ئەم دوو فاکتەرە بەهێزەی ئابووری (کۆمپانیا و بانک) دانەمەزراندووە، بەجۆرێک بەلای کەمی لەمامەڵەکردن بەپارەدا کۆیانبکاتەوە. چونکە چالاککردنی بانکەکان بەبێ بەشدارییەکی چالاکی کۆمپانیاکان ئەستەمە. بۆ ئەوەی بانکەکان چالاک بن، پێویستە لەڕووی بوونی سیولەی نەقدییەوە قەبارەداربن، واتە پارەداربن کە سەرەتاییترینیانە.

لەخوارەوە چەند پێشنیازێک دەخەینەڕوو کە لەلایەک کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕێکخستنی مافی کرێکار و کارمەندەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان هەیە و لەلایەکی دیش ڕەوشی بانکەکان چالاک دەکات و مامەڵەکردن بەپارەی کاش و مەترسیی خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان لەپێدانی مافی کارمەندەکانیان و کرێکارەکانیان کەمدەکاتەوە.

یەکەم: کۆمپانیاکان بەپێی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 1997ی هەموارکراوی ساڵی 2004ی تایبەت بەکۆمپانیاکان، بە سەرمایەی تەنیا یەک ملیۆن دیناری عێراقی دادەمەزرێت، ئەمە بۆ هاندانی بزنس و وەبەرهێنان ئاساییە، بەڵام ئەم یاسایە پێویستی بەهەمووارکردنەوە هەیە، بەجۆرێک: پێویستە کۆمپانیا ناوخۆییەکان لەلایەن بانکێکی ناوخۆیی یان بیانی پشتیوانی سەرمایەکانیان بکرێت و مووچەی کارمەندەکانیشیان لەڕێی هەژماری تایبەتی کەسی و بانکەوە دابەشبکرێت (خاڵی سێیەم و چوارەم).

ئەمەش بەمەرجی ئەوەی لەکاتی پشتیوانیکردنی ئەو بانکە بۆ کۆمپانیاکە، بەرپرسیارێتی مافی دارایی بکەوێتە ئەستۆی هەردوو کۆمپانیا و بانکەکە. ئەم هەنگاوە شەفافیەتی دارایی و ناسنامەی کەسەکان و قەبارەی داهاتەکانیان ئاشکرا دەکات.

دووەم: بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، پێویستە لەلایەن بانکێکی بیانییەوە پاڵپشتی سەرمایەکانیان بکرێت.

ئەم هەنگاوە بەهۆی بوونی کۆمپانیای گەورەی جیهانی و زەبەلاحەوە، هێنان و ڕاکێشانی ژمارەیەک بانکی گەورەی جیهانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەمەش وێنە گەورەکەی سەرمایەداری لەکوردستانیش کە کۆمپانیا و بانکی زەبەلاحە، تەواو دەکرێت.

سێیەم: کردنەوەی حسابی بانکی بە بەکارهێنانی کارتی بانکی بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەمە لەلایەک چالاکی بانکەکان زیاد دەکات، لەلایەکی دیش مامەڵەکردن بەپارەی کاش کەمدەکاتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان حاڵی حازر مووچەی ژمارەیەک فەرمانبەری دەوڵەت لەڕێی بانکەوە دابەش دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی لەهەمان کاتدا فەرمانبەران مووچەکانیان لەبانک ڕادەکێشن و بەشێوەی کاش مامەڵەی پێوە دەکەن، هیچ کاریگەرییەک لەسەر چالاکیی بانکی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کاش دروستناکات. بەپێی تازەترین ئاماری بانکی، لەئەورووپا و وڵاتانی ئابووریی پێشکەوتوو تەنها بەڕێژەی 5% مامەڵە بەپارەی کاش دەکەن و چاوەڕێش دەکرێت تاوەکو ساڵی 2020، ڕێژەی بەکارهێنانی پارە لەڕێی بانکی و ئەلیکترۆنییەوە بگاتە 100%. دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران لەڕێی بوونی ئەکاونتێکی کەسی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئەکاونتانە لەکۆی خزمەتگوزارییە حکومییەکان (خاڵی چوارەم)، پرسی مووچەی بندیوار و ڕۆتینی دەزگا حکومییەکان کەمدەکاتەوە و شەفافیەتی دارایی و چالاکی بانکیش بەرزدەکاتەوە.

چوارەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتنی پارەی بەردەوامی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و باج و ڕسومات لەڕێی بانکەکانەوە وەربگرێت. بەمەرجێک کەسی مامەڵەکار هەژماری بانکیی کەسی لە بانکێک هەبێت یان بیکاتەوە بەر لەئەنجامدانی مامەڵەکانی. حکومەت بۆ هەرجۆرە پارەدانێک یان پارە وەرگرتنێک لەگەڵ ئەم هەژمارە کەسیە مامەڵە بکات.

پێنجەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەم و مۆدیلی کەفیل و بەڵێننامەی دادی بگۆڕێت بۆ گەرەنتی بانکی کە لەلایەک متمانەی هاووڵاتیان بە بانکەکان زیاد دەکات و لەلایەکی دیش ئیعتیباری مامەڵەی کەسەکان بۆ خودی کەسەکان دەگەڕێتەوە نەوەک کەفیل و بەڵێننامەی دادی.

بەجێبەجێکردنی خاڵی سێیەم و چوارەم، خاڵی پێنجەم ئاسان دەبێت. گۆڕینی ئەو مۆدێلە ڕۆتینە بەگەرەنتی بانکی، ڕەنگە بەپێی کات گۆڕینی تێڕوانینی باوی کۆمەڵایەتیشی بەرامبەر مامەڵەی بانکی بەدوادابێت. هەرچالاکییەکی ئابووریش ئامادەگی کۆمەڵگای لەگەڵدا بێت، چالاکییەکی ئەکتیف دەبێ و ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەدەستدێنێ.

***ماستەر لەگەشەپێدانی ئابووری و شرۆڤەی سیاسەتەکان**

---



هۆشیار سیوەیلی

# ستراتیژییەک بۆ پاراستنی ئاو



ئاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستە و بەبێ ئاو ژیان بوونی نییە. یەکێک لە کارو ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەتان دابینکردنی ئاوە بە بڕ و کوالێتی گونجاو بۆ دانیشتووانیان، بە مەرجێک پێویستییە هایدرۆلۆجی و بایۆلۆجی و کیمیاوییەکانی ئیکۆسیستەمی دەورمان بپارێزرێ و بە شێوەیەک بەکاربهێنرێ کە جگە لە پێداویستییە ژیاری و بنەڕەتییەکانی ئەمڕۆ، بڕی پێویست و بە کوالێتی گونجاو بۆ نەوەکانی ئایندە بمێنێتەوە.

گوشارە مرۆییەکانی وەک زێدەڕۆیی لە چەندێتی و چۆنیەتی بەکارهێنان و گوشارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەرزبوونەوەی ستانداردی ژیان و کەمیی نرخی ئاو و لاوازیی هۆشیاریی گشتی و گوشارە سروشتییەکانی وەک گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەی خۆشمان کە بوونەتە هۆی کەمیی باران و بەفر و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و زیادبوونی وشکەساڵی و لافاو، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی ئاو و تا ڕادەیەکیش کاری خراپیان کردووەتە سەر کوالێتییەکەی و ژینگەی مرۆڤیشیان خستووەتە بەردەم هەڕەشەی گەورەوە.

بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، ئێمە خاوەنی سامانێکی گونجاوین، ئەگەر ڕێوشوێنی گونجاو بگرینەبەر بۆ پاراستن و پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی ئەو سامانە سروشتییەی کە هەمانە، ئەوا دەکرێ کاریگەرییە خراپەکانی کەمبوونەوەی ئاو و داهێزرانی جۆرەکەی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی کوردستان کەمبکەینەوە. ئەو ڕێوشوێنە گونجاوەش بەڕێوەبردنی ئاوێتەیی سامانی ئاو (Integrated Water Resources Management-IWRM)ە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە شانبەشانی گرنگیدان بە تاک تاکی لایەن و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئاو، سەیری زۆری وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی پەرەسەندوو پەیڕەوی دەکەن.

یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی ئاوێتەیی سامانی ئاو بنەما و چوارچێوە دەزگاییەکانی وڵاتن. ئایا دەزگا یان دامەزراوە (Institution) چییە؟ بانکی جیهانی بەم شێوەیە پێناسەی دەزگاکان دەکا: دەزگاکان بریتین لە ڕێسا بنەڕەتییەکان (یاساکان و پەیڕەوەکان و نەریتەکان) کە بەڕێوەبردنی سامانی ئاو ڕێکدەخەن و چوارچێوە ڕێکخراوەییەکان کە کاری داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسا و پۆلیسی و ستراتیژی و پرۆگرامەکانی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سامانی ئاو ئەنجامدەدەن.

بەڵام بەبێ تاکی مەشقپێکراو بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان، دەزگاکان کاریگەرییان نابێ. کەواتە پێویستە چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا لە دەزگاکانەوە بکرێ. یاسا و ڕێساکان گرنگن و ئەو چوارچێوە وێنە گشتییەکەش بکەین و کاریگەریی باش و خراپی هەریەک لەو بەش و لایەنانەش لەسەر یەکتری و لەسەر ژیانی مرۆڤ و ژینگەش لێکبدەینەوە. سەرەتای کارێکی لەم چەشنە بە دانان و داڕشتنی ستراتیژییەکی ڕوون و زانستی و شیاوی جێبەجێکردن ئەنجامدەدرێ. لە میانەی ئامادەکردنی ستراتیژییەکی لەو چەشنەدا لاوازی و کەموکوڕییەکانی بواری بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سامانی ئاو دەردەکەوێ و هەر خودی ستراتیژییەکەش ڕێگا و بژارەکان بۆ چارەسەرکردنی لاوازی و کەموکوڕیەکان دادەنێ. ئەم ستراتیژییە پێکهێنەرێکی گرنگی پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئاوێتەیی سامانی ئاو (IWRM)ە، کە بەشی ڕێکخراوەییانەی ئەمانە ئامادە دەکەن گرنگن، بەڵام ئەگەر ڕێساکان (Regulations) کە مەبەست یاسا و پۆلیسی و ستراتیژی و بڕیار و ڕێنماییەکانە جێبەجێ نەکرێن، گرنگیی خۆیان لەدەستدەدەن. کەواتە چاکسازیی دەزگایی تەنیا دەرکردنی ڕێسا و دامەزراندنی ڕێکخراو یان فەرمانگە نییە، بەڵکو دەبێ میکانیزمی جێبەجێکردن و لایەنی جێبەجێکار و سامانی مرۆیی کاراش ئامادە بکا و هاندانەکان بۆ جێبەجێکردنیان گەڵاڵە بکا. هەموو ئەمانەش بەبێ خواست یان ئیرادەی سیاسی و ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورین (سەرکردایەتی وڵات) نایەنەدی.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی کۆنسۆرتیۆمێکەوە کە پێکهاتبوو لە چوار کۆمپانیای فەرەنسیی شارەزای بواری ئاو، لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخیان لەسەر بەشێک لە سامانی ئاوی کوردستان ئەنجامداوە کە لە ساڵی 2012 دا تەواو بووە و بریتییە لە ستراتیژی و پلانی بەڕێوەبردنی سامانی ئاو لە حەوزی ڕووباری زێی گەورە تا ساڵی 2030. کۆمپانیاکان هەموو پێوەرەکانی (IWRM) یان لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەو کردووە (جگە لەو چوارچێوە ڕێکخراوەییەی پێشنیازیان کردووە). بێگومان دەبێ هەمان لێکۆڵینەوە بۆ حەوزی ڕووبارەکانی تری وەک زێی بچووک و سیروان و خابووریش بکرێ بۆ ئەوەی هەموو کوردستان بگرێتەوە و ستراتیژییەکە سەرتاسەری و هەمەلایەن و گشتگیر بێ.

ئەوەی کە جێی سەرنجی من و ڕەنگە کەسانی شارەزای بواری ئاو بێ، ئەو چوارچێوە و هەیکەلە ڕێکخراوەییەیە کە پێشنیازکراوە بۆ بەڕێوەبردنی ئاوێتەیی سامانی ئاو و جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە و پێشنیازانەی کۆمپانیای ڕاوێژکار خستوونیە بەردەم حکومەت.

چاکسازییە دەزگاییەکان بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی گونجاو و کارا بۆ ئەوەی یاسا و سیاسەت و ستراتیژی و بڕیار و ڕێنماییەکان دەربکات و جێبەجێیان بکات و کاری سەرپەرشتیکردن و چاودێری و هەڵسەنگاندن بکات، مەحاڵە. لایەنێکی گرنگی چاکسازیی دەزگایی بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەو دەزگایانەی هەڵدەستن بە کاری جێبەجێکردن و کارپێکردن لەو دەزگایانەی کاری پلاندانان و چاودێریکردن و دانانی پۆلیسی و یاساکان دەکەن. کۆمپانیای ڕاوێژکار لەم ئەرکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

کۆمپانیای ڕاوێژکار شیکردنەوەی پێویستی بۆ چوارچێوە و هەیکەلی ڕێکخراوەیی دوو لایەنە سەرەکی و گرنگەکەی بواری ئاو نەکردووە کە ئەوانیش وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و شارەوانییەکانن و بەرپرسیارێتی سەرەکی جێبەجێکردنی (IWRM) و ستراتیژی بەڕێوەبردنی سامانی ئاو دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. کۆمپانیاکە دوو دەزگای نوێی پێشنیازکردووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژی و دانانی پلان و بەرنامەکانی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سامانی ئاو کە ئەوانیش (کۆمیسیۆنی باڵای بەڕێوەبردنی حەوزی ڕووبار) و (بەڕێوەبەرایەتی حەوزی ڕووبار) ە. دەزگای یەکەم لە نوێنەرانی لایەنە پەیوەندارەکانی بواری ئاو پێکدێ و ( بڕیارە سەرەکییەکان دەربارەی بەڕێوەبردنی سامانی ئاو دەدا، بە تایبەتی دەربارەی پلاندانان و ئەنجامدانی کارە پێشینەکان لە حەوزی ڕووبارەکان و پەیداکردنی دارایی). ڕوون نییە ئەم دەزگایە لەڕووی بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە یان سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە و کێ لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات و کێ سەرۆکی کۆمسیۆنەکە دیاری دەکات و چ پلەیەکی دەبێ. هەرچەندە بەشێک لە بەرپرسیارێتی ئەم کۆمسیۆنە دانانی پلانە، بەڵام ڕوون نییە تا چ ڕادەیەک بەرپرسە بەرامبەر پێشنیازکردنی درافتی یاساکان و دانانی سیاسەتی ئاو و دانانی ستاندارد و چاودێریکردنی پاراستنی چەندێتی و چۆنیەتی سامانی ئاو. بەشی زۆری ئەم بەرپرسیارێتیانە دەکەونە سەرشانی دەزگای دووەمی پێشنیازکراو کە بەڕێوەبەرایەتی حەوزی ڕووبارەکانە. لە کاتێکدا وا دانراوە کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە باڵی جێبەجێکاری کۆمسیۆنەکەیە لە بواری ئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی کۆمسیۆن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەکە بەشێکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاوی وەزارەتی کشتوکاڵ.

لە پراکتیکدا بەڕێوەبەرایەتیەکە ناتوانێ بڕیارەکانی کۆمسیۆن جێبەجێ بکات بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت و ئەمەش کۆکردنەوەی لایەنەکانی جێبەجێکردن و کارپێکردنە لە لایەکەوە لەگەڵ چاودێری و دانانی پلان و یاسا و پۆلیسییەکان لە ژێر یەک چەتردا کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە. جگە لەمە ڕۆڵی لایەنە پەیوەندیدارە گرنگەکانی دیکەی وەک وەزارەتی شارەوانییەکان لە دانانی سیاسەت و پلان و ستراتیژی ئاوێتە و گشتگیری سامانی ئاودا ڕوون نییە هێندە نەبێ کە ئەو لایەنانە ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵان، بەڵام کاری سەرەکی پلاندانان و ستراتیژی و سیاسەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی حەوزی ڕووبارەکان گەڵاڵە دەکرێ کە بەشێکە لە وەزارەتی کشتوکاڵ. لەڕووی بەڕێوەبردنەوە زەحمەتە بەڕێوەبەرایەتی ناو وەزارەتێک بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی و زۆرجاریش بەبێ ئاگاداری وەزیر بتوانێ ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی دەرەوەی وەزارەت بکات و فەرمان و بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ بکات.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان لەڕێگەی کارەکانی کۆمپانیای ڕاوێژکار یەکجار گرنگ و جێگەی بایەخن، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ، یان جیا لە لایەنی جێبەجێکار نییە، ڕوون نییە لە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر تەواوبوونی کاری کۆمپانیاکەدا تا چ ئاستێک ڕاسپاردەکان جێبەجێکراون. بۆیە پێویستە دەسکاری ئەو هەیکەلە ڕێکخراوەییە بکرێ کە پێشنیاز کراوە و تا ئاستێکی باشیش خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە (واتە هەردوو کۆمیسیۆنی باڵا و بەڕێوەبەرایەتی حەوزی ڕووبارەکان دامەزراون). پێویستە دەسکاریکردنەکە بەم شێوەیە بێت:

– کۆمسیۆنی باڵای بەڕێوەبردنی حەوزی ڕووبارەکان بەو پێکهاتەی پێشنیازکراوە بمێنێتەوە و باشتریشە ناوەکەی بگۆڕدرێ بۆ (کۆمیسیۆن یان دەستەی باڵای بەڕێوەبردنی سامانی ئاوی هەرێمی کوردستان)، یان هەر ناوێکی گونجاوی دیکە و دەبێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران یان پەرلەمان یان سەرۆکایەتی هەرێم بێت.

– بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی حەوزی ڕووبارەکان بەو پێکهاتەیەی کە پێشنیازکراوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە بمێنێتەوە، بەڵام بەشێک بێ لە کۆمسیۆنی باڵا و بەرامبەر ئەم کۆمسیۆنە بەرپرسیار بێ.

– بەرپرسیارێتی و ئەرکی پێشنیازکردنی یاسا و پۆلیسی و ستراتیژی و چاودێریی تایبەت بێت بە کۆمسیۆنی باڵا وەک لایەنی بەرپرس و بەڕێوەبەرایەتی حەوزی ڕووبارەکان وەک باڵی تەکنیکی و ڕاپەڕاندنی کاری کۆمسیۆنەکە. ڕەنگە پێویست بێ بەڕێوەبەرایەتی دیکەش زیاد بکرێن.

– بەرپرسیارێتی و ئەرکی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان بدرێتە کۆمیسیۆن، هەڵبەتە بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندارەکان.

– هەروەک کۆمپانیاکە پێشنیازی کردووە، پێویستە کاری جێبەجێکردن و کارپێکردن لە دەرەوەی کار و دەسەڵاتی کۆمسیۆن بێ و ئەو وەزارەت و لایەنانەی ئێستا ئەو کارە دەکەن بەردەوام بن لەو کارانەدا.

***ماستەر لە سامانی ئاو**



گۆران محەممەد

# مەلا و بەڵا

سەری لێدەرناکەم، بۆچی مزگەوت و ئیسلامی جاران، نالی بەرهەمیان بوو، ئێستا دەعجانی؟ لام سەیرە، مەلای جاران دوای حاڵیبوون لە خوا، ئینجا بەسەر عەشقیدا دەگوت، کەچی مەلای ئێستا لە عەشق نازانێت و خوادامان بەگژدا دەکا.

کە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، بۆ مافی ئینسان یاسا دادەنێن، کە ئەوان، بەر لەوەی وڵات، پەرلەمان و حەوت هەشت کابینەیان هەبێ، یاسایەکی باری کەسیی، کە تەنیا ڕێز لە ئینسانبوون دەگرێت دادەنێن. داهێنانە، منەت نییە، ئاخر ژنانی ڕۆژئاوا، ئەو ڕاستییە سەیرەیان سەپاند کە بۆی هەیە ژن، هاوزەمان شەیدای جانتایەکی لوی ڤیتۆن نەبێت و شارەزای فیشەک داگرتنەوە بێت بۆ بی کەی سی. ژنانی ڕۆژئاوا پێیان گوتین ڕاستە سینگ و پووزمان، وەک هەر ژنێکی دیکە هەوەسبزوێنە، بەڵام سیرە و پەلەپیتکەمان، داعشەهەژێن. ئاخر پیاو، لە ژندا هەر هەوەس دەبینێ، کەچی ژن ژیان دەبینن.

ئێوە وا ڕاهاتوون، لەگەڵ خوێندنەوەی گۆشەیەکی بەندە پێبکەنن، ئاخر من نوکتەنووس نیم، بریا هەو بام. کە باسی ژنانی ڕۆژئاوا دەکەم، نوکتەم بۆنایەت، بەڵام ئەگەر بێمە سەر مەلایەک کە لە سلێمانییەوە، دژەهاواری لەسەر یاسای باری کەسیی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا لێهەڵساوە، ئەگەر نوکتە نەکەم، هیچ دوور نییە بیکەم بەخۆمدا، ئاخر مەلای بەڵائاسا، بەگژ یاسایەکدا چووەتەوە کە ژنانی ڕۆژئاوا بە خەباتی هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی وەک خانمانی ئێرە بەدەستیان نەهێناوە، بە شەڕ و بەرخودان سەپاندوویانە. چەند سەت ساڵێکە، ژنی کورد هەر لە سووڕی مانگانەدا خوێنی لێدێ، ئەوە چەند مانگێکە، لە بەرخودانداا، ئەمە شایەنی سەربۆدانەواندنە، نەک پەلاماردان.

بەوەدا یاساکەی ڕۆژئاوا، مافی فرەژنی نەهێشتووە و مەلای سلێمانی هار بووە، پێدەچێ مەلا، چوار جوار ژنی بۆ کەیف پێباشتر بێت وەک لە بەرگریی لە وڵات، ئاخر بەکام لۆژیک و عەقڵ، نێرە بازرگانێکی نەوت لەگەڵ داعش، دوو هێندەی ژنە شەرڤانێک مافی هەیە؟

کورد، لە دونیادا بە ژنکوژ ناسراون، ئاخر ئەوەندەی ژنمان لەسەر هیچ، داعشئاسا سەربڕیون، نیو هێندە لەسەر هەق، بەهانایانەوە نەچووین، ئەوەی ئێستا وێنەی کورد لە جیهاندا دەگۆڕێت، ژنانی ڕۆژئاوان، ئاخر ئەوە ئەوان بوون نەک هەر چاوی دونیایان هێنایە سەر کورد، بەڵکو وێنەی چەسپاوی کوردیشیان لە زەینی دونیادا گۆڕی، کەچی مەلای بەڵائاسا، بەگژ یاسایەکدا چووەتەوە کە مافی ئینسانبوونی بەو ژنانە بەخشیوە.

مامۆستای ڕیشن، شانازیی ئەوەت پێنابەخشم ناوت بێنم، لێ با مەعلوومی جەنابتان بێت، ئەوە هاتوهاواری ڕۆژانی هەینیی ئێوە نییە ئۆبامای بۆ کورد هێنایە سەر خەت، ئەوە پرچی لەگەڵ تەپوتۆز چنراوی ژنانی ڕۆژئاوا بوو. ئاخر جەنابی ئۆباما لە دوو ئەگەردا بۆ کورد دێتە ئاخاوتن. جارێک ئەگەر خوێنی ژنانی ڕۆژئاوا بێتە ڕشتن، جارێکیش ئەگەر مووشەک بۆ ڕیشی بەڕێزتان بێتە هاویشتن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بۆ بازرگانی لەگەڵ داعش خیانەت بێت؟

بازرگانانی شەڕ زیاتر لە هەموو کەس لە جەنگدا سوودیان پێدەبڕێت، چ ئەوانەی کە لەناو شارەکاندا لە کاتی قاتوقڕیی بەرهەمی شەڕ شتومەک و کاڵا گل دەدەنەوە، تا بە دووقات و سێقات بیفرۆشنەوە، یان ئەوانەی کە مەکینەی شەڕەکە دەچەرخێننەوە و ئینجا سێکتەرێکی گەورە کە پارەیەکی ئەستووری تێدایە، بەسەر خەڵکێکی کەمدا دابەش دەبێت. ئەمە هەر لەناو ئێمەدا ڕووی نەداوە و بگرە زۆر میللەتی دنیا بەو قۆناغانەدا تێپەڕیون.

لەناو خۆماندا تەنانەت بەر لەوەی بگەینە قۆناغی شەڕی ناوخۆ، جگە لەوەی کە میللەتی ئێمە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شارە دراوسێکانیان کە عەرەب و لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوون، بازرگانییان دەکرد، بگرە دواتر ئەو بازرگانییە لەگەڵ حکومەتی بەعسیشدا دەکرا و ئەو نەوتە قاچاخەی کە سەددام لە سۆنگەی ئابڵوقەی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە نەیدەتوانی بیفرۆشێت، بە ناو خاکی کوردستاندا، کوردستانێک کە سەددام حوسێن سەدان هەزاری لێ ئەنفال کردبوو، هەزارانی دیکەشی بە گازی ژەهراوی لەناو بردبوو، دەگوازرایەوە بۆ بازاڕی جیهانی و دەفرۆشرا. قەت ڕۆژێک نەمانبیست بە بازرگانێکی ئەوکاتە گوترابێ خیانەتت کردووە! ئینجا ئەگەر ئەو کاتە بیانوو ئەوە بوو کە کوردستان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی دیکەی نییە و ناچارە مل بۆ ئەو کارە بدات، ئەوا ئەمڕۆ چ گۆڕاوە تا خەڵکی ناچار نەبن لەگەڵ داعشدا بازرگانی بکەن؟ مەبەستم لەو قسانە ئەوە نییە کە پاساو بۆ بازرگانانی شەڕ بێنمەوە و پێموابێت کە کارێکی دروستیان کردووە، بەڵام یەک ساڵی ڕەبەقە بازاڕی کوردستان وەستاوە، ملیۆن و قسوور پەنابەر بەسەر سێ پارێزگاکەدا ڕژاون، حکومەت مووچەی فەرمانبەر و پێشمەرگەی بە هەزار حاڵە حاڵ پێ دابیندەکرێت و خۆشی دەنگی لە تێری دێت! ئینجا لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە دەگوترێ بەهەزاران بەرمیل نەوت ڕۆژانە لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک بەرهەم دێت و ڕەوانەی بازاڕ دەکرێت و دەفرۆشرێت، بەڵام کەس ئامادە نییە لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوە بدات، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا هەموو ئەو بازرگانییەی کە هەندێک بەرپرسی حیزبی و خەڵکی دیکە کردوویانە ناکاتە پارەی یەک ڕۆژی ئەو ڕێژە نەوتەی کە تەنانەت وەزیری سامانە سروشتیەکانیش لە وردەکارییەکانی دەرهێنان و فرۆشتنی بێ ئاگایە.

لەلایەکی دیکەوە کاتێک وڵاتێک دەچێتە شەڕەوە، هەندێک ڕێوشوێن، ڕێکاری قانونی و دەستووری دەگرێتە بەر. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە بۆ ڕێگەگرتن لە زۆر حاڵەت لەوانەی لە دۆخی جەنگدا ڕوودەدەن، هەندێک یاسا دەردەکات. تا ئێستا یاسای دژە تیرۆری لێدەرچێت یاسایەکی دیکە نییە بتوانێ ئەو کەیسانە لە ڕووی یاساییەوە بجوڵێنێ. بەڵام واقیعی ئەمڕۆی داعش سەرباری ئەوەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بە تیرۆریست ناوزەد کراوە، جیاوازە. داعش حوکمی یەک لەسەر سێی وڵاتی بەناو عێراق دەکات کە ئەوێش خەڵکی تێدا دەژیەت، کەواتا پێویستمان بەوەیە کە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا کوردستان بڕیار بدات هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتەکەی داعشدا بوەستێنێ و ئینجا ئەوەی کردی بە خائین ڕابگەیەندرێت. ئەگەر بڕیارمان دا مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی تیرۆریست و پاڵپشتکاری تیرۆریش بوەستێنین، ئەوا دەبێ ئەو کاتە لەگەڵ زۆر وڵاتی ئیقلیمیش هەمان کار بکەین.



مەحموود یاسین کوردی

# بەڵێ.. بارزانی بەدیلی هەیە

یاسای ژمارە 19 کە بە یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق ناسراوەو لە 30 حوزەیرانی 2013 دەرچووە، لە ماددەی یەکەم بەڕوونی دەڵێ: "ویلایەتی سەرۆکی هەرێم لە (20/8/2013)دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت، درێژ دەکرێتەوە تا (19/8/2015) کە ئیتر بۆ دووەم جاری درێژکردنەوەی نییە".

ئەمە ئەو ژەهرە بوو کە یەکێتی لەپێناوی هەزمکردنی واقیعێکی تاڵ و ناخۆش و سەخت نۆشی، ئەوکات زۆر کەس یەکێتییان بە کودەتاچی و خزمەتکاری بارزانی وەسف دەکرد، بەڵام کەسیش چارەسەرێکی گونجاوی لەلا نەبوو.

یەکێتی لە قورسایی و پێگەی بارزانی تێگەیشتبوو، غیابی ئەوی دەزانی بۆیە ئەم کارەی کرد، ئۆپۆزسیۆنیش ئەوکات بەدیلی نەبوو، بۆیە کارەکە یەکێتی کردی، بەڵام بەرهەمەکەی هەمووان خواردیان و ئەوەش کوردستانی لە فەراغێکی دەستووری ڕزگار کرد، ئەگەرنا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش وەکو پارێزگاری سلێمانی لێدەهات.

ئێستا لای هەموومان ڕوونە نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی و دەرچوونی لە هاوکێشەی سیاسی چۆن سەنتەری بڕیاردانی لەناو یەکێتی نەهێشت و کاریگەری چەند خراپی لەسەر یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان داناوە، تەنانەت لە پرسی پێکهێنانی کابینەی هەشت و بەشداریی کورد لە حکومەتی عێراق و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، یەکێتی بێ تاڵەبانیی پێوە دیار بوو، تەنانەت بارزانی و نەوشیروان مستەفاش کەناڵێکی فەرمی و کاریگەریان نەبوو لەگەڵ یەکێتی، دواجار هەرێمێکی بێ مووچە و بودجەی گەمارۆدراو بە هەڕەشەی داعش لە دوای تاڵەبانی ماوەتەوە.

ئەم پێشەکییە لە پێناو ڕوونکردنەوەی کاریگەریی کەسی یەکەمی حیزبێکی وەکو یەکێتییە، لە بەرامبەریشدا کەسی یەکەمی پارتی نێو هاوکێشەی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بووەتە ژمارەیەکی قورس، بوونی ئۆجەلان لە ئیمراڵی و نەمانی ڕۆڵی تاڵەبانی لە هاوکێشەکاندا پێگەی بارزانی لە جاران بەهێزتر کردووە. نەوشیروان مستەفا بە سروشتی حاڵ حەزی بە پۆست و پلەی حکومی و دەوڵەتداری نییە، بۆیە چارەسەرکردنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو پەندە عەرەبییەکەی لێهاتووە "دەتەوێ بارزانییە ناتەوێ هەر بارزانییە"، جا منێکی یەکگرتووی ئیسلامی تا چەند لەگەڵ ئەو قەناعەتەم و بڕوام بە بارزانی هەیە ئەمە بابەتێکی دیکەیە.

یاسای ژمارە 19 پێویستی بە تەفسیر و تەئویل و تەحلیل و (حیلەی قانونی) نییە، بە ڕوونی لە ماددەی یەکەم دەڵێ: درێژ ناکرێتەوە، لە ماددەی دووەم دەڵێ: پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش بارزانی یاساکەی نە ڕەتکردەوە و نە ئیمزاشی کرد، ئۆتۆماتیکی یاساکە دوای 15 ڕۆژ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا ئێمە نزیکەی 9 مانگمان بۆ تەوابوونی ویلایەتی بارزانی ماوە، یاساکە ڕێگە بە درێژکردنەوە نادات و سازانیش لەسەر پرۆژەی دەستوور نەکراوە، بەدیلی بارزانی حازر نەکراوە، ئێ عیلاج چییە؟

## سێ ڕێگا لە بەردەم هەرێمی کوردستانە

**یەکەم:** درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ساڵی دیکە، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک نابێت و ناکرێ، چونکە پێچەوانەی یاسای ژمارە 19ی درێژکردنەوەی ویلایەتی دوو ساڵی یەکەمە.

**دووەم:** ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئامادەسازی و تەرخانکردنی پارەیەکی باش بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هێشتا ئەندامانی کۆمیسیارانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان نەکراون، ئەمەش کێشەیەکی دیکە دروستدەکات کە ئاخۆ عێراق سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە بکات یان دەستەکەی هەرێم؟، حاڵی حازر پێشمەرگە 1050 کیلۆمەتر سنووری باشووری کوردستان لە هەڕەشەی داعش دەپارێزێ، تا ئێستا شنگال و جەلەولا بە دەست داعشەوەن و بیهێنە بەرچاوی خۆت کۆمەڵێک کاندید کەمپینی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن، بۆچی؟ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەمە چ دەرفەتێک دەداتە وڵاتانی ئیقلیمی بۆ دەستێوەردان؟

بێنە بەرچاوی خۆت تازە کورد لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی عەیب و عارەکانی فڕێدانی چەکی بۆ شەرڤانانی ڕۆژئاوا پینەو پەڕۆ کردووە، کەچی ئەو هەموو حیزبە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ مەلەفی شکستی شنگال و جەلەولا و بازرگانیی نەوت لەگەڵ داعش و پەیوەندی تورکیا و بێ مووچەیی لە دژی یەکتر بجووڵێنن چ دەقەومێ.

ئەم قسانەی ئێمە لەکاتێکدایە ئەگەر حیزبەکان کاندیدایان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم هەبێت، جا کاندیداکانیان کێیە، ئەوە بەس خۆیان و خوا دەزانێ. من ناڵێم لەبەر داعش و مەترسیی دەرەکی، دیموکراسی و هەڵبژاردن و ئیستیحقاقی هاووڵاتیان فەرامۆش بکرێت و پەکبخرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ئیسرائیل نییە ئەوەندە بەهێز بێت شەڕی عەرەب بکات و هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش بکات، نە کوردیش وەکو جولەکە یەکگرتوون، نە پارتی حیزبی کادیمایە نە یەکێتی حیزبی لیکوودە. ئیتر کاتی سیاسەتی ئەمری واقیعە.

لە ڕێگای دووەم دەتوانرێ پێنج هێزە سەرەکییەکە کەسێکی دیکە وەکو بەدیلی بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید بکەن و وەکو سەرۆکێکی تەوافوقی بیخەنە بەردەم ڕای گەل و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ.

پێموایە هەموو مرۆڤێک بەدیلی هەیە، دڵنیام بەڕێز بارزانی خۆشی بڕوای بەو قسەیە نییە کە دەڵێن بارزانی بەدیلی نییە. مەترسیی من لە پێگەی بەهێزی بارزانییە ئەگەرنا بەدیلی هەیە، (وەکو ئەزموونێکی شەخسی خۆم کە ئەندامی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو بووم، 4 کەس بەدیلی مامۆستا سەڵاحەدین بوون، کەچی ئێستا بۆ هەموو کێشە و چارەسەری قەیرانێک هەمووان دەچنەوە لای ئەو)، بەڵام جێگیرنەبوونی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی هەرێمی کوردستان و نەبوونی دەستوورێکی چەسپاو و ڕێزلێگیراو وایکردووە هەرێمی کوردستان لە بەغدا جیاواز بێت، لە بەغدا تاڵەبانی دەڕوات مەعسووم دێت، مالیکی دەڕوات عەبادی دێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سیستەمەکە لە ڕیشەوە حیزبییە و لێک جیاکردنەوەی سەرە داوەکان کارێکی ئاسان نییە.

بۆیە ئەگەر سەرۆکی تەوافوقیش هەڵبژێردرێت، ئەو سەرۆکە هەموو ڕۆژێ بە خۆی و مەلەفەکانی بندەستییەوە لای بارزانییە و ناتوانێت بڕیارەکان یەکلایی بکاتەوە، خۆی و پۆستەکەش عەیبدار دەکات و لەمەش مەترسیدارتر، دروستبوونی سیستەمێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کە لە کوردستان سەرۆکی هەرێم هەبێت و بارزانیش لە هەرەمی سەرۆکایەتی پارتی وەکو گەورەترین حیزب هەبێت، ئەمە جۆرێکە لە دروستبوونی ویلایەتی فەقیهی هاوشێوەی ئێران. ئەمە گەورەترین هەڵەی سیاسییە و ئەزموونەکە دەخاتە بەردەم مەترسییەوە و کێشەیەکی گەورەتر لەم قۆناغە دروست دەکات، دەوڵەت لە ناو دەوڵەت دروست دەبێت.

بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو، کەچی هەندێک بەرپرسی سەربازیی حیزبەکەی خۆی بەرەکانی شەڕیان بەجێدەهێشت و بلیتی ئەوروپا و تورکیایان بۆ منداڵەکانیان دەبڕی، خۆ ئەگەر کەسێکی دیکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت وەکو محەممەد مورسی لێدەکەن.

**سێیەم:** گونجاوترین و شیاوترین ڕێگا سازانی نیشتمانی و ڕێککەوتن و تەوافوقە لەسەر پرۆژە دەستوور و هەموارکردنەوەی ئەو بڕگەو ماددانەی تایبەتە بە هەندێک لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و بە تایبەت ماددەی 61 کە باسی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک لە لایەن گەلەوە دەکات، ڕازیبوونی لایەنەکانە بە سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ماف بە بارزانی دەدات بە تەوافوق لەناو پەرلەمان دوو خولی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە، ئەمەش دوو ئامانج دەپێکێ.

1- هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ناجێگیری و ناسەقامگیری دەرباز دەکات بەرەو دامەزراوی و خاوەن دەستوورێکی دیموکراسی و گرێنتی پاراستنی هەرێمی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو دەکات، لەوەی سەرۆکێکی دیکتاتۆر لە دوای بارزانی دروست نابێت. ڕەخنەی زۆرینەی یاساناسان و سیاسییەکان لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک لە پرۆژەی دەستووردا هاتووە، لەسەر ئەوەیە لە ئایندەدا کەسێکی دیکە بێتە سەرۆکی هەرێم کە خراپ ئەو دەسەڵاتانە بەکاردەهێنێ.

2- دەرفەتێکی دیکە لە بەردەم بارزانی دەڕەخسێنێ بەوەی دەتوانێ دوو خولی دیکە بە تەوافوقی لایەنەکان پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، ئەمەش دوای ئەنجامدانی هەموارکردن و ڕێککەوتنی لایەنەکان و ئەنجامدانی گشتپرسی لەسەر دەستوور لە ماوەی ئەو 9 مانگەی ماوە، هیچ کێشەیەکی دەستووری و یاسایی نییە دوای خستنە بواری جێبەجێکردنی دەستوور، بارزانی کاندیدی تەوافوقی بێت بۆ خولێکی دیکە.

ئەم هەنگاوە ئیرادە و ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی دەوێ، تەنازولی هێزە سیاسییەکانی دەوێ کە کوردستان لە بۆشایی دەستووری و قەیرانێکی سیاسی ڕزگار دەکات، پێش ئەوەی هەموو لایەک ئیحراج بن.

ئێمە ئەزموونی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان لە خولی یەکەم لە 12ی حوزەیرانی 2005 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، ئەزموونێکی بێ کێشە بوو، بارزانی خۆیشی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی کۆیەی 1991 باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و نەهێشتنی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی دەکات، زۆر ئاساییە لە پەرلەمانی کوردستان متمانە وەربگرێت، چونکە ئێمە قۆناغی 2009 و سەردەمی تیرو توانجی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتمان تێپەڕاندووە، ئێستا ئەزموونی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا لە مەترسیدایە. هەموارکردنەوەی دەستوور و گشتپرسی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان و کاندیدکردنی بارزانی وەکو سەرۆکێکی تەوافوقی کورتکردنەوەی ڕێگاکەیە و بەربەست دروستکردنیشە لە بەردەم پشێوی و بۆشایی یاسایی و سیاسی.



نەوزاد هێتوتی*

# ئەمریکا و تورکیا لەسەر چی ناکۆکن؟

هەڤدژی و جیاوازی لە دیدگا و بۆچوون و تێڕوانینی هەریەک لە تورکیا و ئەمریکا لە هەمبەر هاوکێشە و هاوسەنگییە سیاسییەکانی عێراق، سووریا و ناوچەکە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا داناوە. ڕێگەگرتنی تورکیا لە بەکارهێنانی خاکەکەی لە شەڕی ئازادیی عێراق لە 2003 و ئێستاش پشتکردنە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەهەمبەر عێراق و سووریا و ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی بنکە سەربازییەکانی لە دژی داعش، پرسیاری جددی لەسەر هاوپەیمانێتی شەست ساڵەی نێوان ئەمریکا و تورکیا دروستکردووە. تا ئەو ئەندازەیەی کە کۆمەڵێک کۆنگرێسمانی ئەمریکی داوای چاوخشاندنەوە بەو هاوپەیمانییە، ئەندامێتی تورکیا لە هاوپەیمانیی ناتۆ و دۆزینەوەی بەدیل بۆ بنکە سەربازییەکانی ئەنچەرلیک بکەن.

ئەوەی ئەم ناکۆکیانەی زیاتر زەقکردەوە و سەرنجی شرۆڤەکارانی سیاسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بریتییە لە ستراتیژی و سیاسەتی هەڤدژیی هەردوولا لە هەمبەر پرس، پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی پەیوەست بە پرسی سووریا کە دەکرێت ئەم ناکۆکیانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە.

**یەکەم:** تورکیا جەخت دەکاتە سەر گرتنەبەری سیاسەتێکی گشتگیر و هەمەلایەن لە هەمبەر ڕژێمی سووریا کە خۆی لە ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەبینێتەوە و ئەمە بە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە هەمبەر سووریا دەزانێت. تورکیا پێیوایە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی ناوچەکە و سووریا، مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەدە، بۆیە وایدەبینێ کە هەر جۆرە چارەسەرێکی سیاسی بۆ سووریا و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتە، بە لادانی ئەسەد و ڕژێمەکەی دەستپێدەکات. لە لایەکی تریشەوە ئەنقەرە ترسی هەیە لەوەی کە مانەوەی ئەسەد لەسەر دەسەڵات مەترسییەکی درێژخایەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروست دەکات. لەبەرامبەردا ئیدارەی ئۆباما وێڕای جەختکردن لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ڕەوایی لەدەستداوە و کەسێکی دیکتاتۆرە، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سووریا نین لە ڕێی وەشاندنی گورزی سەربازییەوە و پێیانوایە قەیرانی سووریا لە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسییەوە دەبێ چارەسەر بکرێت. ئیدارەی ئۆباما پێیوایە ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات شەڕێکی تایفی شیعی-سوننیە، بۆیە نایانەوێت ببنە بەشێک لەم شەڕە، هەر ئەمەش وایکردەوە کە ئەمریکا بە درێژایی 3 ساڵ، پشت بە سیاسەتی ئیحتیواکردن ببەستێ لە هەمبەر قەیرانی سووریا بۆ ئەوەی ئەم شەڕە نەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

**دووەم:** بەرپرسانی تورکیا دەڵێن کە داعش و هەموو گرووپە توندڕەوەکانی ناو سووریا بەرهەمی دیکتاتۆریەتی بەشار ئەسەدن، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەولەویاتی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە سووریا دەبێت دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بێت نەک داعش. لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا بە پێچەوانەی ئەمریکا داعش بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی دانانێت. هەربۆیەش جیاوازییەکی زۆر لە ئەولەویاتی سیاسەتی هەردوولادا هەیە، تورکیا ڕژێمی ئەسەد بە هەڕەشەی سەرەکی و ئامانجی یەکەمی دادەنێت کە دەبێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، لە بەرامبەردا ئەولەویاتی سیاسەتی ئۆباما بریتییە لە شەڕکردن لە دژی داعش و نەهێشتنی هەڕەشەکانی لە عێراق و سووریا.

**سێیەم:** تورکیا لە هەمبەر گوشارەکانی ئەمریکا بۆ بەشداریکردنی لە شەڕی دژی داعش، دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لەناو قووڵایی خاکی سووریای کردووەتە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی. مەبەستی سەرەکی تورکیا لەم پێشمەرجە بریتییە لە گەڕانەوەی ئاوارەکانی سووریا بۆ ئەو ناوچە ئارامە و ڕێگرتن لە کۆچی بەکۆمەڵ بۆ ناو خاکی تورکیا، هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە دەرهاویشتە سیاسییەکانی شەڕی دژی داعش ئاراستەیەکی هاودژ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وەرناگرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی ناچەیەکی دابڕاو، باڵادەستیی خۆی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی دوای داعش لە سووریا بسەپێنێ و ڕۆژئاوای کوردستانیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و هەژموون و باڵادەستیی PYD لەو دەڤەرەدا نەهێڵێ. لە بەرامبەردا، ئیدارەی ئەمریکا تاوەکو ئێستا گرنگییەکی ئەوتۆیان بەو پێشنیازانەی تورکیا نەداوە و پێیانوایە ناوچەی دژە فڕین وێڕای ئەوەی خەرجییەکی زۆری دەوێت، لە هەمانکاتدا ئەمە بەمانای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازییە لە دژی ڕژێمی سووریا. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی عەرەبی نایانەوێت تورکیا لە هاوکێشەکانی سیاسی دوای داعش دەستێکی باڵای لە سووریادا هەبێت.

چوارەم: هۆکارێکی دیکەی شاراوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تورکیا کە پاڵپشتی لە هێزە ئیسلامیەکانی سووریا دەکات. تورکیا بە درێژای شەڕی ناوخۆی سووریا هەوڵی بەهێزکردنی هێزە ئیسلامییەکانی داوە لەسەر حیسابی هێزە عەلمانییەکان. ئەم ئاراستە سیاسییەی تورکیا تەنیا لە چوارچێوەی سووریادا نەماوە، بەڵکو جیهانی ئیسلامی سوننی عەرەبی بەسەر دوو میحوەری سیاسی هەڤدژ و ناکۆک لەگەڵ یەکتر دابەش کردووە. میحوەری یەکەم کە لەلایەن تورکیا و قەتەرەوە پاڵپشتی دەکرێن، هەوڵ دەدەن پێگەی ئیسلامییەکان لەو دەوڵەتانەی بەهاری عەرەبی تێیاندا ڕوویداوە بەهێز بکەن. لەبەرامبەردا عەرەبستانی سعودی و میسر و هەندێ لە دەوڵەتانی عەرەبی لە کەنداو پاڵپشتی لە تەیاری عەلمانی عەرەبی دەکەن و هەوڵی شکستهێنان بە هێزە ئیسلامیەکان دەدەن لە لیبیا، تونس، سووریا، یەمەن و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی. لەلایەن خۆیەوە ئەمریکا لە دوای شکستی ئیخوانەکان لە میسر و هاتنی سیسی بۆ سەر دەسەڵات، پاڵپشتی لە میحوەری سعودیە-میسر دەکات و مەلەفی سووریای داوەتە دەست سعودیە. هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەمریکا گوشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆیدا بکات و پاڵپشتی لە هێزە عەلمانییەکان بکات و سیاسەتی خۆی هەمبەر مەلەفی کوردیش بگۆڕێت.

***خوێندکاری دکتۆرا لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد- زانکۆی لیستەر- بەریتانیا**






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# با چاڤیلاند بگەڕێتەوە سەر کوردستان

پرۆسەی تەعریبی کوردستان بەردەوامە. دوایین ناوچەش کە رووبەڕووی شاڵاوی بە عەرەبکردن بووەوە بناری شاخی گۆیژە بوو لە سلێمانی. بەپێی زانیارییەکان لە 10 سەردانکەری ناوچەی گەشتیاریی چاڤیلاند لە بناری گۆیژە لانیکەم 7 یان عەرەبن.

تەنانەت وای لێهاتووە عەرەبەکان لەناو خۆیاندا دەڵێن "کورد ئەم شارەیان ناخۆش کردووە". وا بڕوات چاڤیلاندیش دەبێتە بەشێک لە ماددەی 140 و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێویستی بە "سازانی نیشتیمانی" دەبێت.

ئەم دێڕانەی لای سەرەوە باسوخواسی ناو گەنجانی سلێمانییە، هەندێک بە پێکەنین و هەندێک بە تەنزەوە ئەم قسانە دەڵێنەوە.

هاتنی عەرەب بۆ کوردستان بابەتێکی نوێ نییە، هەتا ئێستا سەدان بابەتیشی لەسەر نووسراوە. من نایەم جارێکی دیکە باسیبکەمەوە، بەڵام دوو پرسیارم لا دروست بووە کە هەتا ئێستا عەودالی وەڵامەکانیانم. یەکەمیان: ئایا ماددەی 140 یەکەم هەنگاوی ئاساییکردنەوەی باری ئەو ناوچانە نییە کە دەستوور پێیان دەڵێت "ناکۆکی لەسەر"؟ یەعنی بارێکی نائاسایی هەیە، بۆیە دەبێت ئاسایی بکرێتەوە. بارە نائاساییەکە نیشتەجێبوونی عەرەبە لە ناوچەیەکی کوردستانی.

ئەی باشە نیشتەجێبوونی عەرەب لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بە هەمان شێوە بارێکی نائاسایی دروست ناکات لە ئایندەدا؟ ئەوانەی هاتوون عەرەب نین؟ یان سلێمانی و هەولێر و دهۆک ناوچەی کوردستانی نین؟

خودی فیکرەی نیشتەجێبوونی کەسانی بیانی لە نیشتیمانێکی دیکە هەڵە نییە. زۆر ئاساییە کاتێک کورد، عەرەب یان تورک پەنا دەبەن بۆ وڵاتانی ئەورووپا و دواجار دەبن بە هاووڵاتیی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئێمە لەلایەک مێژوویەکی تاڵمان هەیە لەگەڵ تەعریب ، لەلایەکی دیکەش هێشتا خۆمان وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا یان فەرەنسا نین مەترسی سڕینەوەمان لەسەر نەمابێت و لە چوارچێوەی یاسایەکی تۆکمەدا پەنابەر وەربگرین. ئەسڵەن ئەو عەرەبانەی دێن بۆ ئێرە پەنابەر نین!

یەکێک لەو ئارگومێنتانەی کە رۆشنبیرانی خۆمان بەکاریدەهێنن بۆ جۆرێک لە شەرعیەتدان بە نیشتەجێبوونی عەرەب لە کوردستان، ئەو خزمەتەیە کە بە ئابووریی کوردستانی دەگەیەنن. ئەم ئارگومێنتە تا بڵێیت راستە و بەهێزە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە:

ئەگەر ئێمە بۆ بەهێزبوونی ئابووریمان پشت بە بەکاربەری عەرەب ببەستین، ئەی کاتێک کە رۆیشتنەوە چی بکەین؟ یان بەنیاز نین بڕۆنەوە؟! مەعنای وایە عەزمتان جەزم کردووە لەوەی ئەم عەرەبانە ناڕۆنەوە و دەبنە بەشێک لە نەخشەی دیمۆگرافیی کوردستان!

دووەم پرسیارم: هێشتا هیچ نەبووە بۆچی ئێمە بووین بە هاووڵاتی دەرەجە دوو؟ بۆچی ئێمەین کە شارەکانی خۆمانمان ناخۆش کردووە؟ بۆچی لەگەڵ هاتنیان دەبن بە خاوەن ماڵ لێمان؟ بۆچی وەک ئەورووپا مانەوەیان و نیشتەجێبوونیان بەند نەبێت بە پرۆسیجەرێکەوە کە تیایدا زمانمان فێر ببن و بتوانن ئینتیماج لەگەڵ کۆمەڵگەکەمان بکەن؟

تۆ بڵێی هۆکاری ئەمە ئەو گرێی خۆبەکەمزانییە بێت کە تەنانەت دوای رووخانی سەددامیش بەرۆکی ئێمەی بەرنەداوە؟ گرێی خۆبەکەمزانی ئێمە و لووتبەرزی و خۆبەزلزانیی ئەوان. ئەو ئیهانانەی جاران لە بەغدا دەیانکردین ئێستا گواستوویانەتەوە بۆ ماڵی خۆمان و ئێمەش بێ دەنگ و سەنگ رازی بووین بە رەزای خوا!

ئەم پرسیارە دەرگایەک دەکاتەوە بۆ سەر فاکتەری سەددام لە نەخشەکردنی ژیان لەم وڵاتەدا. فیرعەونەکەی عێراق لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بێ لە گرتن و کوشتن و قڕکردن، شتێکی دیکەشی کرد کە وەک میراتییەک لەدوای خۆی لە وڵاتەکەدا مایەوە.

راستە سەددام خۆی مرد، بەڵام ئەو سەددامانەی لە ناخی هەموو مرۆڤێکی ئەم وڵاتەدا چاندنی لەجێی خۆیان ماون. کەلتووری بەعس هەتا دوا بواری ژیان هێشتا هەر زاڵە. دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ تۆقێنەر و تۆقێنراو، داپڵۆسێنەر و داپڵۆسراو هەر باقییە. ئەو گرێ دەروونیانەی لە ناخی هەموو دانیشتوویەکی سنووری عێراقدا دروستیکرد ئێستاش لە جێی خۆیانن.

وەڵامێکیش بۆ ئەوانەی دەڵێن سەددام نەماوە و هاتنی ئێستای عەرەب بۆ کوردستان جیاوازە لە پرۆسەی تەعریبی کەرکووک لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان و ئەو میراتییەی سەددام کە جێماوە. کابرای عەرەب پێدەچێت ئاگاشی لە خۆی نەبێت کە نوێنەرایەتی چینی تۆقێنەر دەکات لە چوارچێوەی کەلتووری بەعسدا، هەروەک رەنگە ئێمەش نەزانین کە ئێستاش لە وڵاتی خۆمان و لە ژێر ئاڵای خۆماندا لە رۆڵی هاووڵاتی تۆقێنراوی خاوەن گرێی خۆبەکەمزانیدابین.

دەبووایە چیمان بکردایە؟ ناڵێم دەبێ رەگەزپەرستی بکەین و دەرگاکانمان بەتەواوی دابخەین. دەبووایە ئاگاداری ئەوە بووینایە کە هاتنی عەرەب بە لێشاو راستە خزمەت بە ئابووریمان دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو بارە دیمۆگرافییە دیفاکتۆیەی دروستی دەکەن، مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئایندەی کیانەکەمان دروست دەکات.

ئێستاش هەتا کار لە کار نەترازاوە دەبێت دابنیشین و بیرێک لەوە بکەینەوە. من دەڵێم با دەرگامان تا سەر پشت واڵا بێت بۆ لێقەوماوان، کارئاسانی بۆ هاتنی سەرمایەداران و بەکاربەران و کەسانی ئاسایی بکەین، بەڵام بە پێگەی پەنابەر، نەک خاوەن ماڵ. پەنابەر بەو مانایەی لە ئەورووپا هەیە، ئەوەی کە فێربوونی زمان و رێزگرتن لە سەروەری و راهاتن لەگەڵ کەلتووری وڵاتەکەیان وەک مەرج بۆ دادەنرێت بۆ بوون بە بەشێک لە کۆمەڵگاکە.

گەر ئەوە نەکەین، بەلاتانەوە دوور نەبێت ئەگەر ئەوەی ئەمڕۆ بۆ پێکەنین دەڵێین "داوا دەکرێت چاڤیلاند بگەڕێنرێتەوە سەر کوردستان"، سبەی ببێتە کێشەیەکی راستەقینە و بەوپەڕی جددیەتەوە داوای گەڕانەوەی کوردستان بکەین بۆ سەر کوردستان!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆشتاوی PKK

لە میدیای کوردی و تورکیدا دەنگۆی بڕیاردان لەسەر چەکدانانی PKK هەروا گەرمتر دەبێت. پەروین بوڵدان، کە بەهاری رابردوو پەیامی ئۆجەلانی لە شاری ئامەد بە زمانی کوردی خوێندەوە و چاوەڕوان دەکرا بڕیاری چەکدانانی PKKی تێدابێت، دیسان هاتووەتەوە ناو ناوان و دەڵێت "رەنگە بەهاری داهاتوو ئۆجەلان بڕیارەکە بدات". رەنگە هەبن وا تێبگەن ئەو بڕیارە عاقڵانە نییە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەو بڕیارە بدرێ و نەدرێ شتێکی وا لە ئایندەی PKK ناگۆڕێت.

هەفتەی رابردوو لە باکووری کوردستان بووم. لەسەر شەقامێکی شارۆچکەی جزیرێ مێردمنداڵێک پڕ بە گەرووی گۆرانییەکی بۆ پێداهەڵدانی گەریلا بۆ خوێندم. دەر و دیواری جزیرێ و سلۆپی هەمووی یەک وشەی لێ نووسرابوو، ئەویش "ئاپۆ" بوو. ئەفسەرێکی میتی تورکی لەسەر سنوور باسی "یەکێتیی کوردان"ی بۆ دەکردم و شانازیی بەوەوە دەکرد کە لەگەڵ ئۆجەلان خەڵکی یەک ناوچەن، هەروەها بە "سەرۆک" ناوی دەهێنا. لەوێ کەسم نەبینی بیشارێتەوە کە هەواداری PKKیە و بەپێچەوانەوە گەنجان لەسەر شەقام ئۆتۆمبێلی پۆلیس یان سوپایان، گوللە یان بەردباران دەکرد.

سەرۆکی شارەوانی جزیرێ کچێکی گەنج بوو کە وەک باسیدەکەن باوکی گەریلا بووە و چەندین ساڵ پێش ئێستا شەهیدبووە. واتە لە باکووری کوردستان بەکردەوە لە زۆر شوێن دەسەڵات لەدەست PKKدایە و چەکەکانیشی لەناو شارەکاندان.

لە رەوشێکی وادا ئەگەر بڕیار لەسەر چەکدانانی گەریلاکانی PKK بدرێت چی دەگۆڕێت؟ پێش هەموو شتێک پرسیار ئەوەیە کە کێ گەریلایە؟ بێگومان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە رۆژئاوای کوردستان تێکەڵی گەریلا ناکرێن. گەریلا ئەوانەن کە یان لە باکووری کوردستان چەکیان بەدەستەوەیە یان لە قەندیل. ئەگەر هات و ئەو دوو گرووپە چەکیان دانا، بەو مانایە نایەت کە ئیدی PKK، بەو پێکهاتە تێکچڕژاو و ئاڵۆزەی، چیدیکە چەکداری نییە.

رەوشی PKK وەکو چوار ساڵ پێش ئێستا نییە و تەنیا پەنای سەرکردایەتیی PKK قەندیل نییە. ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان فڕۆکەی ئەمریکایی و هاوپەیمانانی پشتیوانی لە شەڕڤانان دەکەن. سێ کانتۆن هەن کە رەوشێکی دیفاکتۆیان هەیە و هەمووان ناچارن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەروەها واشنتن نایشارێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی PKK لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانیدایە، بەڵام PYD هەمان مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. ئێستا ئەمریکا لە کەیسی PKKدا گۆشتەکە ناخوات، بەڵام ئیشتیهای لە گۆشتاوەکە هەیە.

زۆر کەس دەڵێن مانەوەی گەریلا گەرەنتییە بۆئەوەی حکومەتی تورکیا رێگە بدات کورد لە پەرلەمانی تورکیادا نوێنەری هەبێت و سەرۆک شارەوانیی سەر بە PKK هەبن. ئەمە جاران راست بوو، بەڵام ئێستا چیدیکە مانای نەماوە. چونکە وەک گوتم تا شەڕڤان بمێنن، گەریلا بەکردەوە چەکی دانەناوە. هەروەها دەنگی هەوادارانی PKKیش لە باکوور بێمنەت و زوڵاڵە.

گریمان PKK چەکی دانا و بەدوایدا پارتە سێبەرەکەی لە باکوور داخرا. ئەمە بەمانای کۆتاییهاتنی PKK نییە و دەوڵەتیش هەنگاوی وا ناعاقڵانە ناهاوێت. چونکە دەزانێت لە یاساکانی تورکیادا بەشی ئەوە کەلێن هەیە کە پارتێکی نوێ بە ناو و سەرکردایەتییەکی نوێوە دروستببێتەوە. PKKیش ئەمە دەزانێت و لەئێستاوە حیزبێکی ناو گریسی بۆ ئەوکات ئامادەکردووە.



دەیڤد رۆمانۆ

# سیاسەتی چەواشە لە عێراق و تورکیا

پارتی (ئاکەپە)ی دەسەڵاتدار لە تورکیا، لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات بە تۆنێکی زۆر جیاواز لە پارتە ئیسلامییەکانی پێش خۆی قسەی دەکرد. هەموو لایەکی دڵنیاکردەوە، لە کەمالیەکانی تورکیاوە بۆ هاوپەیمانەکانیان لە دەرەوەی وڵات کە ئەوان پارتێکی مۆدێرنن . بانگەشەی ئازادی و دەستەبەرکردنی مافی تاکەکانیان دەکرد لە هەڵبژاردنی عەلمانیەت یاخود ئاین. جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک نیازیان نییە تورکیا لە بەرگە رۆژئاواییەکەی داماڵن و مافی تاکەکان پێشێل بکەن. ئەو شێوازە مۆدێرنەیان سەرنجی وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکانی راکێشا و ئابووریی تورکیا رووی لە گەشە کرد و دەنگدەرانیش بە دەنگەکانیان پاداشتی ئەو پارتەیان دایەوە. سیاسەتی "سفرکێشە لەگەڵ دراوسێکان" دەردەکەوت کاریگەری هەبێت، تەنانەت جەنگە ناوخۆییەکەی وڵات لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لە کەناری چارەسەریدا بوو.

بەڵام، حوکمڕانیی چەند ساڵی رابردووی ئاکەپە، بەتایبەت لەپاش دوورخستنەوەی دەسەڵاتی سوپا لە حوکمڕانیی تورکیا بەیەکجاری، ئەو مۆدێرنبوونەوەی جارانی ئاکەپەی گۆڕی. سەرکردەکانی ئاکەپە دەستیان کرد بە قسەی نەگونجاو لەسەر هەموو شتێک هەر لە دەستتێوەردان لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی تورکیا، تاوەکو شەرعیەتی حکومەتەکانی ناوچەکە. حکومەتی ئەنقەرە بەرەو تاکڕەوی هەنگاوی نا، ئەمە جگە لە بەخشینی گرێبەستی بازرگانی تەنها بەو کەسانەی لە بازنەی دەسەڵاتەوە نزیک بوون و دژایەتی ئەوانەی نزیک نەبوون لە بازنەی دەسەڵات. هەرچەندە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی لەدژی ئەو پلانە تاک لایەنە بوو بۆ لەناوبردنی دوا پارکی سەوز و مۆدێرنی ئیستانبوڵ (کە گومانم نییە ئەو گرێبەستە درابووە ئەو کەسانەی لە حکومەتەوە نزیکن)، بەڵام خۆپیشاندانەکان تەشەنەی کرد بۆ ناوچەکانی دیکە بەهۆی هەنگاونانی حکومەت بەرەو نامۆدێرنێتی. کاتێک کەیسی گەندەڵییەکان بوونە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی وەزیرە چاوچنۆکەکان، وەڵامی حکومەت بریتی بوو لە لەسەرکارلابردنی لێکۆڵەرانی ئەو کەیسانە و تێپەڕاندنی یاسای نوێ بۆ رێگریکردن لەهەر لێکۆڵینەوەیەک لە کاروبارەکانی حکومەت. ئەو کەناڵە میدیاییانەی رەخنەیان لەو رەفتارەی حکومەت گرت کێشە و ئاستەنگی زۆریان بۆ دروستکرا.

لەئەنجامی ئەو سیاسەتانە، ئێستا کۆمەڵگەی تورکی بوون بە دوو بەشەوە، ئەمە جگە لە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لە وڵات. تورکیا وادەردەکەوێت کە لە ناوچەکەدا هاورێی نەمابێت. تەنانەت هاوپەیمانەکانیشی لە پەیمانی ناتۆ نیگەرانن لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا. گەشەی ئابووری روو لەخاوبوونەوە دەکات، چونکە وەبەرهێنەران بێزاربوون لە گوتاری ئاکەپە و لێدانەوەی قەوانی پیلانی نهێنی و دەرەکی هەرکاتێک ناسەقامگیری لە وڵات سەرهەڵدەدات. ئەمڕۆ هیچ کەسێک لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئاکەپە باس لە تورکیا ناکات وەک مۆدێلێک بۆ وڵاتانی ناوچەکە. یەکێک لە راوێژکارە باڵاکانی ئەردۆغان زۆر بە بێ باکییەوە گوتی تا ساڵی 2023 تورکیا دەبێتە زلهێزێک شانبەشانی ئەمریکا و چین، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆر کەس لەوبڕوایەدان پێشکەوتنەکانی دەیەی رابردووی تورکیا لە دارماندایە.

نموونەی ئەم دواییەی عێراق باشتر بابەتەکە روون دەکاتەوە. نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق لە ویلایەتی یەکەمی دەسەڵاتیدا دەستکەوت و سەرکەوتنی باشی هەبوو. لەژێر فشاری بەردەوامی ئەمریکییەکان، مالیکی کورد و سوننە و هێزە شیعییەکانی دیکەی لەدەسەڵات بەشدار کرد. چالاکیی چەکداری و تیرۆریستی لەساڵی 2010 دا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەوە. هەرکە ئەمریکییەکان لە عێراق کشانەوە، مالیکی داناییەکەی جارانی لەدەستدا. هەوڵیدا کورد لەدەسەڵات دووربخاتەوە و دەستیکرد بە پاوانکردنی هەموو دەسەڵاتەکان. ئینجا دەستی دایە سەرکوتکردنی سوننەکان و دەستگیرکردنی بەرپرسە سیاسییە باڵاکانیان و سەرکوتکردنی خۆپێشاندانی پارێزگا سوننییەکان. ئەم هەنگاوانە رێخۆشکەر بوون بۆ گەڕانەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکان کە ئێستا بە داعش ناسراون.

بەپێچەوانەوە، سەرکردەکانی کورد بە وریاییەوە خواست و مەبەستەکانیان پێکەوە رێکخستووە. لە کوردستان پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە حکومەتێکی یەکگرتوودا رێکەوتوون، پاشان کارئاسانییان بۆ پارتە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان کرد لە دەسەڵاتدا بەشدار بن. چەندین ساڵە، بەرپرسانی هەولێر فشارەکانی تورکیا رەتدەکەنەوە کە داوای دەکرد لەدژی پەکەکە شەڕبکەن، سەرەڕای ناکۆکییەکانیشیان لەگەڵ ئەو پارتە کوردییە. هەروەها هەولێر سیاسەتێکی دەرەکی مۆدێرنی گرتووەتە بەر لە دڵنیاکردنەوە و بەڵێندان بەوەی هیچ کێشەیەک بۆ دراوسێکانی دروست ناکات. کورد رازیبوون لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە و داهاتی نەوتەکەیان لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەی وڵات دابەش بکەن، بەڵام نەیانویستووە سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانیان بکەن (وەک رێکخستنی سەرچاوەکانی نەوت لەلایەن خۆیانەوە). لەبەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورە، بزووتنەوە کوردییەکان پەنا بۆ گفتوگۆی ئاشتی دەبەن و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دەدەن. داواکانیان زیاد ناکەن وەک ئەوەی دەبینرێ گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناوچەکە دەیکەن.



سەلام سەعدی

# سوپاس بۆ ژنانی رۆژئاڤا و پیاوانی ئێزدی

لە 24 ساڵی رابردوودا، کورد وەک جیهانێکی تازە کەشفکراو بۆ دەرەوەی خۆی و بەتایبەتی بۆ رۆژئاوا، کۆمەڵێک وێنەی جۆراوجۆر و زۆر لێکجیاوازی پێشانی دنیا داوە. هەر ئەم وێنانەش کاردانەوە و پێناسە و جۆری تێڕوانینی دەرەوەی بۆ کورد دیاری کردووە.

یەکەمجار لە وێنەی قوربانییەکدا خۆمان پێشانی دەرەوە دا، بە دیمەنەکانی کۆڕەو و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵ. زۆری نەبرد پاشماوەی ئەم کارەسات و تراژیدیایانە کەوتنە گیانی یەکدی و بۆ شەڕکردن لەسەر ئەوەی نووسەر حەمەسەعید حەسەن ناوی لێنابوو "عەرشی کەلاوە"، هێزە بیانییەکانی دەوروبەرمان بۆ قەلاچۆکردنی یەکدی پەلکێشی وڵات کرد. دواتر خۆمان وەک گەلێک کە نازانین ئیدارەی چارۆگە عەردێک بدەین و خەریکی جیاکردنەوەی ماڵین، بۆ دەرەوە نمایش کرد. لە جەنگی ئەوەی پێیدەڵێن "ئازادکردن"ی عێراقدا بووینە بەشێک لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و شەریک لە "عێراقی نوێ" و واجیهەی ئەو دەوڵەتە نوێیە.

لەماوەی ئەم ساڵانەدا، نیوەی گەل، ئەوانەی لەم ئازادییەی دوای سەردەمی سەددام هەڵاتبوون، سەری خۆیان هەڵگرت و بە ئەورووپادا بڵاوبوونەوە. بە خۆیان و کۆڵی کێشەکانیانەوە. بەخۆیان و نەریت و تێگەیشتن و نەگونجانیانەوە لەگەڵ جیهانی مۆدێرن. چ ئەوان و چ ئێمە لەناوەوە بەشدارێکی کارابووین لە بەرهەمهێنانی وێنەیەکی دیکەی کرێت. وێنەی میللەتێکی توندوتیژی نالێبووردەی ژنکوژ کە پیاوەکانی ئامادەن لەسەر وێنەیەک، سووسەیەک، گومانێک و پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ئابڕووی تکاوی خۆیان بە کوشتنی وەحشیانەی ژنەکانیان بکڕنەوە. ساڵ هات و رۆی، بە میدیا و دەسەڵات و یاسا و سەدان رێکخراوی ژنان ئەم وێنەیە نەگۆڕدرا. لەناکاو دوو کاراکتەر بە هێزی ئەفسوونایی خۆیانەوە، بەوپەڕی عەفەویەتی خۆیانەوە، لەناو کارەساتێکەوە راستبوونەوە و وێنەیەکی تەواو جیاوازیان لەبارەی کۆمەڵگای نامووسپەرستی کوردی پێشانی دەرەوە دا. وێنەی گەلێک کە ئەوپەڕی رێز لە ژن دەگرێ و متمانەی بە تواناکانی هەیە و لەهاوشانی پیاو دەیبینێ. بەرهەمهێنەرانی ئەم وێنەیە لەلایەک پیاوانی ئێزدین کە بەدەم هەنسک و ناڵە ناڵی ناخ و بەگریانی بەکوڵەوە باوەش بە کچ و ژن و خوشکە دەربازبووەکانیاندا لەچنگی تاڵانچیانی داعش دەکەن. ئەو پیاوانەی سەرلەنوێ و لەبن خێوەتدا ژیانێکی نوێیان دەستپێکردووە و ئەو تاقیکردنەوە سەختەیان تێپەڕاند و دەیانەوێ ئازارەکانی لەبیر بکەن.

بەشەکەی دیکە ژنانی رۆژئاوای کوردستانن کە چاونەترسانە لەبەرامبەر زەحفی مەغۆلئاسای جەنگاوەرانی ریشنی داعشدا وەستانەوەو پێیانگوتین کە راگرتنی پێشڕەوییەکانی نامومکین نییە.

لەوەتای شەڕ لە کۆبانی دەستیپێکردووە سەدان راپۆرتی رۆژنامەوانی لەسەر ئەم شەڕڤانە ژنانە لە میدیای رۆژئاواییەوە کراون. جیهان لەئاستی ئەم وێنەیەدا سەری سوڕماوە. وەک نووسەرێکی عەرەب گوتبووی ئەمە بۆ ئەوان هێندەی دۆزینەوەی رۆژهەڵات سەرسوڕهێنەرە. ئەمە دووبارە کەشفکردنەوەی رۆژهەڵاتە بە هەموو مانای وشە. ئەمە بۆ ئێمەش دووبارە خۆپێناسەکردنەوەیە، خۆناسینێکی نوێیە. هەنگاوێک ئێمەی بردووەتە پێشەوەو دەبێ لەم پێگەوە نوێیەوە کە پێمان لەسەر داناوە تەماشایەکی دەوروبەرمان بکەین و لەسەر بنەمای ئەم بینینە نوێیە زۆر لە شتەکانمان دووبارە پێناسە بکەینەوە.

ژنانی رۆژئاوا و پیاوانی ئێزدی بە قسە نا، بەکردەوە پێشانیاندان کە مرۆڤ دەتوانێ هەندێ نەریت لەخۆی داماڵێ. من ئەگەر لەم گۆشەیەوە تەماشای بکەم، دەڵێم داعش دیاردەیەکی پۆزەتیڤ بوو، ئێمە پێویستمان بە راچڵەکاندنێکی ئاوا هەبوو بۆئەوەی هەندێ تۆزی مێژوومان لێ داتەکێنێ، بەڵام ئەوەی لێرە بەدواوە گرنگە، جێگیرکردنی ئەم پێشڤەچوونە و تەورێفکردنیەتی بۆ هێنانەئارای تێگەیشتنێکی گشتیی نوێ کە ژن تەنیا بریتی نییە لە عەورەت. ژن ئەو زەعیفەیە نییە کە هەر دەبێ لە سێبەری پیاوێکدا چاولەدەست بژی و کڕین و فرۆشتنی لەسەر بێ و لەگەڵ ژنی عەشیرەتی ئەولا بکرێ بیگۆڕیتەوە و لەبری خوێنێک کە برا کەللەشەقەکەی رشتوویەتی بە مێرد بدرێ و ئاگری تۆڵەی پێ دابمرکێنرێتەوە. لەم رووەوە ئەو یاسایەی کە کانتۆنی جەزیرە لە رۆژئاوای کوردستان سەبارەت بە مافەکانی ژنان و رێکخستنی پەیوەندی خێزانی دەریکرد، دەکرێ وەک هەنگاوێکی زۆر گرنگ تەماشای بکەین بۆ جێگیرکردنی ئەم پێشڤەچوونە نەک هەر لە رۆژئاوا بەڵکو لە باشووری کوردستانیش. ئەو یاسایە بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ مەلای باشوور کە وەک یاسایەکی بەزۆر سەپێنراو دەیبینن، لەخۆوە و لە بۆشاییەوە نەهاتووە و بەرهەمی خەبات و بەرخۆدانی ژنان خۆیانە و بۆ هێنانەئارای ئەم تێگەیشتنە نوێیە خوێنێکی کەم نەڕژاوە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## چۆپی واز ناهێنێت

12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالَح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

